دەستەی ڕاوێژکاران

حسێن عارف

ڕەووف بێگەرد

ڕێبین ئەحمەد هەردی

سەرپەرشتی گشتی

شێرکۆ بێکەس

بەڕێوەبەری ڕۆڤار

دلشاد عەبدوللا

کارگێڕ

عـــوسمان شـــەیدا

مۆنتاجی کۆمپیوتەر

ئاسۆ سعید

7

2000/6/24

لە ڕۆڤارەوە بۆ خوێنەرانی

وەك لەیەکەم ژمارەی (ڕۆڤار)دا خوێنەرانی خۆشەویستمان ئاگادار کردۆتەوە کە لەژمارەی داهاتوودا باسی بەرهەمو ژیانی کام داهێنەر دەکەین، بۆ نموونە لە ژمارە (1) دا کە تایبەت بوو بە ئیبراهی ئەحمەد گوتمان، ژمارەی داهاتووی ڕۆڤار تایبەتە بەمحمد مەولود مەمو لەژمارەی (2) دا گوتمان، ژمارەی داهاتوو تایبەتە بەپرۆفیسۆر کەمال مەزهەر لەژمارە (3)دا گوتمان، ژمارەی داهاتوومان تایبەتە بەچیرۆك نووس لەتیف حامد لەژمارەی (4) داگوتمان، ڕۆڤاری داهاتوو تایبەتە بە سوارەی ئێلخانی زادەی شاعیرو لەژمارەی (5)دا گوتمان، ژمارەی داهاتوو تایبەتە بەشانۆ نووس محێدین زەنگنەو لەژمارە (6)دا گوتمان، ژمارەی (7)ی ڕۆڤار تایبەتە بەئەحمەد هەردی شاعیرو لەم ژمارەیەشدا دەڵێین ژمارەی داهاتوومان تایبەتە بە دەرهێنەری بەناوبانگی سینەما (یەلماز گۆنای) خاوەنی خەلاتی چلی زێڕین لە فیستڤاڵی (کان)ی سینەمایی‌داو کوردی باکوور.

ئەم ڕاگەیاندنە بۆ ئەوەیە هەموو نووسەرانو خوێنەرانی خۆشەویستی (ڕۆڤار) ئاگادار بکەینەوە کە هەرچی بابەتو زانیاریو وێنەو نامەو دەستنووسی تایبەت بەو داهێنەرانەیان لاهەیە بۆمانی بنێرن تائێمەش بەسوپاسەوە بلاویان بکەینەوە. چەنکە وەکو هەمووان دەزانین کە کارکردن دەربارەی ژیانو بەرهەمی نووسەرانی پێشوو کارێکی زەحمەتو گرانەو هەندێ جاریش تووشی هیلاکی بێ هوودەمان دەکات کاتێ ماوەیەکی زۆر بەدوای نامەیەك یادەستنووسێك یا زانیارییەك دەگەڕێین دەربارەی یەکێك لەداهێنەران کەچی دەست ناکەوێو ڕەنجەکەمان بەبا دەچێ.

بۆیە جارێکی تر بەپێویستی دەزانین ڕوو بکەینە نووسەرانو ئەرشیف دۆستان کە هاوکاریمان بکەنو (ڕۆڤار) بەنووسینو زانیارییەکانیان دەوڵەمەندبکەن.

لەهەمان کاتدا بەپێویستی دەزانین ئەوەش دووپات بکەینەوە کە ئێمە لە ئامادەکردنی هەر ژمارەیەکی (ڕۆڤار)دا دەیان ناوی داهێنەرانمان بەخەیاڵدا دێو بیری لێ دەکەینەوە هەر بۆ نموونە:

حاجی قادر- شێخ ڕەزا، شێخ نوری، ئیسماعیل بێشکچی، هێمن، سەلیم بەرەکات، حەسەن قزلچی، موحەرەم محەمەد ئەمین، بێکەس، مەحوی، خانی....هتد.

دیارە ئێمە لەکارکردندا تائەوپەڕی ئاسۆی بەرچاو ڕوونی کوردستانینو پێمان وایە ئەدەبی کوردی یەك ئەدەبەو بەهۆی باری سیاسی چۆتە چەند دۆخی جیاوە. بۆیە ئەرکیچکی سەرشانی (ڕۆڤار) لەوەدا دەبینین کەئەدیبانی کورد ئەوانەی خزمەتی کێشەی کوردیان کردووەبگرێتە خۆی.

بەو ئومێدەی لێرە بەدوا هەر دوومانگ جارێك بەرهەمو ژیانی داهێنەرێك بەدیدو باری سەرنجێکی گونجاو بلاوبکەینەوە، ئەم دوومانگەش تەنیا پەیوەندی بەکۆکردنەوەی بەرهەمو زانیاریو وێنەی ئەرشیفی‌یەوە هەیە کە دیارە ئەم کارە زەحمەتەو وردەکاری زۆری دەوێ.

ڕۆڤار

هونەرمەند جەزا بەکر

1963/لەسلێمانی لەدایك بووە./ 1988/ ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی‌بەغدای تەواو کردووە./-ئێستا مامۆستایە لەکۆلیژی هونەری زانکۆی سلێمانی/-ئەندامی گروپی هاورێیانی شێوەکارە./-ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستانە.

<u>پیشانگە تایبەتی‌یەکانی:</u>

1994 پێشانگەی (کەڤاڵی چیا)

2000 دووەمین پێشانگای تایبەتی / سلێمانی.

***

1982 -هۆڵی سورکێو./1989-پێشانگای پێشکەش بەپایزی شارەکەم / سلێمانی./1991-پێشانگای ئاوازو ڕەنگی پایز سلێمانی / هەولێر./1992-هونەرمەندانی کورد/ شاری گراتس- نەمسا./1992-پۆستەری تایبەت بە ژیانی منداڵی کورد/ سلێمانی/ سوید/ ئەمەریکا./1992-یەکەمین پێشانگەی لاوان/ خەلاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە./1994-یەکەمین پێشانگەی هاورێیانی شێوەکار / سلێمانی./1997-هەشتەمی هونەرمەندانی سلێمانی./1997-پیشان دانی کارە هونەریەکانی بەسلاید لە ئەکادیمیای (ئۆتریخت) لە هۆڵەندا. 2000-پێشانگەی (ملوانکەی چیا) لە(ماسلاوس) و(فلاردینگن) ی هۆڵەندی.

(ڕۆڤار) بلاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری‌یە

هەر ژمارەی تایبەتە بە داهێنەرێك

دەزگای چاپو پەخشی سەردەم هەر دوومانگ جارێك دەری دەکات

ناونیشان

سلێمانی -فولکەی یەکگرتن -دەزگای چاپو پەخشی سەردەم/ ڕۆڤار

ت / 29839-29609

لەدەرەوەی کوردستان

Tel: 0044162846008 Fax: 00441628477660

چاپخانە : ئۆفسێتی دلێر

ئەحمەد هەردی

شیعری کاکڵو چرایەکی کوردایەتی

شێرکۆ بێکەس

هەردی!
ناوێك .. لەگوڵی سپیی‌دار هەرمێ جوانترو
ژیانێك.. لەبەفری تازە باریو بێگەرد ترو
شیعرێکیش .. لەهەناسەی کچو باڵی پەپولە ناسکتر.
هەردی!

لەسەرەتای چرۆکردنی بەهرەو پێرەوکەبوونی وشەمدا ئەوم ناسی. من ئەو وەختە لەباڵندەیەکی بزۆزی وەك كلك هەڵسەنگێنەی بێ ئۆقرە ئەچووم و ئەویش لە دارمێوێکی چرو پری پڕۆپۆ هاویشتووی بەهێشوو قورس بوو لەهەرەتی پیاوەتیداو، ئەزموونی بەبرشتیشی سێبەری خۆشەویستی بۆ ئەکردم.

بەر لەبینینی چاوە بەپریشكو سەرنجە ووردو تیژەکانی، بەر لەتێکەڵاو بوونی لاولاو ئاسای هەڵزناو بەپەنجەرەکانی بیرو ڕەوشتی بەرزو سپی ئەودا..

بەر لەهۆگر بوونی ڕۆحم بەقسە هێورو داناردانارەکانی.

منی هەرزەکاری تازە سەر لەهێلکە جوقاوی شیعر، عاشقی بۆنی خۆشی کچو شەیدای وشەی تەلیسماوی، ((ڕازی تەنیایی)) یەکەی ئەو کلاوڕۆژنەی خەون و ئاوێنەی ژوورو گوڵدانی ژوور سەرم بوو. لەو سیحری زمان و شەوقدانەوەی خەیاڵ و لەنجەولاری ڕستەو کانیاوی وێنانەوە، زمانی کوردی بوو بەقیبلەیەکی تری بوون و چارەنووسم.

کە بۆ یەکەم جاریش لەڕۆژێکی پاراوی بەگیاوگوڵی بەهاری سلێمانیدا، ڕووبەڕوو ئەوم بینی، لە ساتەدا وام هەست ئەکرد، چوومەتە بەر ئەو خەوەی هاتۆتە دیو بووم بەهەنگێگی باڵ شیلاوی لەباخچەکانی هۆنراوەی شیرینی ئەودا.

((سوپاس بۆ ئەو ڕۆژەو ئەو ڕێکەوتەو ئەو سەردەمەی ئەوم تیا ناسی))

لەو وەختەوە ئیتر چۆن پەپولەیەك لەخەرمەنی گوڵ نابێتەوەو، خولیا لەعەشقو، خەیاڵ لەڕوانینی شاعیر، منیش لەو نەبوومەوە.

ئەوسا منی بێ باوكو بێ ماڵ لەبەشی ناوخۆی قوتابخانەیەکدا ((کەلەنسێی هەتاو نەدیو ئەچوو)) فرمێسکی سەر شووشەی پەنجەرەی ئەو ژوورانەبووم کە گریەو کرووزەی تەنیاییمیان بۆ ژێر نەئەکرایەوەو، هیچ ئاسۆیەکی دڵدانەوەی بەسۆزی دایکم و خوشکەکانمیان لێوە دیار نەبوو، لەو دەمەدا ((ڕازی تەنیایی)) هەرتەواو بالا ئاوێنەیەکی باری دەروونی و ژیانی تەنیایی و ویردی سەر زاری ڕۆحی شپرزەو کتێبی تەمتوومانی ناو دڵی من بوو.

بەلام نابینی ئەو ڕەوەزە بەتەنها هەر شیعر پێناسەی نەبوو. ڕاستە شیعر بردمیە بەر گزنگەکانی و ئەو زمانەی کرد بەیەکەم پردی پەیوەندی و بەستنەوەی من بەگوڵزاری خۆشەویستی ئەوەوە.

بەلام ئێمە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژیان بەهەموو هیواو ئاڵۆزیەکانی خۆیەوە ڕێچکە پرسیاری لا ئەوروژاندو منیش هەفتەو هەفتە بە قژی بژو کتێبێك لەبن هەنگڵدا رووم ئەکردە گەرەکی گۆیژەو خۆم ئەکرد بەماڵی مامۆستاداو مامۆستایش بەو پەڕی ڕووخۆشی و سنگ فراوانی و هێوریەوە نەك هەر وەڵامی پرسیارەکانی ئەدامەوە. بەڵکو خۆی چەندین دەرگای تازەی زانیاری جۆر بەجۆری لەسەر عەقڵ و هۆش‌وفامی هێشتا نەپشکووتووم ئەکردەوە. کتێبخانەکەی پشت سەری یەکەمین باڵە خانەی پڕ لەهەتاو بوو کەناو بەناو کتێبێکی ڕووناکی ئەکردمەوە. هەر لەو ژوورەداو لەسەر زاری مامۆستاوە گوێم لەچەندین چیرۆکی مێژوویی شەلاڵ بەخوێنی میللەتەکەم بوو، هەر لەشۆڕشی دەرسیم و ئاگری داغ و ڕاپەرینەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە تا ئەگاتە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر.

بیرمە لەسەر کەسێتی شێخ مەحمود زۆرتر ڕائەوەستاو ئەو یادگاریانەیشیی ئەگێڕایەوە کەوەختێ لەبەغدا خوێندویتی و لەو سەردەمەدا شێخ لەوێ دەست بەسەر بووەو ئەم بەردەوام هاتووچۆی کردووە، باسی فەراسەت ناسی ئەوی بۆ ئەکردین و هەموو جارێکیش ئەو لێکدانەوە هەڵەیەی ڕاست ئەکردەوە کە ((گوایە ئینگلیز ویستویتی کارێ بۆ کورد بکا شێخ مەحمود نەیویستوە)) لەم بارەیەوە ئەیوت ((ئێ باشە ئینگلیز یەکێك لەپیاوەکانی خۆی بکردایە بە حوکمڕان، لەبنەڕەتدا، ئینگلیز بەرژەوەندی خۆی لەوەدا نەبینیوە کە ئەم کارە بۆ کورد بکات))..

ماڵی مامۆستا بۆ من شوێنی هۆشیار کردنەوە بوو.

ماڵی چراکانی کوردایەتی و ماڵی بیری کوردستانیی بوو.

ئەو فێری کردم کەمن ئەم نەخشەی کوردستانە بەیەك چاو تەماشا بکەم و هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆشەویستی ئەم وڵاتەدا نەبینم هەموو تێڕوانینێکی ئیقلیمی ڕەت بکەمەوەو پێوانەم پێوانەی کوردستانیی بێ.

لەزاری ئەوەوەو بۆ یەکەم جار ناوی چەندین کەڵە پیاوی مێژووی نەتەوەکەم بیست. نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو بەقوڵی چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی یەکەیەکەی ئەمارەتە کوردیەکانی بۆ ئەگێڕاینەوە دەست نیشانی هۆکارەکانی پارچە پارچە بوونی ئەم وڵاتەی ڕوون ئەکردەوە تێی ئەگەیاندین ((یەکێتی نەتەوەیی کورد لەیەکێتی بیری کوردستانیەوە سەرچاوە ئەگرێ)). بیرمە لەساڵانی 1958/1959دا. ئەوکاتەی لەڕێگەی هەندێ حزبەوە، لەڕێگەی پرو پاگەندەی ڕۆژانەوە شەپۆلی فیکری عێراقچیەتیەکی توند ڕەوانە ئەم بەشەی کوردستانی گرتبۆوە وکار گەیشتبووە ڕادەیەك کەناوی کوردستان هێنان و سەر ((لەبەردان وەکو یەك وابوون)). بەتوندی ناولێنانی ((کوردستان)) لەڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان وئافرەتان جێی گاڵتەی ئەو سیاسەتە چەوتەبوو، مامۆستا هەردی، یەکێك بوو لەو ڕووناکبیرانەی کەبەمەنتیقی زانستی و عەقڵی کراوەوە ڕووبەڕووی ئەو لۆجیکانە ئەوەستایەوە-هەر لەو ساڵانەدابوو، وەك بێتەوە بیرم، زنجیرەیەك موحازەرەی ئەدەبیی بۆ شیکردنەوەی شیعرەکانی گۆران بە هەڵبژاردەیەك مامۆستایانی قوتابخانەکان وتەوە. مەبەستی سەرەکی مامۆستا هەردی لەوتنەوەی ئەو وانانەدا ئەوەبوو، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا، کە

3

شاعیرێتی ((گۆران)) لەچاوی ئایدۆلۆجیایەکەوە تەماشاناکریٚو ئەوانەی لەم ڕوانگەیەوە شیعرەکانی هەڵئەسەنگێنن. بەهەڵە لەهونەری شیعری گۆران گەیشتون. بەڕاستی هەر مامۆستا هەردیش بوو کە بۆ یەکەم جار بەشی کردنەوە هونەریەکانی، شیعری گۆرانی لا خۆشەویست کردم، بەلای ئەویشەوە ئەوەندەی مەزنی گۆرانی لەشیعرەکانی سروشتو جوانیی ژندا ئەبینی کەمتر هەمان گوڕو تیٖنو بەخشینی لەشیعرە سیاسیەکانیدا بەدی ئەکرد. هەر لەزاری مامۆستایشەوە بۆ یەکەم جارو بەدورودرێژی لە ((شیعری مەهجەری عەرەبی))و لەشیعرەکانی میخائیل نوعەیمەو جوبرانو هەروەها لەلایەکی ترەوە لە دنیای شیعری ((ابو قاسم الشابی)) شارەزابووم تەنانەت چەند جار هەر لەبەر بەشێك لەو شیعرانەی ئەخوێندەوە بەئیلقایەك کەتائێستەش لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە ((نحن نمشی وحولنا هاتە الاکوان تمشی / ولکن لای غایە؟ هتدد..

هەرلەماڵی مامۆستا هەردیش بوو کە بۆیەکەم جار هەردوو شاعیری ناسراوی کورد شێخ نوری شێخ صالحو فانیم بینی. ئەو هەمیشە باسی چەند روناکبیرو ئەدیبێکی ئەکرد کەلەژیانی ئەودا دەوری لەبەر چاویان هەبووەو هەمیشە ناویانی ئەهێنا لەوانە : فایەق بێکەسو ئیبراهیم ئەحمەد.

من بۆ خۆم لەکەسێتی مامۆستا هەردیدا چەند خاسیەتێك سەرنجی ڕاکێشابووم:

خۆپەرست نەبوو سادەو هێورو لەسەر خۆبوو، بڕیاری پەلەی نەبوو، ئەچووە بنج و بناوانی هەر شتێکەوە کە بویستایە ڕایەکی دەربارە بڵێ سەدجار ئەمدیو ئەودیوی بەمەسەلەیەك ئەکردو لەهەموو ڕوویەکەوە لێکی ئەدایەوە. هەرگیز ڕق ئەستورو توند ڕەو نەبوو، ئاسۆیەکی گەورەی کوردایەتی بەلای ئەوەوە ئاسۆی مرۆڤایەتی بووە، بەوردی گوێی لەهەموو ڕایەکی پێچەوانەی خۆی ئەگرت. کەسی نەئەشکانو لەپاش ملە باسی کەسی نەئەکرد. ئەوەی بیری لێنەئەکردەوە ماڵی دنیاو دەستکەوتی خۆی بوو. کەم کەسم بینیوە ئەوەندە عیزەتی نەفسی بەرز بێ. بیرمە وەختێ بۆ یەکەم جار شۆڕشی ئەیلول بەرپابوو ئەوساتەی لەلایەن جەنگاوەرانی کوردەوە هەردوو دەربەندی بازیانو دەربەندیخان گیرابوون، ئەو ئەم کارەی بەهەڵە لەقەڵەم ئەداو بەووردی ئەوەی بۆ شی کردینەوە کەجیاوازی چیە لەنێوان (شەڕی نیزامی)و (شەڕی چەتەگەریدا) بۆ ئەمەیش نموونەی قسەکانی هەمیشە ئەزموونی چین بوو ئەو پێی وابوو (پێویستە بەرلەهەمووشت شۆڕش لەناو عەقڵی نەوەی کورددا بۆ هوشیار بوونەوە بەرپابێو ئینجا دەست بەریتە چەك) جگە لەخوێندنەوەی بەردەوامی بەتایبەتی کتێبە فەلسەفیەکانو مێژووییەکان یان ئەوکتێبانەی کەباسیان لەچۆنیەتی پێکهاتەی نەتەوەیی میللەتان ئەکرد وەکو یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بەردەوامیش گوێی لەڕادیۆی B B C ئەگرت کە بۆ ئەو کاتە یەکێك بوو لەکەناڵە گرنگەکانی دەنگو باسو هەواڵی دنیا.

مامۆستا هەردی لەشیوعیەکانی ئەو سەردەمە زیاتر شارەزای تیوریەکانی فیکری مارکسی بوو. ئاگاداری هەموو ئەو بزووتنەوە سیاسیانەبوو کەلە دنیاو ناوچەکەدا هەبوون. من بۆ یەکەمجار لەڕێی زانیاری ئەوەوە زانیم (حزب السوری القومی- الاجتماعی) (ئەنتۆن سەعادە) چییەو پرۆژەی سیاسیان لەسەر چی بنیاتنراوە. هەر بۆ یەکەم جاریش لەوم بیست ((حزب البعث العربی الاشتراکی)) چییەو چۆن وڵاتی کوردیش بەوڵاتی عەرەب لەقەڵەم ئەدەن. تەنانەت هەر بەعەرەبی ئەو بڕگانەی کەلە پرۆگرامی سیاسیاندا هەبوون لەبەر کردبوو.

لەسالانی شۆڕشی ئەیلولدا چەند جارێك خۆی هەڵوێستی دلێرانەی چوونە پاڵ شۆڕشو پێشمەرگەی کوردی هەڵبژارد. وەك بیرمبێ لەسەردەمی قاسمدا ئەو یەکێ بوو لەو مامۆستایانەی بەتوندی ڕەفزی ئەوەی کرد هیچ شتێ دژی شۆڕشی کورد ئیمزا بکات. ئەمە لەو کاتەدا بوو کەهەندێ هێزی سیاسی بەناوی دژی کۆنەپەرستیەوە کەوتبوونە ئیمزا کۆکردنەوە. لەسەردەمی یەکەمی بەعسیشدا دواتر لەسەردەمی حوکمی عبدالسلامو عبدالرحمن عارفدا یەکێك لەهۆیەکانی چوونە دەرەوەی مامۆستا هەردی ئەوەبوو، هەڵوێستی جوامێرانەی نێو شاخو داخ هەڵبژێری بۆ ئەوەی ناچار نەبێ بکەوێتە هەندێ هەڵوێستەوە کەزیان بەکەسێتی وەتەنیو ئەدەبی بگەیەنێ. کتێبخانەکەی پڕ بوو لەسەرچاوەی مێژوویی، ئەدەبیو فیکریو هەمە جۆر من یەك دوو جار دیوومە تووڕە بووە ئەویش لەسەر کتێبەکانی بووە. کەدەستکاری کراوە، یان کتێبیان بردووە بۆیان نەگێڕاوەتەوە.

یەکێك لەو پرسیارانەی کە هەمیشە کراوەو ئەکرێ ئەوەیە بۆچی مامۆستا هەردی لەدوای ڕازی تەنیاییەوە نەچۆوە بەلای شیعر نووسیندا، من بۆ خۆم یەکێك بووم لەو مێملانەی کەچەندین جار ئەم پرسیارەم لەخۆی کردووە: بەلای منەوە هۆکاری یەکەم بۆ بڕوای مامۆستا هەردی خۆی ئەگەڕێتەوە کەپێی وابوو: ئەرکی مێژوویی و نەتەوەیی و وسیاسی گەورەو لەپێش تر هەیە کە پێویستە روناکبیرانی کورد خۆی بۆ تەرخان بکەن، ئەو خەمی نەتەوەیەکی لەخەمی شیعر بەلاوە گەورەتر بوو. هۆشیار کردنەوەی نەوەی تازەی پێ لەپێشتر بوو. هەموو جارێکیش ئەوەی ئەوت ((شیعر یان هەر هونەرێ وەك مەشخەڵێکی داگیرساو وایە لەناو دەرووندا، کە ئەو مەشخەڵە کوژایەوە جا ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بێ، شاعیر بەئاسانی بۆی داناگیرسێتەوە))

لەنێو ئەدەبیاتی کورددا، ئەو ئاماژەی زۆری بۆ بەرهەمەکانی مامۆستا برایم ئەکرد. شیعری نالی ئێجگار بەرز ئەنرخاند. هەمیشە هەڵوێستی ئازایانەی بێکەسی ئەگێڕایەوە چ لەڕاپەڕینی شەشی ئەیلول 1930داو چ لە خوێندنەوەی شیعری بیستو حەوت ساڵەدا بەرامبەر ئەدمونزی موستەشاری ئینگلیز لە گردی مامەیارە، لە چایخانە بچکۆلەکەی (مام صالح)یش کەلەسەر شەقامی مەولەوی بوو. کۆمەڵی ڕووناکبیری ئەو کاتە ڕوویان تێ ئەکرد هەر لەوێ ڕژێك لەڕێی مامۆستاوە پیاوێکی

باریکەلەی بێدەنگم ناسی ئیتر بووم بەناسیاوی کە ئەویش مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر بوو. هەر لەهەمان چایخانەشدا مامۆستایان قادر دیلانو محمد صالح دیلانو کامەران موکریوزۆری ترم ناسی.

من لە کتێبخانەکەی مامۆستاوە کتێبەکانی مێژوونووسی گەورە محمەد ئەمین زەکیو حسین حوزنی موکریانیم وەرگرتو خوێندەوەو لەکاتی خۆیدا ئەمبردنەوەو ئیتر ئەویش کەدڵنیا بوو کتێبەکانی بەسەلامەتی ئەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. داوای هەرکتێبێکم بکردایە دەستی بەڕوومەوە نەئەنا. چونکە بەڕاستی لەو سەردەمەدا کتێبخانەکەی ئەو یەکێك بوو لەکتێبخانە دەوڵەمەندەکان، مامۆستا هەردی زۆربەی زۆری ڕۆژنامە نووسە جیهانیەکانی ئەناسی تولستوی، تورجنیف، ئەمین زۆلا-بلزاك- باسی ئەکردنو من لەبیرمە بەوردی دەربارەی فاوستەکەی گوتە قسەی ئەکردو تەنانەت هەندێ پەرەگرافی ئەو شاکارەی لەبەر کردبوو.

بێگومان هەندێ جار لەوسەردەمەدا شیعرە کاڵو کرچەکانی خۆمم بۆ ئەخوێندەوە- ئێستە ئەزانم کە چەند کۆڵەواربوون بەڵام مامۆستا گوێی ئەگرتو نەی ئەوت ئەم شیعرانە باش نین. لەجیاتی ئەوەی ڕاستەو خۆ وابڵێت، دەستی ئەکرد بەلێدوان دەربارەی بۆ نموونە شیعرێکی گۆرانو ئیتر تێی گەیاندین کەشیعری جوان چۆنە. بەڵام لەبیرمە لەساڵی 1963/1961دا شیعرێکی خۆم بۆ خوێندەوە، ئەمجارەیان تەماشایەکی کردو پێی گوتم ((ئەم شیعرەت باشە)). ئەبێ ئەوەیش بڵێم لەناو شاعیرە گەنجەکانی ئەو سەردەمەدا ئەو ((جەمال شارباژێڕی)) لەهەمووان زیاتر بەدڵ بوو.

بەداخەوە مامۆستا هەردی لەکاتی خۆیدا ئەو پڕۆژەی نووسینانەی باسی ئەکردن لەمەیدانی باسی مێژوویی و یان سیاسی یان ئەدەبیدا نەی ئەخستە سەر کاغەز لەم ڕووەوە سست بوو، من خۆم باشم بیرە کە جارێکیان بیرۆکەی نووسینی ڕۆمانێکی مێژوویی بۆ باس کردم کەپەیوەندار بوو بەیەکێك لەئەمارەتە کوردیەکانەوە چەندین جار پێشبینی سیاسی ئەکرد چەندین جار باسی ئەوەی ئەکرد کەبەشێك لەبیرەوەریەکانی خۆی بنووسێ زۆر جار بەدوروو درێژی باسی بزووتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی لە سەردەمی هیواو ژێ کافدا ئەکرد. لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمیشدا دۆستایەتی هەبوو. خۆشی ئەویست. بیرمە لەکاتێکدا کە ڕاپەڕینی گەلی مەجەڕ دژی دیکتاتۆریەتی سۆڤیەت بەرپابوو. ئەم پێشبینی ئەوەی کرد کە بەئاگرو ئاسن دای ئەمرکێننەوە. مامۆستا لەوکاتانەدا یەکێك بوو لەو ڕوناکبیرانەی کەمەسەلەی (مافی نەتەوەیی بۆ گەلانی سۆڤیەتو جەمهوریەتەکانی ئەویٚو دیموکراسیەتی داتاشراوی ئەو دەوڵەتەی کەبەدرۆودەلەسەو پڕو پاگەندەی سیاسی ئەزانی) هەموو جارێ ئەیوت ((ئەو دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریەی باسی ئەکەن هەر دیکتاتۆریەتەو هیچی تر)) یان ئەی وت ((دیموکراتیەتی مەرکەزی پاوان کردنی

دیموکراتیەتەو زاراوەیەکە بۆ ئەوەی دیموکراتی بخنکێنن))

لەناو سەرکردە عەرەبەکانیشدا زۆر بەرز جەمال عبدالناصری ئەنرخاند بەڵام مامۆستا پێی وابوو (اتحادی اشتراکی عەرەبی) جەمال عبدالناصر- بەزۆر داتاشراوەو جێگەی ئەو حیزبە ڕاستەقینانە ناگرێتەوە کە لە (قاعیدەوە) بۆ لووتکە ریزەکانی خۆی دروست ئەکات.

من بۆ خۆم ئاگام لەچۆنیەتی دروست بوونی بزووتنەوەی (کاژیك) نی یە واتە لەو هەڵو مەرج و کەسانەی کە دەوری سەرەکیان لەم بزوتنەوەیەدا هەبووە بەڵام لەڕێگەی تێکەڵاو بوونمەوە ئەوەم بۆ ڕوون بووە، بەتایبەتی لەساڵانی دواتردا، بەتایبەتی لەڕێگەی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمینی خزممەوە، کەیەکێك بوو لە لاوە روناکبیرەکانی ئەو سەردەمە، تابڵێی نزیکیش بوو لەمامۆستا هەردی یەوە، کەبنچینە نەزەری و هێڵە وردەکانی (کاژیکیان) کە بەکتێبی یەکەمی ئەو بزوتنەوەیە لەقەڵەم ئەدرا ، لەلایەن مامۆستا هەردی یەوە ڕەنگ ڕێژ کراوەو دواتریش مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر بەزمانە کوردی یە ڕەوان و بێگەرێ و گۆڵەکەی دایڕشتۆتەوە. جائیتر جاری تر نوسراوەتەوە یان دەستکاری کراوە من ئاگادری ئەوەیان نیم. ئەوەی ڕاستی بێ مامۆستا هەردی هەرچیەکی کردبی، ئەو کاتانەو دواتریش-سەرکەوتوو بووبێ یان سەرنەکەوتوو، بەپاکی و جوانی کردوێتی، تا ئێستاش ڕۆژێ لەڕۆژان مامۆستا هەردی هیچ ئیدعایەکی لەم بارەیەوە نەکردووە. ئەم چەند دێڕەشم بۆیە نووسی چونکە لەم دواییەدا شتی سەیرو سەمەرە لەم بارەیەوە نوسران و بڵاوکرانەوە.

من بەپێی ئەزموون و تێکەڵاوی خۆم لەگەڵ مامۆستا هەردیدا بەر لەدروست بوونی (کاژیك) هەموو ئەو هێڵە ئاساسیانەی لەو کتێبەدا هاتوون، بەدەمی لەوم بیستوون و هەر بەدەمیش هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی بۆ شیکردوومەتەوە. چونکە هەردی بەتەنها هەر خاوەن بەهرەو شاعیرێکی ناسراو نەبوو، بەڵکو ڕووناکبیرێکی گەورەی ئەو سەردەمەی خۆشی بوو. هەمیشەیش شەرمی ئەکردباسی هیچ دەورو کاریگەری خۆی لەسەر کەسانی تر بکات، خاوەنی هیچ هاشو هوش کردن و خۆ هەڵدانێك نەبوو، تا ئەم ساتەوەختەیش هەروایە. هەروەکو ئاماژەیشم بۆ کرد مامۆستا قەد لەپیاوە توند ڕەوو دەمارگیرەکان نەبووە ئەو بەردەوام شاعیری لەناخیدا بووەو بەردەوامیش شاعیرانەو بەبێگەردی تەماشای هەموو پەیوەندیەکانی نێوان خۆی و هاوڕێییەکانی کردووە. ئەو ئەیزانی بە ڕۆمانسیەتەوە نابێ سیاسەت بکرێ و بەڵام بۆ خۆشی نەی ئەتوانی خۆی لێ دەرباز بکات.

مەرامی گەورەی ئەم پیاوە هەمیشە لەهەموو دەورێکدا هەر ئەوەبوو کورد بەیەکێتی ریزەکانی خۆی بگاتە ئازادی و هەموو جارێکیش ئەی وت ((ئێمە خاوەنی هیچ شتێك نین و نابین تاکورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نەبێ))

ئەوەتەی منیش بیرمە لەڕووی تەندروستی یەوەو لەکۆنەوە مامۆستا هەردی نەخۆشی تەنگە نەفەسی لەگەڵدابووە. بیرمە هەر کاتێ ڕەشەباو تەپ و تۆز بوایە ئیتر ئەو پەرێشان ئەبوو: بە سروشتیش هەمیشە هەر شپرزەو درەنگ بڕیارێکی ئەدا، بەڵام ئەو وەختەی بڕیاری لەسەر هەرشتێ بدایە ئەیکردو پاشگەز نەئەبۆوە.

من چەند جارێکیش لەژیانی خۆم دا ئەوم بەپەستی و نیگەرانی دیوەو دواتریش بەسەریدا نەخۆش کەوتووە. یەکەمیان: ئەوساتەی کوڕە گەورەکەی (دارا) بووبەکارەباوەو گیانی لەدەست دا. دوەمیان دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و تەسلیم بوونەوەی پێشمەگە بەئێران و بە عێراق. لەدوای سەرهەڵدانەوەی موقاوەمەیش لە کوردستاندا جارێك لە دانیشتنێکدا وتی ((بەڕاستی ئەمانە کەرامەتی ئێمەیان کڕیەوە)) مەبەستی لە دروست بوونەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی ئەو کاتە بوو. ڕێکەوتووە لەگەڵ مامۆستا چەندین سەفەرمان بە کۆمەڵ و بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کەسەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی بوو بۆ بەغداو هەولێرو شارەکانی تر پێکەوە کردووە. خۆ ئەگەر دانیشتن و کۆڕێکی بەدڵ بوایە، ئیتر خۆی ئەکەوتە گێڕانەوەی یادگارەکانی. بیرمە هەموو جارێکیش، لەو کۆڕانەدا-کە پەرداخەکەی هەڵ ئەبڕی شیعرەکەی مستەفا بەگی ئەخوێندەوە:-

سەبا ! یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من ئەپرسن لێت

بڵێ کێشایە مەیخانە دووچاوی بێچووە عەییارێ!.

لەنێوان ساڵانی 1965/1956 دا واتە ئەو سەردەمەی کەپێشتر لێی دووام و هەموو هەفتەیەك ئەچووم بۆ ماڵەوە بۆ لای- گەڵێ جاریش بۆ نانی ئێوارە گلی ئەدامەوە- جاناکرێ لێرەدا دوای ئەو هەموو ساڵانەیش باسی سەعدیە خانی هاوسەری مامۆستا نەکەم و سوپاسیش بۆ دەست ڕەنگینی و چێشتە خۆش و بەتامەکانی دووبارە نەکەمەوە، ئەو ژنەی کەلەهەموو تاڵی و سوێریەکی ژیاندا شێرە ژنانە لەگەڵ مامۆستادا بووەو ئەرکی گەورەیش هەر بەسەر شانی ئەوەوەبووە- لەو سەردەمەدا بیرمە هەمووجارێ بەکوڵ و لەدڵەوە یادی مامۆستاکانی خۆی و ئەو سروودانەی ئەکردەوە کەپێیان وتبوون. من بۆ خۆم چەند جارێ بەدەنگی خۆی سروودی ((ئەی وەتەنی کوردی ئازین))م لێ بیستووە، خۆیشی دەنگێگی گڕی شیاو بۆ سروودی پێوە بوو. هەر لەوکاتەیشەوە من ئەو سروودەم لەبەرەو هەرگیز بیرم ناچێتەوە، لەخوێندنەوەو ئیلقاکردنی شیعریشدا کەم کەسم بینیوە ئەوەندەی مامۆستا شیعر بەجوانی بخوێنێتەوە لەمەڕ وشەوە من هەر خۆم بەقەرزاری ئەو ئەزانم کە چۆنیەتی شیعر خوێندنەوەی فێرکردم .

لەباسکردنی شاعیرانی عەرەبیشدا، خۆی گێڕایەوە کە لەکاتی خۆی دا لەبەغدا یەك دوو جارێ لەگەڵ ((بدرشاکر السیاب) دا دانیشتووە. ئەتوانم بڵێم تەواوی شیعرە درێژەکەی ((ایلیا ابو ماضی)) ((لست ادری)) لەبەربوو. زۆربەی زۆری چیرۆکە مێژووییەکانی (ئەلسسکەندەر دۆماسی) خوێندبۆوە. بۆ یەکەم جار ئەو باسی رۆمانی (تاوان و سزای) دیستوفسکی بۆ کردم. بەر لەهەر کەس ئەو ((پوشکین))ی بەمن ناساند. نووسەری گەورە "ستیفان زفایج" و ڕۆمانە بەناو بانگەکەی (نامەیەك لەژنێکی نەناسراوەوە) ئەو بۆی باسکردم. بیرمە هەموو جارێك ئەی ووت ((پیاو شت نەنووسێ بەڵام کەنووسی ئەبێ بەو جۆرە بنووسێ))

چەندین پەرەگرافی نووسینە جوانەکانی مامۆستا برایم ئەحمەدیشی لەبەر بوو وەختێ باسی کوردی نوسینی بکردایە ئەوانەی بەنموونە ئەهێنایەوە. بیرمە جارێکیان لەکۆڕێکی چەند کەسیداو هەر لەماڵی خۆیان نیو سەعات زیاتر باسی لەو جوانکاریانە کرد کە لەشیعری ((جوانی بێناو))ی گۆراندا هەیە، جیاوازی لەنێوان دوو جوانیی جوانیەکی ساکارو سادەو جوانیەکی زەقی بەئاشکرایش. هەر لەو سەردەمەدا ئەوەی گێڕایەوە کە جارێگیان لە مامۆستا گۆرانی پرسیوە: خۆت چی ئەڵێی دەربارەی ئەو شیعرانە واتە جوانی بێ ناوو هەردوو گەشتەکەی قەرەداخ و هەورامان یان دەروێش عەبدوڵڵاو لەولایشەوە شیعرەکانی بۆ میهرەجانی بوخارست و هەندێکی تر لەوەڵامدا بەمامۆستا هەردی وتبوو: ((من ئەو شیعرانەی ترم بۆ خۆم نەنووسیبوو)) قەتیش ئەو ئێوارەی هاوینەم لەبیر ناچێتەوە کەرێکەوتێکی خۆشی منی لەگەڵ ئەو دووکەڵە شاعیرەدا ، لەچایخانەکەی بەردەرکی سەرای (حاجی صالح) کۆکردبۆوە. ئەوان بەگەرمی لەبارەی شیعری کوردی و بیرمە بەتایبەتی شیعرەکانی نالی و مەحوی قسەیان ئەکردو منیش گوێ قوڵاخ بووبووم.

من لەئەزموونی شیعری مامۆستا هەردیدا جگە لەوەی پوخت بوونەوەی دەربڕین و هەوێنی شیعر ئەبینم لەهەمان کاتیشدا هەست ئەکەم ئەو هەر ئێجگار راستگۆ بوو، لەگەڵ خۆی دا چونکە ئەوکاتەی کەزانیوێتی ڕەنگە نەتوانێ بەهەمان بەخشین و گوڕو تینی جارانیەوە شیعر ببزوێنێ بێدەنگ بووە. ئەم بێدەنگ بوونە یەکێك لەجوانترین خاسیەتەکانی ئەم پیاوە گەورەیە. ئەوەتا بەچەند شیعرێکیش لەبەرزترین ڕەفەی کتێبخانەی شیعری کوردیدا ئەدرەوشێتەوە.

هەردی

ناوێک.. شیعری لێ ئەچۆڕێتەوەو

تەمەنێک.. لەئاوێنەی گوڵ ئەچێت و

رابوردویەک.. پڕ لەهەڵوێستی جوامێرانەو

مامۆستایەک.. چەندین نەوەی بەبیری پاکی

کوردایەتی گۆشکردو

ئێمەی شاگردی ئەویش ئەومان لەدڵدا هەڵگرتووەو

لەئێستەیشدا تەمەنی لەسەد ساڵ زیاتری بۆ

ئەخوازین و

بەهیواین بەدیداری شاد ببینەوە..

هەردی! باخێک لەجوانی پاکی و خۆشەویستی، هەردی!

2000/5/31

***

ئەحمەد هەردی

کەژێک وتی:

لەڕۆژێکدا هەزار ڕەنگ‌و هەزار ئاواز

ئاوێزانی باڵم ئەبن

بەردم ئەکەن بەپێشانگاو

درەختم ئەکەن بەشمشاڵ

بەڵام وەختێ کە شەو داهات

تەنها هەر یەک دوو ئاوازێ

یەک دوو ڕەنگێ

ئەبنە پلپلەی خولیام‌و

لەناو چاوو لەگوێچکەمدا ئەمێننەوەو

لەگەڵ بادا ڕامئەژەنن‌و

خەیاڵم ئەکەن بە گوڵدان.

« تۆ بڕوانە

پەلکە ڕەنگینەکەی باڵای

ست فاتیمەو

مۆسیقاکەی لەنجەو لاری‌و

شەپۆلەکانی ناو بەستەی »

کچێک وتی:

بەم ڕۆژگارە هەزار پەیڤی

کوڕی دڵدار

پەپولەن‌و لەقژمەوە

ئەئاڵێن‌و

چاوم ئەکەن بەئەستێرکی ئەوینیان‌و

سنگم ئەکەن بەگوڵجاری فڕینیان‌و

بەڵام وەختێ کە شەو داهات

ویستم لەتەک شیعرا بنووم

هەر بەتەنها دووسێ پەیڤێ

لەباخەڵما ئەمێننەوەو ئەجریوێن‌و

لەگەڵ قژما سەر ئەکەنە سەر سەرین‌و

لە خەویشما

ئەبن بەڕێی مانگە شەوێ.

« تۆ بڕوانە

ئەو شەقامەی، چاوەڕوانیی

تیا ئەپشکوێ‌و تیا ئەوەرێ‌و

ئەو دنیایەی لەجوانیمدا تواوەتەوەو

ئەو نامەیەی

خواوەندی عەشق بۆم ئەنێرێ»

شیعریش وتی:

بەم ڕۆژگارە هەزار وشەو هەزار ڕستە

ئەبن بەپۆلە باڵندەو

شەقژنیانەو ئەیانەوێ

بگەنە فەزایبڵندم‌و

مەملەکەتی سیحراوی من بدۆزنەوە.

بەڵام دوایی

هەر بەتەنها چەند فڕێنێ

ئەبن بەورشەی زمانم‌و

چەند شاعیرێ بەبارانی هەورەکانم‌و

لەناو فەزای فانتازیما ئەمێننەوە.

«تۆ بڕوانە

«ڕازی تەنیایی»و تەلیسمی

بەرپەنجەرەی وەرزەکانی.

تۆ تەماشای ئەو شۆڕشەی نائومێدیی

بەرپای کردوو، ئەو تانگۆیەی

لەگەڵ خۆیدا لەرەی ڕەنگ‌و سەمای دەنگ‌و

زەردەخەنی وشەی هانی»

200/5/29

شێرکۆ بێکەس

ڕووبەڕو
لە سێبەری چیادا

چاوپێکەوتنی (هەڤاڵ کوێستانی)یە لەگەڵ (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیردا. دیسمبری 1985

*کۆمەڵە شیعری ((ڕازی تەنیایی)) مامۆستا هەردی لەنێوان چاپی یەکەم‌و چاپی دووەم دا، چۆن بەراورد ئەکەی؟

-لەزۆر دەمێکەوە وەك تینوی چاو لە ئاو-خوێنەران‌و شیعر دۆستان‌و شاعیران چاوەڕوانی ئەوە بوون جارێکی تر چاوو دڵیان بەم بەرهەمە ناسکەی مامۆستا هەردی ڕوون بێتەوە چونکە بەبچوکی خۆیەوە جێگەیەکی دیاری لەدنیای شیعری هاوچەرخی سەردەمێکی شیعری کوردیدا بۆ خۆی کردۆتەوە. بەبڕوای من مامۆستا هەردی بە شیعرەکانی- ڕازی تەنیایی-دەنگ‌و ڕەنگ‌و سیماو هونەری شیعرێکی جیاوازتری لەو سەردەمانەدا هێنایە نێو شیعری ویژدانی‌و ((غەزەل))ی کوردی تازەوە کە لەیەکەم سەرنج دانەوە هەست بەتایبەتێتی ئەکرێ.

دەربارەی چاپی دووەم من لەلای خۆمەوە چەند تێ بینی‌یەکم هەبوو ئەگەر مامۆستام گوێ لەم قوتابی‌یەی خۆی بگرێ. سەرنجەکانیشم پەیوەندیان بە "چۆنیەتی تاقی کردنەوەو سەرهەڵدانی هەندێ شیعرو ئەو بۆنانەی بوونەتە هۆی لەدایك بوونیان یان تەواو کردنیانەوە. هەیە"

پێشەکیەکەی مامۆستا تێکڕاو وەك سەرئەنجام‌و دوای خوێندنەوەی، ئەو سیحرو جوانی‌و خەیاڵ‌و سەرسام بوونەی چاپی یەکەمی شیعرەکان لەو وەختەوە، لەدوای خۆیانەوە، لای خوێنەر بەجێ‌یان هێشتبوو ئێستە بەو تەفسیرانەی لەپێشەکی چاپی دووەمدا کراون، لەو شەوق‌و ڕەونەقەی کەم کردوونەتەوە. بەکورتی "باڵای بەرزی ئەو شیعرانە لەئاوێنەی ئەو پێشەکی‌یەدا کورت بوونەتەوە". شیعری زیندو خەیاڵ‌و تەجروبەی زیندوو ئەیخوڵقێنێ. بەلای منەوە لەبەر ئەوەی مامۆستا هەردی لەئێستەدا ئەو شەیدا بوون‌و ئەو عەشقەی جارانی بۆ شیعر نەماوە، پێم وابێ کەلە ئێستەدا دێتە سەر باسکردنی تەجروبەکانیش، هەر لەچاوی ئەمڕۆوە تەماشایان ئەکات نەك بەچاوی هەست‌و سۆزو ئیحساسی ئەوکاتانەی شیعرەکانیان تێدا لەدایك بوون. بۆ وێنە لەشاکارە شیعریەکەی ((شیرین‌و فەرهاد)) دا فەرهاد بەڕواڵەت‌و هەر لەبەر جۆرە گرەوێك بێستونی کون کرد، بەڵام عەشقە گەورەکەی شیرین، سووتان‌و ژان‌و خەم‌و پەنگ خواردنەوەی گۆمی ئەو عیشقە مەزنە، ئەو موعجیزەییەیان پێ ئەنجام دا! نەك گرەوەکە! خۆ کەسانی تریش ئامادە بوون ئەو گرەوە بکەن‌و "شیرین" یان دەست بکەوێ، بەڵام کەسیان عیشقەکەی فەرهادیان لا نەبوو. ئەو گرەوانەی مامۆستام وەك سەرئەنجام ئەیانکات بەهۆی تەواو کردنی ئەو شیعرە ناتەواوانە. بەبڕوای من هەرگیز هۆی بنەڕەتی نەبوون، بەڵکو تەنها دەوری زوو پێش خستنیان- لەتەواوکردنیاندا هەبوەو هیچی تر- مامۆستا تەنها ئەو شیعرانەی تەواو کردووە کە ئەبێ لەدەمێکەوە گەراو خولیای- تەواو کردنیان- لەدڵدا خستبێ‌و لەئێستەدا بەجۆرێکی تر ئەو موعاناتە سەر هەڵ ئەدەنەوەو زمانێکی هاوبەشی تر لەگەڵ ژیانی ئێستەی شاعیردا دووبارە دروست ئەکەنەوە ئەگینا ئەی بۆچی ئەو شیعرەیانی تەواو کردو ئەوی تریانی تەواو نەکرد؟ هەروەها تەجروبەی شیعری "ست فاتمە" ی بە تەنها لەبەر ئەوە نەبووە گەرم‌و گوڕو پڕ لەسۆزە چونکە ئەو چەند دێڕە شیعرە ئاساییانەی (ست)ە کانی بەغدا ئیحا گەورەکەی بوون. سۆنگە کاریگەرەکان بوون، بەبڕوای من ئەبێ ڕێکەوتێ بوبێ کەیارمەتی تەقینەوەی ئەوکانی‌ی شیعرەیان دابێت. ئەگینا ئەبێ تەجروبە زیندوەکە نەبووبن. چونکە ئەگەر وابێت مامۆستا ئەیتوانی‌و ئەتوانێ لەباتی ئەوەی یەك شیعری وەك ست فاتمەی هەبێ دەیانی هەبێت! بەبڕوای من شیعری وەکو (ست فاتمە) هەر ئەبێ خۆشەویستی‌و عەشق‌و سۆزێکی گەورە سەرچاوەی بووبێ! خۆ من لەم قسانەشما خوا نەخواستە بەمامۆستا ناڵێم- تۆ ڕاست ناکەیت- بەقەدەر ئەوەندەی ئەمەوێ بڵێم، لەبەر هەر هۆیەك بێت، کە ڕەنگە لای شاعیر، قەت نەوترێ‌و هەقی تایبەتی خۆیشی بێت باسکردنی ئەو تەجروبانە، ورد کردنەوەیان بەپێویست نەزانێ‌و بەو جۆرە دەربڕیبن.

لە جیاتی بیبلۆگرافیا

دڵدارییەکی ناکامو ئەزموونێکی بەگەنجی جێماو!

دڵشاد عەبدوڵڵا

□ ناوی ڕاستەقینەی (هەردی)، ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی عەزیزی کەریم بەگزادەی بابانە، ساڵی 1922 لەگەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لەدایك بووە.

باوکی کەسێکی کاسبکاری نەخوێندەوار بووە، بەڵام بەهۆی پەیوەندی زۆرو بەربڵاوی، زۆر شیعری شاعیرانی کوردو فارسی لەبەربووە.

هەردی تاقانەی باوك و دایکی بووە، لەڕێی باوکیەوە یەکەم جار گوێی لەشیعرەکانی مەولەوی و نالی و حافزو حاجی قادرو سالم بووەو هەر لەڕێی باوکیەوە شێخ مەحمودی خۆشویستووەو وەکو خۆی دەڵێ، دواتر لەپۆلی سێی سەرەتاییدا یەکەم جار شیعری بۆ شێخی نەمر نووسیوە.

□ هەردی، ساڵی 1930 چۆتە بەر خوێندن لەماڵی عەلی بەگی مەحمود ئاغا لەسابونکەران کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لێ بووە.

ئەوسەردەمە: شۆڕشی ئاگری لەباکور بەئاگرو ئاسن سەرکوتکرابوو، سمکۆ لەشنۆ شەهید کرابوو شۆڕشەکەی پەرتەی پێکرابوو، ئینگلیز لەهیندستانەوە شێخ مەحمودی هێنابووەو کرابوو بەمەلیکی کوردستان لەسلێمانی و دواتر پەلاماری درابوو، شۆڕشی شێخ کپ ببووە.

هەردی لەناو ئەو واقیعەدا گۆش بوو هەستی کوردستانی لای کەوتبووە جووڵە.

ئەو سەردەمە کارەبا نەگەیشتبووە سلێمانی و فانۆس دەخرایە ناو شووشە بەندێکەوەو بەشەقامەکان دا هەڵدەواسراو کرێکارێکی شارەوانی ئێواران ئەو فانۆسەی دادەگیرساند.

لەسلێمانی کۆمەڵەی زانستی کوردان بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کرایەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێی هاوڕێیەکی بەتەمەنتریەوە قسەو باسی ئەو کۆمەڵەیە گەیشتۆتە هەردی و کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوەو خوێندنەوەی.

نووسەران و شاعیرانی ئەو سەردەمە وەکو پیرەمێردو شێخ نوری و بێکەس و شاکر فەتاح و کەریم زانستی.. دەرسیان لەو کۆمەڵەیەدا وتۆتەوەو هەموو شەوانی سێ شەممەیەك کۆڕی شیعر خوێندنەوەی تێدا بەستراوە. بۆ یەکێك لەو کۆڕانەش هەردی بانگ کراوەو ئەوسا تەمەنی (13) ساڵان بووە، لەبەردەمی بێکەس شیعری خوێندۆتەوەو بۆ تەمایەی ڕەزامەندی و ناسینی لەلایەن فایەق بێکەسەوە.

هەردی لەم بارەوە دەڵێ:

ساڵی (1935–1936)، مامۆستا عەلی شەوقی کەئەوسا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، بانگی کردم و وتی بڕیارە ئەم شەو فایەق بێکەس لەچەمچەماڵەوە بێ و ژمارەیەك قوتابی لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ شیعر وتن لەکۆمەڵەی زانستیدا ، لەبەرئەوەی بێکەس شیعرێکی زۆری بەقوتابیەکان لەبەرکردووە، بۆیە دەبێ تۆش بێیت و چەند قوتابیەك لەگەڵ خۆت بێنی بۆ ئەوەی لەوێ لەبەرامبەر ئەوان دا شیعر بخوێنیتەوە.

هەردی دەڵێ: منیش چووم، بۆ یەکەمین جار لەبەردەم فایەق بێکەس شیعرم خوێندەوە، بەبیرم دێ ترجیع بەندێکم خوێندەوە.

بێکەس کەکاتی خۆی مامۆستای هەردی بووە، دڵخۆش بووە بە بەهرەکەی و هانیداوە بۆ گەشە کردن.

هەردی دەڵێ: پێی وتم، لام وایە تۆ جێ بەمن لێژدەکەی!

کۆمەڵەی زانستی کوردان خانەیەکی ڕووناکبیری بووە لەماڵی حاجی مەلا سەعید کەرکوکلی زادە لەسابونکەران.

□ بڕێك لە مامۆستاکانی هەردی: حەمە پاشا، ساڵح عەلی، ئەحمەد فەخری، فوئاد ڕشیدە فەندی، ساڵح سەعید، ماوەیەك ساڵح قەفتان بەڕێوەبەری قوتابخانەیان بووە.

□ هەردی زۆربەی شیعری شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی لەبەر بووە، دیوانی نالی بەتەواوی لەبەر بووە، سالم و حاجی قادرو زێوەرو بێکەس و پیرەمێردو قانع و شێخ نوری و گۆران. لەنێوان (1930–1936) بەهرەی شیعری هەردی ئاشکرا بووەو لەژێر کاریگەری:

–ڕۆژنامەی ((ژین)) کەئەوکات پیرەمێرد شیعرەکانی تێدا بڵاو دەکردەوەو باسی بۆنەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی دەکرد.

–شیعری شاعیران کە وەکو لەپێش دا باسکرا هەردی زۆربەیانی لەبەر بووە.

–ئاهەنگی نەورۆز: ئەو سەردەمە نەورۆز لەکارێزی حسێن عەزیز ئاغا (شوێنی خانووە قورەکان) دەکرایەوەو سێ شەوو سێ ڕۆژ چادر هەڵدەدراو شایی و هەڵپەڕکێ و سرودو گۆرانی گەرم دەبوو شیعر دەخوێندرایەوەو ڕمبازی دەکرا.

□ هەردی ساڵی 1935 شیعرێکی لاسایی یا (نظیر یا معارەزە)ی لەسەر شیعرێکی زێوەر نوسیووەو بەم شێوەیە:

بەهۆی گوڵی شیرینی پڕ گوڵاوی لێوی ئاڵەوە

دڵداری چەشنی بولبولان ئەخاتە شین و ناڵەوە

وەنەوشە شۆڕی کرد سەری لەعەزرەتا گوڵ هەڵوەری

شەو بۆ لە بۆ بوو بێ بەری بەزوڵف و کوڵم وخاڵەوە.

بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەو سەردەمەی هەردی دیار نین، هەردی دەڵێ: ئەوسا هەفتەی شیعرێکم دەنووسی.

□ دوو دیمەن: (کاریگەری عوسمانلی‌یەکان)

1–بێکەس گێڕاویەتەوە: بۆیە شیعری (تۆ چیت من کوردم)ی بۆ منداڵان نووسیوە، چونکە ڕۆژێکیان لەچەمچەماڵ لەمنداڵێکی هەمەوەندی پرسیوە. تۆ چیت، وتوویەتی، من تورکم! ئەوەش لەژێر کاریگەری مامۆستایەکی تۆرانی دا بووە کەئەوسا لەکەرکوکەوە هاتۆتە ئەوێ و دەرسی بەقوتابیان گوتۆتەوە.

2–هەردی دەڵێ: مامۆستا فەهمی قەفتان بۆ کەشافە ئێمەی ئەبردە لادێکان تا ژیانی ئەوێ ببینین، دەیبردین بۆ هەزار مێرد، بۆ سیتەك، بۆ وێڵەدەر.. ڕۆژێکیان لەسەر شاخی گۆیژە بووین، پشوومان دەدا قوتابیەك لەمامۆستا فەهمی پرسی: کام میللەت ئازاترین میللەتی سەر زەوین؟

ئەویش وتی، ئەم پرسیارە سەیرە! چونکە میللەتی ئازا زۆرن و ناکرێ بڵێین فلانە میللەت ئازاترینیانە.. قوتابیەکە وتی، مامۆستا دەڵێن (تورك) ئازاترین میللەتن! کەمامۆستا چووە بنج و بناوانی قسەکەوە زانی مامۆستایەك کاتی خۆی ئەو زانیاریەی فێر کردوون سەر بەعوسمانیەکان بووە، ئەویش کەوتە باسکردنی ئەو زوڵمەی تورك لە کوردی کردووەو باسی شۆڕشەکانی کوردی بۆ کردین.

□ (هەردی) لەقۆناغی دووەمی شیعر نوسسینیدا، (1938–1939) کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدیبانی لوبنانی ئەوانەی کەوتبوونە ئەمەریکاو لەوێ لە تاراوگە دەژیان و بە (ئەدیبانی مەهجەر) ناسراون، لەوانە جبران خلیل جبران و میخائیل نوعەیمەو ئەبو قاسمی شابی.

(هەردی) لەژێر کاریگەری ئەوان دا بووە، تا بۆ ناز ناوەکەشی ئیلهامی لە ئەزموونی ئەوان وەرگرتووەو هەردی بەمانای تەنیایی و تەریکی هەڵبژاردووە.

□ ساڵی (1938) لەشەقلاوە لەماڵی یوونسە فەندی کە ئەوکاتە لەحزبی هیوادا بووە خزمی هەردی بووە، یەکەمین جار برایم ئەحمەدی لەوێ ناسیووە. پەخشانێکی لەژێر کاریگەری نووسینەکانی جبران نوسیووەو بۆ برایم ئەحمەدی خوێندۆتەوەو ئەویش سەرنج و تێبینی خۆی پێ وتووەو هانیداوە کە وردترو بەدیقەتر بیربکاتەوە، ڕستەکان دابڕێژێت.

دەربارەی کاریگەری برایم ئەحمەد، (هەردی) دەڵێ:

برایم ئەحمەد، فێری کردم باش بیربکەمەوە، یەکەمین جار لەشەقڵاوە ناسیم ئەوکاتە خۆی بۆ گۆڤاری (گەلاوێژ) ئامادەدەکردو دواتریش لەسلێمانی سەردانیم دەکرد، جارێکیان لای (گۆران) بینیم لە ئەشغالی سلێمانی، (گۆران) لەوێ محاسب بوو.

برایم ئەحمەدو گۆران هاوڕێ بوون بەڵام لەبیرو باوەڕدا جیاوازو پێچەوانەی یەکتر بوون. برایم ئەحمەد چەپ بوو، هەرچی گۆرانە باوەڕی بەدیموکراتیەکی لەشێوەو، ترازی ئینگلیزی هەبوو (دیموکرات لیبرالی). جۆری خوێندنەوەکانی گۆران جیاواز بوو ئەو کتێبی ئەحمەد ئەمین و جەماعەتەکەی زیاتر دەخوێندەوە.

- سالی (1939) هەردی ماوەیەك لەنوسین وەستا، دەربارەی ئەو وەستانە خۆی دەڵێ:

پێشتر شیعرم زۆر دەنووسی، برایم ئەحمەدو گۆران فێریان کردم بەحەزەرو ترسەوە بنووسم و بەدیقەت بیربکەمەوە. خۆیشم ئەو ماوەیە ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە کە زیاتر ڕەخنە یان تێدا بوو. ماوەیەك ئەو کتێبانە ساردیان کردمەوە لەشیعر نووسین.

ئەوانە هەمووی بەسەر یەکەوە وایان کرد هەردی نووسینی کەم بێتەوەو زیاتر بخوێنێتەوە. هەمیشە ڕەخنەو چوونە ناو جیهانی بیرو عەقڵ، گوڕو تین و شەفافیەتی شیعرو شیعریەت کەم دەکاتەوە.

دڵەڕاوکێ و بەحەزەر نووسین کارێکی دوو سەرەیە، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت باش بێ بەڵام کەبووە خوو درێژەی کێشا بەشێکی بەهرە دەفەوتێنێ.

- دەربارەی بەرهەمو شیعرەکانی :

ئەزموونی شیعریی هەردی چەند بەرزو شیك و دەوڵەمەندە لەشێوەو دەربڕین داو ڕچەشکێنە لەبەخشینی مانادا، هێندە جوان و سەرامەدە لەبێدەنگ بوونیشدا، ئەو بێدەنگی یەی، هەڵبژاردنی کەمترنی یە لەداهێنان. ئەو شاعیرانەی ماوەیەك شەنگ و تاقەتی داهێنانیان دەبێ ئیتر کە دەزانن خۆیان دووبارە دەکەنەوەو هیچی تر ناخەنە سەر ئەزموونی شیعریان بێدەنگ دەبن، ئەو شاعیرانە هەمیشە حورمەت و ڕێزیان زیاترە لەوانەی بەئەزموونێکی باشەوە دێنە پێش و دواتر بەخۆ خواردنەوەو بەرهەمی کاڵ و کرچ ئەزموونەکەیان لەباردەبەن و سەر لەخوێنەر دەشێوێنن و ڕێگەی ئەوەیان لەبەردەم دا دەبەستن کە بەچاوی جوانیەوە تەماشایان بکەن.

هەردی لەو ئەزموونە کورتە بەبڕشتەی خۆیدا جۆرە شیعرێکی دڵداری داهێنا کەپێشتر لای کورد وێنەی نەبووە، دواتریش کە ڕەگەزو هەستی چینایەتی تێکەڵ بە شیعرو خۆشەویستی کرد ئەزموونی شیعری خۆی دەوڵەمەند تر کرد:

ئەو بەتەنیا بۆ گوڵی سەرمێزی بادەی تۆی ئەوێ
هەر کە جارێ بۆنی کردی، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ

ئەویەئس و بینینی ڕاستی و دەربڕینە ناسك و جوانە بەهرەمەندی هەردی دایڕشتووە.

هەردی دەڵێ:

پایز بوو، دڵم تەنگ بوو، زۆر بەعەفەوی شیعری (شۆڕشی نائومێدی)م نووسی، کەچی شیعری (ئەو دڵەی وەك بت پەرستێ) زادەی موناقەشەیەکی زۆر بوو، کەپێشتر دەیانووت دڵداری شیعری تیا ناوترێ و باسی جیاوازی چینایەتی لەشیعری دڵداریدا ناکرێ من ئەو شیعرەم پاش ئەو موناقەشانە نووسی. ئەو کات ڕەمەزان بوو، لای گاوران، لەخوار ئاشەکەی گاوران، چایخانەیەك بەچیغ دانرابوو، لەوێ لەسەر بەرگی پاکەتێکی جگەرە ئەو شیعرەم نووسی .

بەو واتایە هەردی هەندێ جار بە(تصمیم)و پرۆژە شیعری نوسیووە، وەکو چۆن هەندێ شیعریشی ئەو پەڕی عەفەوییەتیان تێدا بووە.

هەردی دەڵێ: ساڵی 1938 کەمالی جەلال سائیب بەهەڵە لەجێی باوکیدا کوژرا لە رانیە، کەتەرمەکەیان هێنایەوە هاوین بوو، من لەحەوشەی ماڵەکەمان دانیشتبووم، تەمەنم 16 ساڵان بوو، ئەم چەند دێڕەم نووسی:

بای ئەجەل هات و لەناکاو دەفتەری ژینی دڕیم
تاکو دوێنێ خونچە بووم ئەمڕۆ بەناهەق هەڵوەریم
....هتد

کەپیرە مێرد گوێ بیستی ئەم شیعرە بوو، وتی، ئەم شیعرە لەسەر کێلی گۆڕەکەی کەمال بنووسن و کەوابێ من هیچی بۆ ناڵێم.

ئەو شیعرە شۆرەتی بۆ هەردی پەیدا کردووەو هەرکەسێ ئازیزێکی مردووە داوای کردووە هەردی شیعرێکی بۆ بنووسێ، ئەمەش بۆتە مایەی ناخۆشی و هەراسان بوونی هەردی.

- هەردی ئەزموونی شیعری خۆی کردۆتە سێ قۆناغ:

-کلاسیکی کە ماوەیەکی کورت بووەو لەژێر کاریگەری شیعرەکانی زێوەرو نالی دا شیعری وتووە.

-(1938-1939) ڕۆمانتیکی، لەژێر کاریگەری ئەدیبانی مەهجەر.

-ریالیزم: تێکەڵ کردنی ڕەگی چینایەتی لەگەڵ خۆشەویستی و دڵداری، هەندێ سروودی نیشتمانی و بیری کوردستانی.

- هەردی لە شیعرەکانی‌دا هەر وەکو لەبیر کردنەوەشی‌دا کوردستانی بووە پاکو هەڵوێست بەرزو سەر ڕاست بووە، خۆشەویست بووە لەناو خەڵکدا، چەندین شیعری حەماسی و نیشتمانی هەیە تا ئەم نزیکانەش وێردی سەر زاری خەڵك بوون.

- ست فاتمە یەکێکە لەشیعرە دیارەکانی هەردی، هەروەها بەشی زۆری شیعرەکانی کراوەتە گۆرانی و گۆرانیبێژە ناودارەکانی کورد گوتوویانە لەوانە عەلی مەردان،کەریم کابان، ئیبراهیم خەیات، ئەمەش شۆرەتێکی زۆرتری بۆ هەردی دروست کردووە.

- ساڵی 1977 بەدەستپێشخەری د.مارف خەزنەدار دیوانە تاقانەکەی (رازی تەنیایی) هەردی چاپکراوەو ساڵی 1983 جارێکی تر هەردی هەندێ لەشیعرە تەواو نەکراوەکانی ئەوسای دوای زیاتر لەسی ساڵ تەواو کرووەودیوانەکەی بۆ جاری دووەم بەهەمان ناوی پێشوو (ڕازی تەنیایی) چاپکردۆتەوەو هەمان گیانی شیعری جارانی تێدا پاراستووە، بەڵام ئەو پاراستنە بەتەنیا، خاڵێکی سلبی‌یە لە ئەزموونی هەردی‌دا، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە مادامەکی هەردی دەینووسێ دەبووا شیعری تازە بنووسێ نەك شیعرە تەواو نەکراوەکان تەواو بکات.

من خۆم چەند جارێك شیعرە تەواو کراوەکانی دوایم خوێندۆتەوە، هەمان جوانی بەڵام ئەزموون و وەستاییەکی زیاترم تیایاندا ڕەچاو کردووە، ئەوە گومانی ئەوەی لا دروست کردووم کە بێ تاقەتی و یەئس و دڵە ڕاوکێ گەورەترین بەربەست بوون لەبەردەم ئەزموونی هەردی‌دا، هەردی دوای ئەو سی ساڵ وەستان و بێدەنگیەش هەروەکو شاعیر ماوەتەوە.

(پیرێکی جوان و ئەزموونێکی بەگەنجی جێماو) ئەوە جوانترین ڕستەیە کە کتومت تەعبیر لەهەردی دەکات.

- زەحمەتە بەشیعرێ بڵێی شیعری شارو بەشیعرێکی تر بڵێ‌ی شیعری لادێ، چونکە سیفەتی یەکەمی شیعر شیعرییەتە، ڕەنگە ئەوانی تر سیفەتی دواترو لاوەکی بن، لەشیعری شاردا، وشەو خەیاڵ و وێنەکان چەندین ئاستی جیاوازو زیاترلە ڕەهەندێکیان هەیە.

هەردی لەسوچی دڵداری و ڕەوشت و ژنەوە، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی دڵدارییە ناکامەکانی خۆی و قەناعەتە فیکرییەکانی، ئەزموونی شیعری شاری بەنەسەقێکی شیك داڕشتووە، ڕستەو وێنە شیعرییەکانی زادەی پەیوەندییەکانی شارن.

- هەردی ساڵی 1973-1974 لەکۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانی مامۆستا بووەو ڕەخنەی ئەدەبی گوتۆتەوە، بەداخەوە محازەرەکانی تائێستا چاپ نەکراون کە کاکڵەی لێکۆڵینەوەو گەڕان وخوێندنەوەی ئەو شاعیرەن.

- ماوەیەك خەریکی لێکۆڵینەوە بووە دەربارەی کێش لەشیعری کوردیداو تائێستا بەرهەمەکانی لەم ڕووەوە ڕوناکیان نەبینیوە.

- ساڵی 1941 بۆتە مامۆستاو دوای چل ساڵ خزمەت خۆی خانەنشین کردووە، ماوەیەك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کوردو سەرۆکی لقی سلێمانی بووە.

- نامیلکەیەکی دەربارەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو هەیەو چاپ نەکراوە.

- ئێستا لەلەندەن دەژی.

*ئێستا لەلەندەن دەژی.

لەتیف هەڵمەت لەگەردەلوولی سپیدا شیعرێکی بۆ نووسیوەو دەڵێ:

لەوڵاتی غەریبیدا کێ دەتناسێ!

سەرنجێك:

هەندێك زانیاری لە بارەی ژیانی هەردی‌یەوە لەو چاوپێکەوتنە وەرگیراوە کەتای خۆی لەهەشتاکاندا لەماڵی خۆی‌دا لەگەڵیان کردەو بڵاویش نەکراوەتەوە.


تاوان و سزا
دیستۆفسکی
نامەیەک
لە ژنێکی
نەناسراوەوە
ستیفان تسڤایگ
رازی
تەنیایی
پۆشکین
JAZA
2000

پێشەکی دیوانی ڕازی تەنیایی

مارف خەزنەدار

سڵاو بۆ کوردستان،

بۆ ئەو خاکە ڕەنگینەی ((کە تۆزی وەك جەواهر، سورمەیی نووری بەصەرتانە..)) ئەو کوردستانە پیرۆزەی ئێمەی میراتێکی ئەدەبیو هونەری گەلێ بەرزو بەنرخی بۆ نەتەوەی کورد بەجێ هێشتووە. هەروەها بۆ هەموو نەتەوەکانی تری گێتیش ئەگەر سوودی لێ وەربگیرێ، بە گۆڕینی بۆ زمانەکانی تر. ئەگەر چاو لەهەموو شتێکی خۆمان بپۆشین، لە شارستانیەتی (میدیا)، لەجوانیو بەرزیی زمانی کوردی، لەڕابردووە پیرۆزەکەمان لەمێژووە بەرزەکەمان، تەنها ئەو بیرو هەستەی کە بە کوردی نەتەوەی کوردستان خستوویەتییە سەر کاغەز جێگای شانازیو سەر بڵندییە.

لەسەدەی نۆزدەمی میلادیدا، شیعری مەدرەسەی تەقلیدی ئەدەبی کوردی گەیشتە ئەو پەڕی بەرزبونەوە، لەلایەن فەنیشیعرییەوە، ئەم چەشنە شیعرە بەهێزەی کوردی دوولقی لێ بووبووەوە، لقێکیان لە ئاسوییێکی تەسكو ترووسکا ئەژیا، وە شاعیر هەوڵی ئەدا کەسۆزی دەروونی خۆی بکاتە ئامانجی شیعری، دوور بێ لە کۆمەڵ، لەکۆمەڵی کورد، لەبیروباوەڕی گشتی، ئەگەر چی جارجارەش ئەم شاعیرانە تەقەلای ئەوەیان ئەدا کە پێ بزێوی بکەن بۆ ئەم لایە. ئەم چەشنە شیعرە کەوتە خۆ بۆ قۆزتنەوەی ووشەی زلو پڕ مانا، ووشەی فارسیو عەرەبی، پەیڕەوی کردنی ئەوزانو قافیە زیاد لەئەندازە، قارەمانە هەرە بەرزەکانی ئەم مەیدانەی مەدرەسەی تەقلیدی کوردییە، نالی، سالم، کوردی، مەحوی، وەحەریقو هی تری بوون.

زۆرو ستەمی دەسەڵاتی عوسمانی بەرامبەر بەکورد هۆییەکی گەورە بوو بۆ گرژکردنەوەو پێوەدانی دەرگای ئیلهامی راستەقینەی شاعیرەکان لەم دەورەدا، وەکو ئەڵێن، شاعیریش ئەبێ شیعر هەر بڵێ لەبەر ئەوە لە ناو گێژەڵوکەی چەند مەبەستێکی تەسکا ئەخولایەوە، وەلەبەر ئەوەی کەبەشی زۆری هونەری شیعری بۆ ڕازاندنەوەی شێوە تەرخان کردبوو، توانی وەزنی زۆر بەهێز دابڕێژێ، وەقافیەی زۆر جوان بۆ شیعرەکانی دروست بکا.

بەڵام لقەکەی تری مەدرەسەی تەقلیدی ((حاجی قادری کۆیی)) بە تەنیا ئەو پەردە پۆڵابەندەی کەبیروباوەڕی شیعری کوردی تیایا بەند کرابوو دڕی، بێ گومان نرخی ئەو ڕاپەڕینەش بۆ ژیانی ((حاجی)) زۆر گران بوو... ((حاجی)) هەستو باوەڕێکی تری هێنایە ناو مەیدانی شیعرەوە، وە خووی دایە فراوان کردنی ماناو بەکارهێنانی بۆ چاك کردنی باری نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتی قەومەکەی خۆی، پشتی کردە جوانیو ڕازاوەیی شێوە، لەبەر ئەمە ((حاجی)) چەنجد خزمەتی کوردی بەو شیعرە کۆمەڵایەتییانەی کرد، کە وێنە باوەڕی کورد بوون لەو چەرخەدا، ئەوەندە شیعرەکانی لەنگ، وە ووشەکانی بێ هێز، وە دوور لەهونەرێکی بەرز بوون. لێرەدا مەبەستم شیعرە نیشتمانیەکانیەتی، نەك غەزەلەکانی.

لەم سەدەی بیستەمەدا بزوتنەوەو راپەڕینی میللەتان تینی سەند، کورد لەمەدا بێ بەش بوو، تائەندازەیەکی زۆر هاوبەشیی کرد لەخۆش کردنی گڕی ئەو ڕاپەڕینە میللییانەدا، وەشیعری کوردی لەم مەیدانەدا هۆییێکی بەرز بوو بۆ بەهێز کردنی بیری کۆمەڵایەتی. جارێ لەپێشا شاعیری کورد قاڵبی کۆنی شیعری هەر هێشتەوە، بەڵام هەستو باوەڕی گۆڕی، سۆزی دەروونی ڕشتەناو عاتیفەی قەومییەوە، وە ووردەووردە زانیاری لەکانیاوی خوێندەواریی گشتی گێتی هەڵمژی، ئاسۆی مێشکی فراوان بوو، وەچاوی کرایەوە. شاعیرە بەرزەکانی ئەم دەورەمان، هەندێکیان کۆچیان کردوە-ڕووناکی بۆ گۆڕیان--، وە هەندێکیان هەرماون-ژیانیان بمێنێ-، لەمانە پیرەمێرد، زێوەر، احمد موختار، بێ کەس، دکتۆر کامەران، شێخ سەلام، جگەر خوێن، وەهەژار،وەهی ترن. شیعری تازەی کوردی لە ((گۆران))ەوە دەست پێ ئەکا، جا ئەگەر ((هەردی)) هاوڕێی دەستە ڕاستی ((گۆران)) بێ، جوانەمەرگی ئەدەبی کوردی ((دڵدار)) هاوڕێی دەستە چەپی بوو.

((هەردی)) شاعیرێکی ناسراوی کوردە، هەر چەندە تا ئێستا تەمەنی لاوی بەڕێ نەکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشا سەیر نیەکە دیوانی ((ڕازی تەنیایی))لەچەند لاپەڕەیەکی کەمدا جێگەی بووبێتەوە، وە ئەتوانین بڵێین بێجگە لە چەند پارچە شیعرێکینیشتمانی کە بەپەنجەی دەست ئەژمێررێ ئەم دیوانە هەموو بەرهەمی شیعریەتی.

((هەردی)) لە ((چاوەڕوانی بێ هودە))دا نمونەیێکی ڕەمزی چیرۆکی ڕاستەقینەی دڵداریمان بۆ ئەگێڕێتەوە. بەڵێ، ئەم پارچە شیعرە- لەگەڵ ئەوەی کە کەمیشە- داستانە، چیرۆکە بەشیعر ووتراوە ئێمە ئەگەر ((ووشە))کانی (هەردی) لەو لاوە دابنێین، چونکە ئەبێ ووشەی هەردی پێ بڵێین، ئەبینین بیرو خەیاڵو ئیلهامێکی تایبەتیشی هەیە، لەهەندێکاتا مانا دروست ئەکا، وە لە هەندێ کاتی ترا، مانای دروست کراو وەرئەگرێ، بەڵام بە داڕشتنو خەیاڵو ووشەیەکی تازەی وا، کە وەستایەتی ((هەردی)) لێرەدا لەوە کەمتر نیە کە بۆ ماناتایبەتی‌یەکانی خۆی پەیدا کردووە.

فەلسەفەی ئەفلاتوونی یۆنانی لەسەر باوەری ((مطلق) دامەزراوە، ئەڵێ: (بون-کون)وێنەی ئەو (مطلق)ەیەدروێشەکانی ئیسلامیش بە هەموو تیرەکانیانەوە لەسەر ئەو باوەڕەن، وە ((مطلق)) بەشتێکی جوانو خاوێنو پاك ئەزانن، وە لەسەر ئەو باوەڕەشن کە شێخە گەورەکانیان وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ((مطلق))ەن لەبەر ئەوە ئەبینین هەموو شاعیرە دەروێشەکانی ئیسلام خەریکی ووشەی ((جوان- جمال))ن، وە هەموو (بوون-کون)وە (بزوتنەوە- حرکە)یێك ئەکەن بەشتێك کەلەو جوانی‌یەدا کە (مطلق)ە دەر ئەچێ جا ((هەردی)) کە ئەڵێ

سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕێگا
هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکو دنیا لە ناوجوانی
ئەوا توابێتەوە، وایە

لێرەدا لام وایە مەبەسی ئەو (مثالیة)تە نیە کە ئەفلاتوون باسی ئەکا، وە دەروێشەکان لەسەری ئەڕۆن، بەڵکو شێوەی فەلسەفەی ئەفلاتوونی بەکار هێناوە بۆ دروست کردنی ئەو وێنە (حسی)یە باڵایە. جائەگەر بیرو خەیاڵی خوێندەوار لەشیعرە دەروێشی‌یەکانا بڕوا بۆ لای شتێکی خەیاڵی‌ی نەبینراو، هیچ گومانم نیە لەلای ((هەردی)) ئەم بیرو خەیاڵە ئەڕوا بۆ لای شتێکی هەبووی بینراو، ئەو شتەش با کچە کوردێکی جوانی نازدار بێ کەخۆی لەعەباوە پێچاوە بەناو کۆڵانەکانی سلێمانی یا تێپەڕ ئەبێ، وە ((هەردی))یش هەر چاوەڕوانیەتی هەتا ئاوی پێ‌ی داێی.

باباتاهیری هەمەدانی کوردیش (935م-1010م) هەر لەم مانایەدا ئەڵێ:

بەدەریا بنگرەم، دەریا تو مەینەم
بەسەحرا بنگرەم سەحرا تو وێنەم
بەهەر جا بنگرەم کوەو دەرو دەشت
مەگەر ئاندەم کەزیبایی تووینەم

باباتاهیر، جوانی‌ی خۆشەویستەکەی، (یاخود ((مطلق)) بڵێین چاکترە) لە هەموو جێگایێکا ئەبینێ، هەموو شتێك هەر خۆشەویستەکەی ئەوە، بەڵام ((هەردی)) دڵداری‌یەکەی لە باباتاهیر بەهێز ترە، چونکە لەرادەی وەسفەکەی باباتاهیرا نەوەستاوە، ئەبینین لەشیعری یەکەمیا وەك باباتاهیر ئەوەش خەیاڵ ئەکا کە خۆشەویستەکەی هەر هاتووەو گەورە بووە تابووە بەدنیا، بۆیە تەماشای هەرکوێێکی کردووە شێوەی ئەوی تیا بینیوە، بەڵام لەدێڕی دووەمدا دنیا هەر هاتووەو بچووك بۆتەوە تا بووە بەخۆشەویستەکەی. ((هەردی)) ئەم دوومانا جوانەی لەم شیعرەدا کۆکردۆتەوە، لەشیعری ئەوروپاییشا نمونەی وا گەلێك زۆرە. هەردی هەر لەو شیعرەدا ئەڵێ:

شنەی با باسی جوانی ئەو
بەگوێ‌ی من دا ئەچرپێنێ

خۆشەویستەکەی ((هەردی)) تەنها ئەو شتانە نیە کە بەچاو ئەبینرێن (المرئيات)، بەڵکو حەتا مادەی بەچاو نەبینراو(غير مرئی)یش، کە (بایە)، ئەگەر خۆشەویستەکەی ئەو نەبێ، باسی جوانی‌ی خۆشەویستەکەی ئەکا، وە دەنگی (با)ئەبێتە دەنگی خۆشەویستەکەی یاخود بۆنی دلبەرەکەی بۆ ئەهێنێ.

لەشیعری عەرەبیشا مانای وا ئەبینرێ، بەتایبەتی لای شاعیرەکانی (الغزل العذری)ی دەوروبەری دەوڵەتی بەنی ئومەیە، وەکو ((قیس بنی عامر))و ((جميل بثينة))،و هی‌ترا.

دیسانەوە هەر لەو شیعرەدا، ((هەردی)) ئەڵێ:

ئەگەر چی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە

ئەم مانایە دەستکردەی شاعیرە، لەئەدەبی ئەوروپایی‌دا مانای وانیە، لام وایە لەبەر ئەوەشە چونکە عەبا لەوێ نیە، وەلەشیعری عەرەبیشا ئەگەر چی چەند جارێ شاعیر عەبای بەکارهێناوە لەشیعرا، بەڵام بۆ ئەو مانایەی ((هەردی)) هەر نەڕۆیشتووە، لێرەدا شاعیر کە ئەڵێ: (عەبا دەوری لەشی داوە)،بێ گومان ئەمە وەسفێکی (حسی مادی)یە بەم وەسفە خەیاڵەکەشی (تجسيد)کردووە، یاخود هەر خۆی عەباکەیە بەڕاستی ئەمە ئاوڕدانەوەیێکی هونەری‌ی بەرزە. لەشیعری ((شۆڕشی نائومێدی))یا، شاعیرفەلسەفەیێکی تازەی خستۆتە ناو ئەدەبی کوردی‌یەوە، نوێشکی ئەم مەدرەسە شیعری‌یە ئەوەیە، کە دڵداربەتایبەتی لەو کاتانەی کە عاتیفەی زاڵ ئەبێ بەسەر هۆشیا، ئەیەوێ دلبەر هەموو جڵەوێك بۆ ئەم عاتیفە هەڵچووە شۆڕ بکا، جا لێرەدا ئەگەر ئەو دولبەرە عاتیفەی ببێ، لە زۆر کاتا ئەم دوو عاتیفەیە یەك ناگرنەوە، چونکە بزووتنەوەیەکی وورد لە یەکێکیانا بۆی هەیە ئەویتریان سارد بکاتەوە، ئەگەر عاتیفەشی نەبێ، مانای ئەوەیە کە ئەو دلبەرە خۆ فرۆشە، لەشی خۆی پێشکەش بەهەموو کەسێك ئەکا.

شاعیرەکانی رۆژئاوا لەم دوو زاهیرە وجدانیە دواون،یەکەمیان لەلای گۆتی، 1749م-1832م،شبیللەر، 1759-1805م وەلامارتین 1790م-1869م، دووەمیان بودلێر1821م-1867م. بەڵام هەردی لەسی مەقتەعی یەکەمی شیعرەکەیا، باسی دڵدارییەکی پاکی لەدەس چوو ئەکا، لەیەکەم جارا خوێندەوار وا خەیاڵ ئەکا کە خۆشەویستەکەی مردووە، یاخود دلبەر بەپێچەوانەی عاتیفە تایبەتیەکەی خۆی شاعیری لەو لا داناوە چونکە، هۆشی جڵەوی بۆ ئەم عاتیفەیە شۆڕ نەکردووە، بەڵام لەمەقتەعی دووایی‌دا، شاعیر بیرو خەیاڵمان ئەبا بۆ دنیاییێکی تر، ئەو خۆشەویستەجوانو پاکە، ئەبێ بە خۆشەوستێکی جوانی پیس، کەئەڵێ:

وونی کا با لەبەر چاوم نیگاری چاوی فێڵاویت
گوڵی‌بێ بۆنی جوانیتو بزەی سەر لێوی ژەهراویت

لەشیعری ڕازی تەنیایی یا، دیارە کە شاعیر بەتەجروبەییێکی شعوری‌ی درێژدا ڕۆیشتووە لەرووی عاتیفەوە، وە لەگەلێك پلەی ئەو تەجرەبەیەدا، ئەگەر نەڵێم لە هەموویا، هەستی بەتاڵی‌و ناخۆشی‌سەرنەکەوتن (اخفاق) کردووە کە بۆتە سەر چاوەی نائومێدی لەژیانی شاعیردا، هەر وەکو لەم پارچەیەدا سووچێکی ئەم راستەقینەیەمان پیشان ئەدا.

هەرچەندە لەسەرەتای شیعرەکەیدا ئۆباڵی ئەو نائومێدی‌یە ئەخاتە ئەستۆی کوێرەوەری‌و ئەرکی ژیانی تایبەتی خۆی:

ژیانو ئەرکی ناخۆشی، پەپوولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دڵداری، لەتافی لاوی‌یدا، رشتم.

کەواتە تەنیایی‌و دەنگنەدانەوەی سۆزی دەروونی لەدڵی جوانێکا بوونەتە مایەی خەمو بێزاری بۆ شاعیر:

لە (تەنیایی) شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە
نیە دەستێ دەرم بینێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە

واتە دەستی نازەنینێك، دڵی نەرمی‌شۆخێك، پڕشنگی چاوێکی مەست ئەیتووانی شاعیر رزگار کات لەو مەینەتی‌یەی تیایا ئەژی، نەك ئەوەندەی تر بگەشێتەوەو پێشی خات، وە ئەو گێتی‌یەی کە ئێستا بەشەوێکی تاریك، یان گۆڕێکی وێران دێتە بەرچاوی، بۆی بکات بە ژورێکی رووناك.

نیە تەنیا پەری زادێ، کەپاڵم پێوەنێ نازی
کە بەهرەی سیسو ژاکاوم ببوژێنێتەوە ڕازی

((هەردی)) وەکو لەتوێ‌ی شیعرەکانیا بۆمان دەر دەکەوێت خاوەن هەستێکی ئینسانی‌ی قووڵوعاتیفەیێکی لەجۆشی لاوی‌یە، بەڵام بێ بەشی‌ی لەدۆستایەتی‌ی شۆخێك کە بتوانێ هاوبەشی ئەو هەستە جوانو عاتیفە گەرمەی‌بکات،وەڵامی ئەو پرسیارەمان ئەداتەوە:

بۆچی شیعرەکانی ((هەردی)) هەمیشە شێوەی یەئسو دڵتەنگی‌و خەمو بێزاری‌ی بەسەرەوەیە؟.

هەردی ئەڵێ:

فاتیمە دووچاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی‌یە
پڕ شەرابی خۆشەویستی‌و ئارەقی یەزدانی‌یە
بەژنو بالاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی‌یە
لارو لەنجەت موسیقایە بەستەیە گۆرانی‌یە

لەو مەقتەعەدا وەسفێکیمسالی نایابی چاوەکانو لەشو لاری ست فاتیمەی کردووە، وە تارادەییێکی زۆر لەو وەسفەدا سەرکەوتووە، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی شاعیر گەلێك لەپلەی وەسفەکە بەرزترە، بەتایبەتیکەئەڵێ:

گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلارو ئانەیە
وێنەیێکی تاڵو ناخۆشمان پیشان ئەدا لەدڵداریی وولاتی ئێمەدا.

بەڵێ ئەگەر (ست فاتمە)یێك پەیمانی دڵداری لەگەڵ یەکێك ببەستێ، ئەگەر ئەو (ست فاتیمە)یە دەوڵەمەند بوو، هاوار بەماڵی ئەو کەسە، چونکە لەکن ئێمە (دینار) لە (دڵداری) مەبەست ترە، هەر وەکو هەردی بۆمانی باس کردووە، بەڵام ئەم هەموو شتەش نابێتە هۆی ئەوەی کە عاتیفەی دڵدار بەرامبەر دلبەرەکەی سارد ببێتەوە..

هیچ گومانم نیە، کە ئەم هەڵبەستەی هەردی بووە بە مارسیلیزێکی غەرامی کوردی لەناو گەنجانی کورد، بەکوڕو کچەوە، بەتایبەتی لە ناو گەنجە خوێندەوارەکانی سلێمانیو هەولێر، ئەمەش لام وایە لەبەر ئەوەیە کەشیعرەکە چەشنە مۆسیقاییێکی گۆرانی تایبەتی خۆشی هەیە، وە وەسفێکی گەلێك حسییە، وە شاعیر باسی واقعێکی دڵداری وولاتەکەمانی کردووە، هەروەها وشەی ((ست فاتیمە))ش خەیاڵی خوێندەوار ئەبا بۆ لای کچێکی نەشمیلی خوێندەوار– لێرەدا مەبەسم لەخوێندەوارێکی زل نیە، چونکە ئەگەر خوێندەوارێکی گەورە بێ ئەبێ پێی بووترێ پوورە فاتی– کە تازە لە دار المعلمات دەرچووە، وە فێری هەندێ مەدنیەت بووە لە بەغدا.

لێرەدا وەکو لەسەرەوە ووتم، ئەم شیعرە گۆرانی هەمیشەی لاوەکان نیەو بەس، بەڵکو هی شۆخەکانیشە، چونکە عاتیفەی ئەوانیش بۆی هەیە لەناو ئەم وەسفە جوانەیجنسەکەی خۆیان بتوێتەوە... هەر کچێك حەز ئەکا ست فاتیمە خۆی بێ، یاخود ئەگەر ویستی مەتحێکی دەستە خوشکەکەی بکا، پێی ئەڵێ:

تۆ ست فاتیمەی، ئەگەر خۆشیشی بویێ، پێی ئەڵێ:
گیانەکەم ست فاتیمە!.

دیوانی ڕازی تەنیایی خونچەیێکەلەباخچەی فراوانی ئەدەبی کوردیدا، نالێین گوڵێك، وە لەو باوەڕەداین ئەوەی بۆنێکی ئەم خونچەیە بە بەر لووتیا تێپەڕبێت هەر گیز دڵی لەخۆی دانامێنێ، وەقسەی پڕوپووچی ئەمو ئەوی ناچێ بەگوێدا کە باخچەی ئەدەبمان ووشكو بێ بۆنە، بەڵکو بەرهەمو بۆنی گەیشتۆتە رادەیێك ئەگەر بێتو وەك ئەدەبی وولاتانی تر بەدەستی دڵسۆزی خۆمان ئاوی بدەین، وە پەروەردەی بکەین هێندەی پێ ناچێ شان ئەدا لەشان ئەدەبیبەرزی هەرە وولاتە پێشکەوتووەکان.

سلاو بۆ کوردستان،

بۆئەو خاکە پیرۆزەی گوڵاڵە سوورەکەی، ئەم دەشتە، خوێناوی جگەرتانە..

15ی کانوونی یەکەمی 1957م

شیعر

ئەی دیدە پەری!

ئەی دیدە پەری! بەو دەمە ، بەو کوڵمە گوڵینە
بۆ کەس نیە تا سەر ، ئەوەرێ ئەم گوڵی ژینە
تاسەر نیە ئەم نازە ، وەها دووری مەبینە
ئەو چاوە گەلاوێژە خەڵاتی کە برینە
ئەو زوڵفە کە ئێستاکە دوو توێی عەنبەری چینە
ڕۆژێکی کە دێ تێکەڵی توێی خاکی زەمینە
ئەو گەردنە بێگەردە، کە وەك تەختی بلوورە
ئەو لێوە کە وەك خونچە تەڕو ناسكو سوورە
ئێستاکە بەبێ ڕەحمی سزای جەورو فتوورە
لای وایە کەژین فانی نیەو ڕێگەیی دوورە
نایزانێ کە هەر پەنجەیە لەم خاکی زەمینە
کوڵمی دە هەزار (لەیل)و دەمی سەد (مەمو زین)ە
ئەمڕۆ دڵی بێچارە ئەبەی ئەی خەیە ناوداو
نایزانی سبەینێ ئەکەوی سەر کزو داماو
ئەو جوانی‌یە ئەڕواتو لەچاو گوم ئەبێ وەك ئاو
ئەو ڕۆژە ئەبێ دائیمە هەر بێنیەوە بەرچاو
تا ڕەحمێ بکەی ئێستەکە بەم زامو برینە
سەرکز نەبی لەو: جێگە بێ سامانی زەمینە
ئەم چەند قسەیەم ووتووە بەتۆ ئەمڕۆ بە چاکی
گەرچی ئەشیزانم دڵی بەردت نیە باکی
مەڕوانەرە ئەمڕۆکە بەڕومەت گوڵی تاکی
بڕوانە سبەینێ کە لەناو دامەنی خاکی
سەد (لەیل)ی وەکو تۆ بووە لەم ڕۆشنی ژینە
ئێستاکە لەناو جەرگەیی تاریکی زەمینە...

سلێمانی
1939

(شۆڕشی نائومێدی)

بناغەو چینی دیواری
تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵا ڕووخا تەپو تۆزی خەمی هێنا
بەدووی باڵداری ئاواتی فریوی بێ سەرو شوێنا
دەسا ئەی پاییزی ماتەم ئەوەندەم تاسە پێماوە..
هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێ ماوە
بەجارێ وەك گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕاماڵێ
بەووردی هەر گەڵایێکی ببا بۆ قوژبنو چاڵێ

***

دەبا، (با) ڕەش لەدوایی‌دا
لەبیابانی .. لماویدا
تەپو تۆزێکی وابێنێ هەوا یەك جار بخرۆشێنێ
سەری ئەو قوژبنو چاڵە وەکو گۆڕیچە داپۆشێ
لەپاشانا بەبای وەشتا لەسەردا هەوری ڕەش بێنێ
بەگۆڕی یادگارا، با بەخوڕ تاوێ.. ببارێنێ
دەبا بمرێ بەیەك جاری لەگۆڕی تەنگو تەنیادا
نیشانەو ناوی هەڵگیرێ لەناو بازاڕی دنیادا
بەڵێ، با گەردەلوولێ بێ
ئەوی بۆنێکی تۆی لێ بێ
وەکو ئەو پووشە ڕاپێچی بکا بۆ: گۆڕی تەنیایی
بەگوێیا بابچرپێنێ نقامی عومری کۆتایی
پەپو هامرازی وێرانەو نیشانەی مەرگی ڕوناکی
بەدەنگی شوومی باشیوەن بکا بۆ گیانی ناپاکی
لەسەر ئەو دەنگو ئاوازە دەبا شەیتانی ڕاڕایی
سەمای پڕ تەوسی بێ شەرمی بکا بۆ عەشقی کۆتایی..!

***

دەبا دەشتی ستەمکاری
ژیانی پڕ لەزۆرداری
لە یادا بیسڕێ شێوەت لەیادی ژینو گەردوونا
بەبێ ڕەحمانە غەرقی کا لەبەحری قووڵی وون بوونا
وونی کا با لەبەر چاوم نیگاری چاوی فێڵاویت
گوڵی بێ بۆنی جوانیتو بزەی سەر لێوی ژەهراویت
بەتاپۆی یادگاری تێك شکاوی بێ سەرو پێوە
بەدڵداری عومر کورتو.. شەوانی جوانەمەرگێوە

سلێمانی 1944

"دڵێکی تێکشکاو"

به سەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم!
شریتی عومری ڕابوردووم وەکو خەو دێتە بەر چاوم

شریتی چی؟ سەراپا سەر گوروشتەی نا ئومێدیمە
فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە

تروسکەی تیا بەدی ناکەم، سەرنجم چەندە لێداوە.
لە تاپۆی نامرادیم و تەمی ناسۆری بەولاوە..!

ئەوی ئەوساکە ڕوناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە
دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو، کە ئێستا پاکی ڕوخاوە..!

* * *

بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو،کە سەرچاوەی ژیانم بوو
دڵێ: مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو

دڵێ: گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو
وەکو بتخاتە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو

لەگەڵ هاوارو گریانی هەژارانا لە شینا بوو
لەگەڵ ناڵەی کەساسانا لە خورپەو ڕاچەنینا بوو

لەژێر سایەی ئەوینێکا، هەموو سیحرێکی پۆشی بوو
لە کونجێکی خەراباتا، خەریکی بادە نۆشی بوو

دڵێ بوو: دارو دیواری هەموو مەستی نیگارێ بوو
هەموو سوچێکی دەسکردی، بەڵێنی تاقە یارێ بوو

دڵێ، خونچەی تەمای وا بوو، لە خۆشی ئەو دەمی واکا،
کە تیشکی ئەو لە لێوی‌دا، گوڵاو پڕژێنی دنیاکا..!

دڵێ، ئامادە بوو، تاری، هەزار ئاوازی لێ هەستێ
بە مەرجێ: گوڵبەدەم جارێ بە مەستی لێی بدا، دەستێ!

تەلاری دڵ، کە دیواری وەها مەستی ئەوینی بوو:
لە باوەش گرتنی باڵای، هەموو ئاواتی ژینی بوو..!

گوڵ و گوڵزاری دڵ وابوو: خەیاڵی ڕۆژو هی شەویان:
(کەوا پڕشنگی دوو چاوت، بڕێژێ چاوی بێ خەویان!)

وەنەوشەو نێرگزو شەوبۆ، هەموو سەرخۆشی تاسەی بوون
لەتەك سروەی بەیانیدا: تەماداری هەناسەی بوون.!

هەناسەی ئەو، کەبێ، ڕایانژەنێت و ماچی کا، ڕوویان
کە دایبێنێ، لە جێی سروەی بەیانی، زوڵف و گێسوویان..!

هەموو پێکێکی مەینۆشی، بەیادی ئەو، کە پڕمەی بوو
لە مەیخانەی دڵا کەیلی: بزەی ئەو جووتە لێوەی بوو!

هەموو پاڕانەوەی وابوو، بە شێوان و سبەینانێ:
کە ڕۆژێ لێوی پڕ تاسەی، لە سەردوو لێوی ئەو دانێ!

* * *

کەچی ئەو کۆشکی چەند ساڵەی، دڵم بنچینەکەی دانا
بە تەنیا گەردەلولێکی (نەهاتی)، چوو بە ئاسمانا..!

هەموو ئەو نیازو ئاواتەی، لەناو ناخی دەروونا بوو
لە داخی بێبەڵێنی ئەو، بە جارێ تەفرو توونا بوو..!

بەڵێ، کاتێ بە خۆم زانی، بەهاری پڕ ئەوین ڕۆیی
خەوو ئاواتی چەند ساڵەو بەڵێنی پێگەیین ڕۆیی..!

گەلێکم پشکنی دنیا، لە دووی ئەو جووتە لێوەی ئەو،
هەزار ئەفسوس! نە ئەو ڕۆژەم بەدی کردو نەشێوەی ئەو..،

نە پرشنگی لە خونچەی‌دا، نە پەنجەی‌دا، لە تاری دڵ..،
نە بەژنی شۆخ و شەنگی بوو: بە میوانی تەلاری دڵ..!

نە چاوانی گوڵی ڕشت و نە کلچێوکێکی پیاهێنا..!
نە پرچی نێرگزی مەست و، وەنەوشەی شینی داهێنا..!

نە پێکی نایە سەر لێوو، نە بیستم ڕازی شیرینی...
نە ماڵ ئاوایی لێ کردم، نە ئیتر شێوەییم بینی..!

* * *

بەڵێ ئەو خونچەیەی چەند هەنگ پەشۆکا بوون لەژێر پێیدا
خەوی ڕۆژو شەوی وابوو: گزنگی چاوی تۆ لێیدا..!

کە چاوی تۆی نەدی شێوا، لە داخا کوڵمی خوا کردی
گـــــــەڵاکانی وەکو عومری منی بێچارە با بردی..!

تەلی دڵ، چەندە سەیری کرد، کە پەنجەی تۆی نەدی چاوی
دەروونی بوو: بە گۆڕیچەی هەموو ئاوازی تاساوی..!

تەلاری دڵ کە ڕۆشن بوو، بەوەی تۆبی بە میوانی..
هەواری چۆڵ و هۆڵی بوو: بە گۆڕی گردی سەیوانی..!

* * *

گوڵی باخی دڵم، چاوی، بە دوی تۆدا ئەوەند گێڕا..
هەتاکو چاوەکەی خۆشی، لە دەوری چاوی تۆ گێڕا..!

وەنەوشەو دەستە خوشکانی، لەبێ مەیلی هەناسەی تۆ
هەناسەی دەرنەچوو دەمیان‌و تاساشن، لە تاسەی تۆ..!

وە یا ئەو پێکە ڕەنگینەی کە هەر نەیبیست لە تۆ دەنگێ
لە داخا بادەکەی ڕشت و، سەری خۆی دایە بەر سەنگێ...!

لە پاشا گەردو تۆزقاڵی، کە وەك کەرتی دڵی من بوو
یەکی ڕوی کردە سوچێك و لەتاریکی شەوا وون بوو

بەڵێ، ئێستا ئەوی جێ ماوە بۆ من، یادگارێکە
بەسەرهاتی دڵی وردو بەسەرچوونی بەهارێکە.

* * * *

*(لە ساڵی 1946دا ووتراوەو لە نیسانی 1983دا تەواو کراوە)

1953

شانزە ساڵ چاوەڕوانی

دوێنێ لەتەك نەمانی سوورایی خۆرنشینا
كە شەو هێواشی باڵی كێشا بەسەر زەمینا
تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پڕ لە تاسەی دەروون‌و گیانی برسیم
بەجارێ نایە چاڵی ژیانی پڕ سزاوە
كە شەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیاڕزاوە
لەتەك هەموو عەزاب‌و ژیانی بێ هیوادا
ئەم ڕەنجی ساڵەهایەم كە گشتی چوو بەبادا
لەتەك ئەمانەشا من هەر چەندە تێ گەییشتووم
كە دوی خەیاڵی دووری پەری نیگارێ كەو تووم
لەكانی قووڵی دڵما كە بۆتە گوڕی ئاوات
ڕژاوە نەقشی باڵای بڵندی ئاڵ‌و واڵات

عەبابەیلێ 1948

ئۆباڵی خۆت بەئەستۆی خۆت

بەدەستی خۆت كەجامت خستە سەرلێوت، غەشیمانە
ئەگەر زەهریشی تێدا بوو، گوناهی خۆتە بیزانە
هەڵە ، یاخود گوناهت كرد لە كاتێكا كە بێ هۆشی
سزاو تاڵاوی هەرچی بی ئەبێ وەك بادە بینۆشی
ئەگەر پیاویت‌و ئەیزانی كەوا ئۆباڵی كردارت
لە ئەستۆی ووردی خۆتایە ، ئیتر بێ سوودە هاوارت..

پێنج خشتەكی لەسەر غەزەلێكی ((شێخ نووری))

قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست‌و بێدارانی شەو
خۆت نەخەیتە بەرشەپۆلی ئەشكی بێ پایانی شەو
ئەی كچی خواوەندی جوانی‌و ئەی چرای دیوانی شەو
((خۆت بپارێزە لەئاهی دڵ بریندارانی شەو
نەك خواناكەردە گیرابێ دۆعای نالانی شەو))
ویڵم‌و تاریكە دەورم فەرشی ڕێگەم مەینەتە
بێ كەسم تەنها ئەناڵم مەرگێ خۆمم عەزرەتە
سازی ئاهەنگی شەوانم سۆزی جەرگی لەت لەتە
((یاوەرو یاری ئەنیسم ئاهو ئەشكی حەسرەتە
ئافەرین ئەی بارك الله دیدەیی گریانی شەو))
وا نەزانی دەستی غەم یادت لەدڵدا دەرئەكا
ئەشكی خوێنینم دەلیلە بۆ كەسێ باوەڕ نەكا
گیانەكەم بەو تیشكی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەر ئەكا
((دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن‌و لەدیدەم سەر ئەكا
هەر كە ڕابوورێ بەدڵما سوحبەتی جارانی شەو))
هاودەمێ فەرمووی لەبەر چی كردەوەت گریانە هەر
تافی لاوێتیتە، لاوی قەڵبەزەی سەیرانە هەر
من ووتم سەیران‌و خۆشی پێشكەشی شادانە هەر
((ئەشكی حەسرەت لازمی جەمعی سیا بەختانە هەر
شەونمی سوبحە دەلیلی قەترەیەك گریانی شەو))
هەوڵی زۆرم دا لەداوی زوڵفی ئەو بێ مروەتە
دەرچم‌و دوایی بهێنم بەم عەزاب‌و مەینەتە
پێی وتم بێسوودە هەوڵت تاكو ماوی جێگەتە
((" نوری " لەم پێچ‌و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی تەبعان مەحاڵە ڕوخسەتی میوانی شەو))

هەڵەبجە 1948

من‌و تۆ

چە سرێكت لەناو دڵدا حەشار داوە بەپەنهانی
كە چاوت چەشنی ئاوێنە ، وەها بێ پەردە دركانی
ئەزانم دڵ هەیە ، وەك مس كە ژەنگ دێنێ بە ئاسانی
دڵی تۆ زێڕی تێزابە لە كوێوە ژەنگی هەڵهانی
ئەمانە گەرچی تێ ناگەی بەڵام پێویستە بیزانی
هەتا ماوم لە دنیادا ، فریشتەی باخی ئاواتم
بەدڵ هەر چەشنی خەرمانە لە دەوری مانگی گۆناتم

1953



چەپکە گوڵێك بۆ ((ست فاتمە))

ئەمەوێ خوێندەواری خۆشەویست ئەوە بزانێ، کە ناوی (فاتیمە) وە نەبی ناوێکی ڕاستەقینە بێت، بەڵکو وەکو لەگەڵێ چیرۆکدا ناوی خواستەمەنی بۆ قارەمانی چیرۆکەکە دائەنرێ ئەمیش شتێکە وا ئەمە لەو لاوە بوەستێ، لە لایەکی تریشەوە (ست) هەر تەنیا لە بەر ئەوە ووتراوە کە سەرنجی خەڵقی ڕابکێشێ و هیچی تر..))

(أ.هـ)

فاتیمە ! دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی یە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانی یە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یونانی یە
لارو لەنجەت موسیقایە بەستەیە گۆرانی یە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتیمە !
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەو پەری ئاواتمە
گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنها بۆ کوری خاوەن تەلارو ئانەیە
گیانەکەم ! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بەتەنیا خۆشەویستی شك ئەبەم ست فاتیمە!
سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەوپەری ئاواتمە
خۆشەویستی وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرزو ناسك، وەك هەناسەی پڕ گوڵاوی دلبەران
ئەو کەسانەی بۆ قرانێ چەندە دڵیان هەڵوەران
خەلقی تر پارە پەرستی بابکەن ست فاتیمە !
من بەتەنها تۆ پەرستی ئەوپەری ئاواتمە
زۆر کەرەت هانم ئەدا داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم
داخەکەم کاتێ کە دێمە بەردەمت واقی ووڕم
وام ئەشێوێنێ بەجۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتیمە !
گوێیە بۆ ئەم ڕازە شل کەی و ئەو پەری ئاواتمە

سلێمانی 1950

(چاوەڕوانی بێ هوودە)

هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەسەر ڕێیدا ئەوەستم من هەتاکو ئاوی پێم دایە
بەدوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەی تروکێنێ
بەدوو چاوێ کە سڕی قوڵی لاوێتی ئەدرکێنێ
سەرنجی ڕێ ئەدەم ، ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە، وایە
شنەی با، باسی جوانی ئەو بەگوێی من دا ئەچرپێنێ
هەموو دەرکەوتنی شۆخێ دڵی من دائەخورپێنی
بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە
کە سەرتاپا لە ئاوازی بەهەشتی خواوە پەیدایە
بەڵێ کاتێ کەئەو دەرکەوت ئیتر من بێسەرو شوێنم
بەتیشکی خۆری جوانی ئەو بەجارێ قوڵپ ئەدا خوێنم
وەکو چۆن نەونەمامێ گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ
لەشم مووچڕکی دڵداری وەها ناخی ئەبزوێنێ
ئەگەرچی وەك خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە
لەئەندام و لەش و لاری بڵندو ڕێکی ئالاوە..
بەڵام کاتێ کە با، چمکی عەباکەی لا ئەدا تاوێ
ئەرێژێ[1] پووزی نایابی لەسیحری خوایی لافاوێ

سلێمانی 1951

هەرچەندە ئەم هەڵبەستەش، وەکو زۆربەی هەڵبەستی تری من ناتەواوە بەڵام ئەوەندەی کە توانیومە دەری برم، لام وایە تینوێتی گەلێك کەس ئەشکێنێ.

(أ.هـ)

دوو چەشن دڵداری

ئەم دڵەی وەك بت پەرستێ ڕوو ئەكاتە چاوەكەت
نوێژ ئەكا بۆ :تیشكی چاوو زوڵفە تێك ئاڵاوەكەت
گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرەو پێڵاوەكەت
قەت بە دڵڕەق باست ناكەم، نایزڕێنم: ناوەكەت
چونكە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەكەت
مەستی كردووی، بۆیە نابینێ لە عاستم، چاوەكەت

★ ★ ★

باخەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتەوە
بۆ ئەوەی گەورەی بكاو بۆ پارە بیگۆڕێتەوە
بیفرۆشێ بەو كەسەی خەڵقی ئەڕوتێنێتەوە
بۆ ئەوەی مێزی شەرابی، پێ بڕازێنێتەوە..
كچ لەلای ئێمەش گوڵێكە، بۆیە پەروەردەی ئەكەن
تا بڕازێنێتەوە: مێزی شەرابی دەوڵەمەن..!

★ ★ ★

ڕەنگە لات وابێ كە گوایا: یارەكەت مارەت ئەكا
یا بە كەیبانووی تەلاری بەرزی ئەم شارەت ئەكا
ئەم خەیاڵەت خاوە، تووشی: داوی ئەو مارەت ئەكا
چونكە وەك گورگێكە مەیلی ئەو لەش و لارەت ئەكا
ئەو بەتەنیا بۆ گوڵی سەرمێزی بادەی تۆی ئەوێ
هەر كە جارێ بۆنی كردی، جا گوڵێكی نوێی ئەوێ!

★ ★ ★

ئەو، گوڵی بۆ: مێزی بادەو پۆكەرو یاری ئەوێ
واتە: تۆی بۆ تێپەڕینی كاتی بێزاری ئەوێ
من، گوڵم بۆ: تۆوی باخی. ژین و دڵداری ئەوێ
یانی من: تۆم بۆ: ئەوینی عومری یەكجاری ئەوێ
تۆم ئەوێ وەك گوڵ لە باخی ماڵی مندا هەڵبدەی
نەك گوڵی سەرمێزی ئیمڕۆ بیت و پێخوستی سبەی!

★ ★ ★

من، ئەوینم هینی عومرەو، هی خەوی شەوگار نی‌یە
وەك خەوی خاوەن تەلارو خاوەنی دینار نی‌یە
هەربوەو هەرگیز ئەمێنێ، هینی جارو بار نی‌یە
ئاوی لێڵی كوێرە شیوێ، چەشنی هی ڕوبار نی‌یە
جا ئیتر من وا قسەی خۆم پێ‌گەیاندی، بێ درۆ
حەز ئەكەی هەروەك پەپوولە ڕوو لە ئاگركەو بڕۆ!

لە ساڵی 1950 دا ووتراوە ولە ساڵی 1983 دا تەواو كراوە

(دوو چەشن دڵداری هەیە)

ئەو شیعرە لە چاپی یەكەمدا ناوی (دڵداری كچی تازە)یە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ناوی (دوو چەشن دڵداری) بوو.

تەپڵی بەتاڵ

(وەمزانی: کە ناموس و حەیا نرخی کوڕانە
ڕاستگۆیی وولاّت پەروەری، ئەنجامی ژیانە
نەمزانی براکەم، هەموو ئەم ناوە زلانە
وەك تەپڵی بەتاڵ، گەرچی زل و گەورەیە، دەنگیان
دەسکردی خەیاڵن، لە ژیانا: نیەیە ڕەنگیان!)
* * *

(نەمزانی ئەتیکێتی سەدەی تازە، ڕیایە!
ئادابی لەلایە ئەوی وەك لۆتی وەهایە
فیزی ئەم و ئەو هەڵئەپەڕێنێ بە سەنایە
کێ باوی هەبوو، نۆکەرە ئەو، گوێ ئەلەقێنێ
مەیمونە، تەشی ڕێسە، بە دڵ پیاهەڵئەخوێنێ!)
* * *

بەم جۆرە ئەڕۆیشت و لەبەرخۆیەوە ئەیووت:
بڕواکە نەکەیت: یاکە نەبی ئێستەکە دەمکوت
فەرمو ئەوە گەل: چۆنی ئەڵێم، وایە کوت و مت
گەورەی کە لەبەر پارە تەشی ڕستنە پیشەی
بچکۆلەکەشی نۆکەری، کاری هەمیشەی!)
* * *

(چەند ساڵە، لە ڕێی ئەم گەلەدا، من کە ئەسووتێم
کەس نرخی نەزانیم و هەتا تێنەگەیی لێم..!
سا شەرتە کە میللەت ئەمەبێ، بیخەمە ژێر پێم..
هەرچەندە بە سەرزاری ئەبێ: گەل مەبەسم بێ
بۆ شوێنەوونی، بەرزیی ئەو: گورزی دەسم بێ!)
* * *

ئاوا بە ڕق و کینەوە هەنگاوی ئەنا بۆی
پیلانی ئەکێشا بە خەیاڵ و خەوی بێ شۆی
تاگەیی‌یە تەلارێك و کەمێ هاتەوە سەر خۆی
وەك دوو دڵی یەك، قاچی ببەستێتەوە تاوێ
وەستاو، لە پاشا، چووە ژورێ بە شەقاوێ
* * *

لەو ڕۆژەوە هەرچی کە ئەزانی و نەئەزانی
لەو کۆشکە هەڵی ڕشت و فرۆشتی بە نیهانی
کۆتایی بە ژینی لەوەپێشی، بەوەهانی!
لەوساوە قەڵەمبازی ئەدا: پایە بە پایە!
بۆ هەڵمەتە کاسەی گەلەکەی، بوو بووەسایە
* * *

ئینجا کەگەیی ئەو بەپلەو پایەیی ئەمڕۆی
کۆبوونەوە لێی: پایە پەرستانی وەکو خۆی
تـــاکو بەتەشی ڕستن و بادانی درۆ بۆی
سەودا لە پەنایا بکەن و (جێ) بفرۆشن
پاروو بــــــگلێنن بە شەوو بادە بنۆشن
* * *

شـــــــــەو مێزی شەرابی کە ئەڕازایەوە بۆ کۆڕ
ڕووناکی ئەبەخشی لە شەوا، ویسکیی سەر مۆر
جا پێك و سەری گەرم و قسەو بابەتی سەد جۆر
هەر پەخشی ستاییش بوو بەسەر کاکی بەڕێزا!
هەر گوڵ ئەکرا، جا، بەیەخەی خاوەنی مێزا!
* * *

تەنیا کە ئەبوو، یاخەفەتێ کاری ئەکردتێ‌ی
ئەیدی کە قسەی هاودەمەکەی دێتەوە بەر گوێی
بەم شێوەیە: ئەیخوێندەوە، ئەو نامەیە بۆ خۆی:
(فەرموتە: ئەوەی خزمەتی ژێر دەستی مەبەست بێ
پێویستە وەکو ئێوە: مەزن بێت و بەدەست بێ..!)

* * *

(پاکانە ئەکەیت بۆ: هەوەسی نەوسن و برسیت؟!
گوایا کە لەبەر خزمەتی گەل، عاشقی کورسیت؟
کورسیت کە هەبێ، دادی گەلی لێوە ئەپرســـیت؟
قوربان! بەچ ڕەنگ پێت ئەکرێ: خزمەتی کـونجێ
تا سودی لەگەڵ سودی سەری گەورە، نەگونجێ؟)
* * *

(خۆ گەر بیەوێ ئەو سەرە، پیلانێ بتاشێ)
یا بۆ گەلەکەت، سازی بکا: کورەوو ئاشێ
ئەیبینی کە لەم دامەیەدا، ئەتکەنە: داشێ!
ئەوسا مەزنیت، دەرئەکەوێ، خەون و خەیاڵە
ئەو گەورەیی‌یەی ئێوە وەکو: تەپڵی پەتاڵە!)
* * *

هەرچی ووتبوو هاودەمەکەی، گشتی وەهابوو
پیلان‌و گەل‌و ڕۆڵەیی گەل، ئاگــــــرو کابوو
بۆ سودی کەسانێ، ملی چەند ڕۆڵە شکابوو!
لەم نەقشەیەدا، کاکی مەزن، پیادەیی شابوو
لافی مەزنی‌و گەورەیی ئەو، هەروەکو بابوو!
* * *

ئـــــــەوسا قسەکەی هاتەوە گوێ زۆر بەزوڵاڵی
(تۆ دەنگی دەهۆڵێکی، وەیا : تەپڵی بەتاڵی..!)

ئەم شیعرە کە لە ساڵی 1951دا ووتراوە، بەسەرهاتی کابرایەکی ڕوخاوە کە لە سەردەمی (پاشایەتیدا) ڕووئەکاتە کۆشکێك و لەوێ: ڕوخاننی خۆی مۆر ئەکات و دوای ئەوە بەرزی ئەکەنەوە و ئەبێت بە خاوەن پایەیەکی بەرز...



(پەیامی یار)

لە یارەوە :
لە شۆخ و شەنگی پارەوە،
لە ڕازی.. پڕنیهانی‌یا،
لە تەك شنەی بەیانی‌یا،
پەیام لە یاری جوانەوە
گەیشتە لام...
* * *
بەرامەکەی
گوڵاوی باخی نامەکەی،
کە ئاوی زیندەگانی‌یە...،
شەرابی کامەرانی‌یە...،
گوڵی هیوای ژیانەوە...،
گوڵی هیوام...
* * *
چ نامەیێ؟
چ پەنجەیێ چ خامەیێ؟
ئەوەندە دڵ ئەکاتەوە؟!
خەفەت لەبیر ئەباتەوە،
ئەخاتە ناخی گیانەوە:
تەزوی بەتام...؟!

سلێمانی /1958

(تانگۆی کوردی)

تاقانە خونچەی باخی ژیانم..
زیندو کەرەوەی ئاواتی بێ گیانم!
ڕۆشنکەری : ڕێگای ژین‌و مانم
بالەدەستی ، ژینی پەستی شارو دێ، شارو دێ
ڕاکەین‌و ڕووبکەینە : چۆڵ هەردێ، ناو هەردێ
تەنیا وەك ئاسکۆڵەی کۆسار
ڕوبکەینە قەد شاخ‌و ناو گوڵزار

لەقەد پاڵی شاخی هەزار بەهەزار
لەسای سێبەری درەختی ناو گوڵزار
کونجێ بکەین : بەهێلانەو هەوار
دەست لەگەردن ، تاکو مردن، شۆخ‌و شاد، شۆخ‌و شاد
خەمی دنیا: بەماچ بدەین بەباد، هەر بەباد...
گۆنات هەڵمژم پڕ بەدەم
سوور هەڵگەڕێ هێندە ماچی کەم..!
سلێمانی 1941

ڕازی تەنیایی*

ژیان و ئەرکی ناخۆشی ، پەپولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دڵداری لەتافی لاویدا ڕشتم
تەمی ، ڕۆژانی پڕ مەینەت وەها تاریك و چڵکن بوو
نیگاری خۆشەویستی‌ی دڵ پەری ئاسایی، تیاوون بو
شەوی تەنیایی، روناکی چرای ئاواتی خنکانم
دەسی ناکامی ئاوازی دەروونی کەیلی، تاسانم
ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی

دەروونی پڕ لە ناکامی

ئە پێوم چۆڵی سەرسامی

لەتەنیایی شەوی ژینا ئەنێم هەنگاوی کوێرانە
نیە دەستێ دەرم بێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە
نیە جوانێ سەری کاسم بنێتە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکی لەشم دەرکا، خەوی سەر باوەشی گەرمی
ئەگێڕم چاوی بێتینم، بەتاریکی شەوا سەر سام
نیە پرشنگی دووچاوێ کە ڕووناکی بکا، ڕێگام
بەغەیری باڵی غەمناکی

شەوی پڕ ترس و سامناکی

نیە یەك تۆزە ڕووناکی

نیە تەنیا پەری زادێ، کە پاڵم پێوەنێ، نازی
کە بەهرەی سیس و ژاکاوم ببوژێنێتەوە ڕازی
تریقەی ئەو، تەمی ئەم یەئسە ڕامالێ لەسەر چاوم
وەکو لای لایە ژیری کا دڵی منداڵی گریاوم
بەڵێ، گوێ هەڵئەخەم بێجگە لەخورپەی سست و لێدانی
دڵی پەستم کە نووزەی دێ بەعاستەم ڕازی پەنهانی
نیە هەر دەنگی هیچ نایە

لەهیچ شوێنێ، لەهیچ لایێ

شەقەی باڵێ، شنەی بایێ

سلێمانی 1951

*ئەم شیعرە هەرچەندە لەساڵی 1951دا ووتراوە ، بەڵام شێوەنێکە ، یان ئاوڕدانەوەیەکە لەقۆناخێکی لەوە پێشتر.. واتە لەم ڕووەوە ، تا ڕادەیەك لە (شانزە ساڵ چاوەڕوانی) ئەچێت.

(أ.هـ)

فەلسەفەی دڵداری*

کە جۆگا تێکەڵی چەم بێ و چەمیش تێکەڵ بەدەریا بێ
شەماڵیش پڕ لەهەستی بێ نیە شت تاکو تەنیابێ
بەقانوونی خودا ئەشیا ئەبێ تێکەڵ بەیەکتر بن
ئیتر، بۆچی من و تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ!
کە کێوو کەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرزو شین
شەپۆلیش هەر وەکو دڵدار لەمل یەك دەستی ئاڵابێ
ئەبەد نابێ : کەخوشکی گوڵ، برای دەرکات و لێی دووربێ
کەتیشکی ڕۆژ، زەمینی هەر وەکو دولبەر، لەکۆشابێ
ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر، گەر تۆش نەکەی ماچم..
هەمووی بێ کەڵکە ئەم ماچانە، بێ تۆ فائیدەی نابێ..

بەغدا 1939

شیعری ((شیللی‌یە)) لەعەرەبییەوە کراوە بەکوردی

ئازادی خوای کوردین ئێمە

ئازادی خوای کوردین ئێمە
شورای پۆلاو بەردین ئێمە
پشتی جوتیاری زەبوونین
ئالای بەرزی چون یەك بوونین
شێری دەستی لێ قەوماوین
لەرووی زوڵما هەڵکێشراوین
ئاغاو بەگزادانی زۆردار
جەردەی گیانی گەلی هەژار
خوێن خۆری ئەم نیشتمانەن
ئالەتی دەستی بێگانەن
ڕۆژی خۆی گیانیان دەردێنین
تۆڵەی گەلیان لێ ئەستێنین
ئازادی خوای کوردین ئێمە
شورای پۆلاو بەردین ئێمە
باروت و قورو قوشم و پۆلا
گوللەی زۆرداری ناقۆلا
زنجیری سەر بەندیخانە
ڕەشاشی دەستی بێگانە
یەك زەرە کارمان تێناکا
تەرکی ڕێگامان پێناکا
گەر مردووین لەم ڕێگاو بانە
نابین بە پیاوی بێگانە
ناوی ترساندن نازانین
چونکە ساحێبی ئیمانین
ئازادی خوای کوردین ئێمە
شورای پۆلاو بەردین ئێمە
هەر قەومێ بەرگی زامار بێ
وەك ئێمە دیلی زۆردار بێ
ڕەنجی شانی بۆ ئاغایە
بیکا بەزێرو سەرمایە
میللەتیش ڕوت و عوریان بێ
موحتاجی یەك پارو نان بێ
لەگەڵ ئەو قەومە یەك جۆرین
دوژمنی ئاغای خوێن خۆرین
پشتی قەومی بێ تاوانین
هاوڕێی ئازادی خواهانین
ئازادی خوای کوردین ئێمە
شورای پۆلاو بەردین ئێمە



★دەسم دامێنت ئەی میللەت ! لەخۆت هەرگیز نەبی بایی
نەهێڵی خوێنی لاوانت ئەبەد بڕوا بەخۆڕایی
بەڵێ ئەو خوێنە تۆ ڕشتت لەجەرگەی کۆڕی مەیدانا
هەزاران مۆری عاری نا بە ڕووی میللەت فرۆشانا
بەڵام هێشتا گەلێ کۆتو گەلێ پێوەند لەپێتایە
ڕێگا ناخۆشو دژوارە ، دزو جەردە لەڕێ تایە
سەفیرو زابتانی ئیرتیباتی مامە ئیستعمار
بەسەر سنگی وڵاتا هاتووچۆیانە بەلەنجەو لار
خەریکن ئاگری فیتنە لەناوا هەڵبگیرسێنن
خەریکن چاوی ئەم خەڵکە بەپیلانێ بترسێنن
سبەینێ ئینتخاباتەو کەچی ئەو خائینانەی تۆ
بەسەربەستی بەناو تۆدا هەموو کەوتوونە هاتو چۆ
بەڵێ وا ئینتخاباتەو کەچی هەر قارەمانانە
لەبەندیخانەدا دیلن بەئەمری پیاوی بێگانە
بەڵی ئەو کۆمەڵانەی شیری دەستی میللەتی ڕووتن
لە لای ئەم کاربەدەستانە ئەڵێی بەنزینو باروتن
کەچی ئەو کۆمەڵانەی ڕو لەپێوەنگ کردنی گشتین
قەڵای کۆنە پەرستینو گەرای جێماوی فاشستین
بەسەربەستی لەڕووی میللەت پەرستانا ئەلورێنن
کەمەندو گورزی ئیرهابو مەترسی هەڵئەسوورێنن
لەڕۆژو چەرخی ئاوادا کەهیچ حیزبێکی دڵسۆزت
بەسەربەستی نەهێڵن دەربخا ئاواتی پیرۆزت
ئیتر ئەی کێ هەیە ئەمڕۆ کەدەربەستی ژیانت بێ
لەگەرمەی ئینتخاباتا سبەینێ پشتیوانت بێ؟!

★ئەم شیعرە بەبۆنەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانەوە لەساڵی 1947 دا نووسراوە

ئاگری
سوری ئیرهابی عورفی*

ئاگری سوری ئیرهابی عورفی
شاڵاو ئەهێنێ مەکەی بۆ نیە
گرانی وەها پێی لێ هەڵبڕی
لەگەلێ ماڵا نانی جۆ نیە
هەر کەسێ شەکوای حاڵی دەربڕێ
یاشیوعیە یا سەهیۆنیە
حارسی تەختی لەندەنی ڕزیو
چاك بزانە گەل نابڕێتەوە
خوێنی چەند هەزار لاوی خێر نەدیو
نەقشی مێژووەو ناکوژێتەوە
ئەو گەلەی لەخەو ڕاستی بۆتەوە
نابەزێ لەڕێی ئەم ژیانەدا
قاچی ڕۆڵەکەی گەر بەکۆتەوە
هەڵوەرێ لەناو بەندیخانەدا

★هەردی ئەم سرودەی بەبۆنەی ڕاپەڕینی کانونی دووەمی ساڵی 1948-
داناوە.

(بۆ سەر کێلی گڵکۆی ئازیزان)

کاتێك کە (ڕازی تەنیایی) بۆ یەکەم جار، لە چاپ درا، من تەنیا دوو (چوارینم)، بە بۆنەی مردنی دوو لاوی جوانەمەرگەوە دانا بوو، کە هەردووکیان لە چاپی یەکەمدا نووسراون. بەڵام دوای دەرچوونی (ڕازی تەنیایی)، ناچار بووم تکای هەندێك برادەرو ناسیاوی بەڕێز بگرم و، هەندێك چوارینی تری لەو بابەتە، دابنێم، جا، لەبەرئەوە، وام بە چاك زانی، هەڵبژاردەیەکیان بخەمە دوای دیوانەکەوەو لە شیعرەکانی تری جیابکەمەوە و ناویبنێم: (بۆ سەر کێلی: گڵگۆی ئازیزان)، چونکە هەریەکێکیان، بەو مەبەستە دانراوە: کە لەسەر کێلی، ئەو جۆرە کەسانە بنوسرێت.\

شایانی باسە ئەو چوارینانەی بۆ ئەو مەبەستە دانراون، گەلێك لەوە زۆرترن کە لێرەدا نووسراون، بگرە لەوانەیە: سێ ئەوەندەو چوار ئەوەندەی ئەم چوارینانەی ئێرەبن، بەڵام هیچیانم لەبیر نەماوە و لای خۆشم نەنووسراونەتەوە و وەکو بیرم بێت، هیچیشیان لەو پلەیەدا نەدیوە کە سۆراخێکیان بکەم، تاکو لێرەدا بینووسمەوە.

بەم بۆنەیەوە، پێویستە بڵێم: من هیچ شتێکم ئەوەندەی ئەوە پێ گران نییە، کە لەسەر داخوازی خەڵك شیعر دانێم، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لەسەر کێلی مردوان ئەنووسرێن، بەڵام لەگەڵ ڕوولێنانی دۆست و ئاشنایاندا ئەڵێی چی؟! لەناو ئەو شیعرە کەمانەدا کە لێم وون بوون، تەنیا داخ بۆ (شیوەن)ەکەی (بێکەسی) شاعیر ئەخۆم، کە بۆ یادکردنەوەی مامۆستای ناوبراو دامنابوو لە کۆبوونەوەیەکی سینەمای (سیروان) دا لە سلێمانی خوێندمەوە. داخەکەم لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەللایەکدا بۆم نەدۆزرایەوە. لە کۆتاییدا هیوام وایە ئەم چەند چوارینە هەڵبژاردەیەشتان وەکو ئەوانی تر بەدڵ بێت..

1984/4/22

ئەحمەد هەردی

1-بۆ (کەمالی جەلال سائیب) ووتراوە، کە لە 1938/7/24دا لە ڕانیە کوژراوە:

بـــــای ئەجەل هات و لەناکاو، دەفتەری ژینی دڕیـــــم
تاکو دوێنێ خونچە بووم، ئەمڕۆ بە ناهەق، هـــــەڵوەریم!
وەك بـــروسـکە نەو نــەمـــامێ داڕنێ، وەختی چـــرۆ
هـــــات و گوللەی وێڵ لە ناکاو، بێ گـــوناه جەرگی بڕیم!

(1938)

* * *

2-بە زمان (محەممەد کەریم)ی هاوڕێمەوە ووتراوە کە لەسەرەتای لاویدا خۆی کوشتووە:

برام وا تێنەگەی ئـــــاخم، لە داخی نائومێدیمە
ئەگەرچی زامی سەر سنگم: نیشانەی جوانەمەرگیمە!
بــــەلام بۆیە دڵم بەر گوللەدا: زانیم کەچی تیایە
دڵێ وێنەی کچی تیابێ، نەمانی باشە بـــۆ چیمە؟!

* * *

(3)بۆ (مەهتابی شێخ جەلالی شێخ ڕەشید) ووتراوە کە لە هەرەتی لاویدا جوانەمەرگ بووە:

کە ڕابوردی بە ئەسپایی، لەسەر ئەم گۆڕە پێدانێ
کە مەهتابێکی تێدایە، مەگەر ئەو خوایە بیزانێ!
لە باخی خۆشەویستیدا، گوڵاڵەی نەوجەوانی بوو
کەچی کاتی گەڵاڕێزانی ئەو، هێشتا، بەیانی بوو!

(1959)

* * *

(4) بۆ (نەژادی ڕەمزی ئەفەندی) ووتراوە کە قوتابی کۆلیجی پزیشکی بوو لە ئەستەممولّو، لە هەرەتی لاویدا مردووە:

درەختی ڕەنجی چەند ساڵەم، کەمی مابوو چرۆ دەرکا
کـــــەمی مابوو بەری باخم، ژیانم پڕ لە سێبەرکا
بــە ئەو ئاواتە من ئەژیام، لە کونجی دوور وولاتێکا
لــە پـــڕ مردن، تەلاری ژینمی ڕوخان، لە ساتێکا..!

1969/3/6

* * *

(5) بۆ (شێخ ئەحمەدی شێخ رەزا)ی بەرزنجەیی ووتراوە، کەلە نەخۆشخانەی سلێمانی کۆچی دوایی کردووە:

هەتا مابووم، دەسی تاسەم، نەگەیی‌یە چاکی دڵخوازێ!
نەهۆشم مەستی بۆنێ بوو، نە گوێچکەم کەیلی ئاوازێ!
کــە مــردیشم لــە ژوورێکی: نەخۆشخانەی سلێمانی
نە دڵسۆزێ لە دەورم بــوو، نە کەس بەو مردنەی زانی!

* * *

(6) بۆ (شێرزادی کاکە جەزا) ووتراوە کە لە کۆلیجی کشت و کاڵ لە هەرەتی لاویدا، کۆچی کردووە:

هـــەموو ئـــاواتی نـــاکامم: گـوڵاڵەی لالە زارێ بوو
شـــــریتی سەرگورشتەی من: خـەوێکی نەوبەهارێ بوو
هــەموو پێچـــــــانەوەی ژینم، بریتی بوو: لە چیرۆکێ
لە کورتی و زوو بەسەرچوونا: بزەی سەر لێوی یارێ بوو!

1980/3/17

ڕازی تەنیایی

کۆمەڵە شیعرێکی (ئەحمەد هەردی)یە، لە 32 لاپەڕەی ناوەندیایە. چاپی لەسەر ئەرکی جەمال خەزنــــەدارە. پێشەکیەکەی هی مارف خەزنەدارە.

بەپێ نووسی مامۆستا —ف-*

هەر هەڵبەستەی کە لەدەمی خاوەنەکەی کەوتە خوارەوەو خەلکی دەستاو دەست قۆستیانەوەو یاکونو کەلەبەرو دوو توێی کتێبی بۆ پشکنینو عەودالّ بوون بەدوویا دیارە ئەوە (شیعرێکی زیندووە) چونکی توانیوێتی تەلی هەڵبەستەکانی لەدەماری دڵی خەڵکی دروست کا، کە ئەمەش هونەرێکی کەم نیە. بەپێچەوانەی ئەمەوە شیعری مردووش ئەوەیە هەر لەدەمی خاوەنەکەی کەوتە خوارێ هیچ دەماری نەبزوێنێ دیارە ئەوحەلە دەمو چاوی لێ گرژ ئەکریو ڕوی لێ وەرئەگێڕرێ. جا شیعرەکانی مامۆستا ((هەردی))ش ئەو گوللە تۆپانەیە کە هەر لەگەڵ گرمەیان کرد لەدڵی خەڵکیا ئەتەقیەوەو هەموو تەقینەوەیەکیشی مۆرکی ڕازی بوونو پەسەند کردنی بێ چەندو چوون بووە.

کەواتە هەڵبەستەکانی هەردی بۆ خەڵکە نەك بۆ خۆیو ئەوانەی چاپ کردنی ئەم هەڵبەستانەیان لەکەللەدا بووە زۆرتر لای ئەمو ئەوی بۆ گەڕاون نەك خۆی. بەپێویستم زانی بەم چەند دێڕەی سەرەوە ئەم لێ دوانەم داڕێژم ئینجا بێمە سەر (ڕازی تەنیایی) خۆی.

سەرەتاکەی مامۆستا (هەردی)م لەدووسەرەوە پەسەند کرد یەکێکیان ئامۆژگاریەکی دڵسۆزانەی بۆ هەموو گەنجێکی کورد کە گوێیان بەئاوازی گریاناویو لاواندنەوەی ئافرەتو دڵداری نەئاخنرێت بەڵکو بەجۆرە ئاوازێکی تر کە دیارە چیەو پێویست بەلێدوان ناکات.

سەرەکەی تریان ئەو (هەردی)یەی مارف خەزنەدار لەپێشەکیەکەیا بەهاوڕێی دەستە ڕاستی گۆرانی دائەنێ ئەو (هەردی)یە بەهەموو لەخۆبووردنێکەوە دەڵێ (ئینجا ئەگەر ئەم چەند هەڵبەستە خزمەتێکی بچووکی زمانە خۆشەویستەکەمان بکا ئەوا خۆم زۆر بەبەختیار ئەزانم با (هەرزن) یش بێت هەر جێی سوپاسە).

بەلای منەوە ئەم لەخۆ بووردنە گیانێکی ڕێكو ڕەوانی هونەرمەندێکی ڕاست دەرئەخا.

پێشەکیەکەی کاك (مارف خەزنەدار)یشم لەدوو سەرەوە پەسەند کرد، یەکەمیان شی کردنەوەو وورد کردنەوەیەکی تەواوی هەندێ لەهەڵبەستەکان، دووەمیان هێناوێتی پێشەکیەکەی بە(سڵاو بۆ کوردستان) دەست پێ کردووە کەلێش بۆتەوە بەهەمان تاڵە دەزوولەی زێڕین تونگ بەستوویەتیو گرێی داوە وەئەشبێ هەر وابێ هەموو هەوڵو تەقەلایەکمان بەسوود مەندی کوردستان بپێوینو هیچ شتێکی ترنەکەین بەماڵ بەسەر خۆمانەوە.

ئەمێنێتەوە سەر باسی هەڵبەستەکان من ئەم ویست لەوەستایەتی هەردیو سەرکەوتنی لەوێنە گرتنی پەنگ خواردنەوەو بەیەکا هاتنی هەستی دەروون درووست کردنی مانای تازەو مۆسیقای هەڵبەستەکان بدوێم بەڵام وائەزانم کاکی خاوەن پێشەکی تا ڕادەیەکی زۆر لە ساغ کردنەوەیانا سەرکەوتووە بەڵام ئەوی مەبەست بوو جگە لەوانە بیڵێم ئەوەیە کە سەرنج دانە شیعرەکانی هەردی، دوو شاعیری نەتەوەکەمان (بێکەس)و (پیرەمێرد) دێنێتەوە یاد، بێکەس کەوەستایەکی شیعری (توانجو پلار بوو) سەیری ئەکرد نەزانو نەفامان باویان هەیەو بازیان سوارە، پێگەیشتوانو هوشیارانیش فەرامۆش کراوو پەك خراون، ناچار توانجێکی ئەگرتە ئەو شیرازە تێك چوونە بەنیازی چاك کردنو ڕاستکردنەوەییو ئەیووت :

گەرچی زۆر جار پێم ووتون تێ بگەن
زوو پێبگەن
بەوقسانەم ئێوە قەد باوەڕ مەکەن
سەگ بووم وەڕیم

لێرەدا ئەم توانجو تانووتە تیرێکی ئاراستە کراوی سەردڵی نەزانیو نەفامییە . لەهەڵبەستێکی کەی دا بەبۆنەی دروست کردنی چەکی کوشندەو وێران کەرەوە هەر بەشێوەی توانجاوی ئەڵێ:

تف لەعیلمو سنعەتو سەد کارەبا   مەرحەبا ئەی جەهلو وەحشەت مەرحەبا

جا هەردیش کەسەیر ئەکا وا ڕییا لەو پەڕپایەتی ئەوی دوێنێ لافی زۆر شتی لێ ئەدا وائێستا فلچەیەکی بەدەستەوەیە خەریکی تەکاندنی شانی خاوەن پارەی ئەمڕۆیە بێ گوێ دانە ئەوەی چاك بی یان خراپ، دۆست بێ یا دوژمن، لەکاتێکا زۆربەی خەڵکی وەها بێ، هەڵبەستی (تەپڵی بەتاڵ) تیژترین توانجە بۆ ئەوانەی کەڕاست گۆییو وڵات پەروەریان لاوەك تەپڵی بەتاڵە دەنگی هەیەو ڕەنگی نیە.

ئەگەر هەڵبەست ئاوێنەی کۆمەڵ بێ ئەو هەڵبەستە مێژوویەکی ڕاستی ئەم دەوروبەرەی ئێستایە بەتایبەتی کە تیژترین تیری تانوتیان تێ ئەگرێو ئەڵێ:

نەمزانی (ئەتیکێتی) سەدەی تازە ڕییایە
ئادابی لەلایە ئەوی وەك (لۆتی) وەهایە

هاتنەوە یادی شیعرەکانی پیرەمێردیش لەشیعری هەردیدا لەڕووی وەستایەتیو دەربڕینی مەبەستێکی زۆرە بەتەنها ووشەیەك یا دووان لەچوارچێوەی هەڵبەستێکا کە بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستە نەوترابی ئەبینین پیرەمێرد لەهەڵبەستی (زستانی سلێمانی)دا کەسەرتاپا باسی زستانە ئەڵێ:

ئەڵێن بەرگی فریشتەی ئاسمانیش سپییە وەك بەفرە
فریشتەی ئێمە بالایە بەڵام چی بکەین لەگەڵ (تەفرە)

لێرەدا ووشەی ((تەفرە)) دەردێکی کۆمەڵایەتیمان نیشان ئەدا کە هەر وەستایەتی پیرەمێرد توانیوێتی لەناو هەڵبەستێکا کە بۆ مەبەستێکی تر وترابێ وا بەجوانی کۆی کاتەوە.

دیسانەوە (هەردی)یش لە (16 ساڵ چاوەڕوانی) پەری نیگارێکا بەرێکەوت دێتە سەرباسی ژیانی ئێستاو ئەیەوێ بەیەك دوو ووشە لێی بدوێو بگەڕێتەوە سەر باسەکەی خۆی ئەڵێ ئەو ژیانە (کەشەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیا ڕزاوە) بتەوی ئەم یەك دوو دێڕە خاو کەیتەوە ئەبی تۆمارێکی لەسەر بڕۆیت بەلام ئەو هەموو مەبەستە لەو یەك دوو ووشەیەدا وەستایانە دەربڕاوە. ماوەتەوە سەر ئەوە سەرنجی کڕیارانی ئەم (ڕازی تەنیایی)یە ڕاکێشم کەلەلاپەڕەی (25) لەدوا پێنج خشتەکیدا دێڕێك دوای (دەرچمو دوایی....) هەیە پەڕیوە ئەویش ئەمەیە (پێی وتم بێ سوودە هەوڵت تاکو ماوی جێگەتە). وە لەلاپەڕەی 28 ی هەڵبەستی (منو تۆ) دێڕی دوای (دڵی تۆ زێڕی...) هەیە پەڕیوە ئەویش ئەمەیە (ئەمانە گەرچی تێ ناگەم بەڵام پێویستە بیزانی).

***

*ئەم ووتارە بەناوی مامۆستا —ف– مامۆستا (فەرەیدون عەلی ئەمین)ە لەژینی ژمارە 1348 بڵاوکراوەتەوە.

*((ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا))

پرۆفیسۆر: عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ

ڕۆڤار

لەعەرەبییەوە کوردیە بەکوردی

بزاوتی ڕیالیزمی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا بووە مایەی خوڵقاندنی چەند ئەدیبێك کە ڕیالیستیانە هاتنە ئاراو ژانو چەوساندنەوەی گەلەکەیان لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دایەوە، پێشەنگی ئەوانەش (ئەحمەد هەردی) بوو کە بەسروودی (ئازادی خوای کوردین ئێمە) پشتیوانی لەو پێشکەوتن خوازانەی دنیا کرد کە زۆربەورەی بەرزەوە دژایەتی دەرەبەگی نێو جیهانی دەکەن لەپێناوی دابین کردنی زەوی بۆ جوتیاران. هەر لەسۆنەی ئەو پێشکەوتن خوازیەوە شاعیر بەئاقاری چینی کرێکاردا ڕۆیشت تاپێشڕەوایەتی خەباتی گەل بکەن دژی داگیرکەر. بەڵام هەردی لەو بەرهەمانەی دواییدا دەربڕی ڕازی ئەو دڵە ڕاوکێیە بوو کە تووشی بۆرژوازی بچووك دێو چۆن لەگەڵ یەکەم نسکۆدا کۆڵ ئەداو ترس بەرۆکی پێدەگرێ.

هەروەکو لەسەرەتای هەڵمەتی تۆقێنەرانەی ساڵی –1949–دا هەردی لەمەڕ بەرزی ورەو بەرەنگار بوونەوەری تێکۆشەرانی گەلەکەی دەدوێو لە شیعری (ئاگری شینی ئیرهابی عورفی)دا ئەوە بەئاشکرا دیارە.

پاش شکست هێنانی بزوتنەوەی نیشتمانی شاعیر بەئاقارێکی تری دوور لەئازارو ژانی گەلەکەیدا چوو بەرەو دنیای ئەوینی شۆخێکی دوور ڕووی نا :

((بالەدەستی ژینی پەستی شارو دێ
ڕابکەینو ڕوبکەینە چۆڵو هەردێ)).

هەردی لەڕێی ئەو شیعرانەوە ستایشی خۆشەویستەکەی دەکات بەڵام وای دەبینێ لە کۆمەڵەکەی ئەودا ژیانی ئاسودە تەنیا بۆ دەست ڕۆیشتوانە هەر بۆیە ئەوینی نائومێدانەی خۆی دەنێتە گۆڕو بیرەوەریەکانی ئەداتە دەم باو بۆ تەنیایی خۆی دەگری:

((ژیانو ئەرکی ناخۆشی پە پوولەی ئارەزووی کوشتم
شەرابی جامی دلـداری لەتافی لاویدا ڕشتم))

هەردی لەو تەنیاییو چاوەڕوانی دەرگای بەزەییەدا لەنائومێدی زیاتر هیچی دی بەدی ناکا بۆیە بەناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوەو تەنیا ئاسودەیی لەو ڕۆژانەدا دەبینێتەوە کە سرودی بۆ گەلەکەی دەچڕی:

((ئەوی یەك تۆزە ڕوناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە
دڵێکی پڕ لەئاوات بوو کە ئێستا پاکی ڕوخاوە
بەڵێ ئەوسا دلێکم بووکە سەرچاوەی ژیانم بوو
دڵێ سەرچاوەی ئاواتو تەوژمو تینی گیانم بوو))

لەگەرمەی شۆڕشی نائومێدیدا، شاعیر لۆمەو گازندە لەکۆمەڵگەکەی دەکاو وای دەبینێ ئەو ئاسوودەییەی خواستی ئەو بوو لەو ڕوانگەیەوە نەهاتەدی چونکە کاڵا ئاسا لەکچ دەڕوانێ بۆیە دەڵێ:

((کچ لەلای ئێمە گوڵێکە بۆیە پەروەردەی ئەکەن
تاکو برازێنێتەوە مێزی شەرابی دەوڵەمەن))

شاعیر دەیەوێ لەو ململانێیەدا لەگەڵ تێکۆشەراندا بێ چونکە خۆشبەختی لەوەدا ئەبینێتەوە، هەروەکو لەم ڕوانینەیدا بەدی دەکرێ، ئەوی بەتەنیا ژیانی ویست ئەوە شیاوی ژیان نیە. ئەوەتا لەزمانی لاوێکەوە کە لەئاکامی ناموراد بوونی لەچیرۆکێکی دڵداریدا خۆی دەکوژێ، دەڵێ:

بڕام واتێ نەگەی ئاخم لەداخی نائومێدیمە
ئەگەرچی زامی سەرسنگم نیشانەی جوانەمەرگیمە
بەڵام بۆیە دڵم بەرگوللەدا : زانیم کەچی تیایە
دڵێ وێنەی کچی تیابێ، نەمانی باشە بۆچیمە؟!

***

*ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا–ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە (پرۆفیسۆر عیززەدین مستەفا ڕەسوڵ) بەزمانی عەرەبی نووسیویەتیو (المکتبة العصریة) لە –(بیروت). بۆی چاپکردووە ئەم کورتە باسەش لەدوتوێی ئەو کتێبە وەرگیراوە.

له بیرەوەری

(ئەمین زەکی بەگ)دا.

بە قەڵەمی: ئەحمەد هەردی

نازانم "ئەمین زەکی بەگ" "مێژووزانێکی" گەورە بوە یا "مێژووی نوسێکی زانا" چونکە زانین و ساغ کردنەوەی ئەوە ئەکەوێتە سەر شانی "مێژوونوسەکانی" دوارۆژ، بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە حوکم دانی (ئەمین زەکی) بەسەر شتا وەجۆری لێ کوڵێنەوەی لە دەرخستنی قەوماوەکانی مێژوودا لە لێکۆڵینەوەو حوکم دانای "زانا" یەك زیاتر ئەچێ چونکە دەردی کابرا ئەڵێ "نەزان یەکەن دەردو حوکم ئەدا بەسەر شتاو زانا تێبینی ئەکا ئینجا حوکم ئەدا بەڵام فەیلەسوف هەر لە سەرەتاوە "گومان" ئەکا، نوسینەکانی (ئەمین زەکی بەگ) هیچ وەختێ بۆنی ئەوەی لێ نایەت کە قەڵەمێکی هەرزەی سەرچڵ نوسیبێتی، ئەو قەڵەمانەی کە تەنیا ئیمانێکی گەرم ئەیان خاتە سەر قاقەز، وە بۆ ساغ بوونەوەی قسەکانیان بە تەنیا سوکە بەڵگەیەك هەزارو یەك پەڕیان پێ رەش ئەکاتەوە. بە کورتی بڵێم: هەرگیز "زەکی بەگ" ناچی "ئادەم، حەوا" و دارو دنیا بکا بەکورد بۆ ئەوەی کورد پەروەری خۆی دەربخا، یان میللەتی کورد بە گەورە بداتە قەڵەم، بەڵکو زۆر بە ئاغرانە دەس ئەکا بە بەڵگە هێنانەوە ولێکۆڵینەوە ، هەتا زۆرترین کەس لە شتێکا قسەیان یەك ئەکەوێت، ئەو قسەو بڕوایە پەسەند ناکا.

بەلی! دیمەنی دیاری ئەمین زەکی بەگ ئاغریە، ئاغری لە هەموو شتێکا، لە نوسینا، لەرەوشتا، تەنانەت لە سیاسەتا.

بۆ راست و دروستی ئەم قسەیە ئەتوانی سەرنجێك لە ژیانی (ئەمین زەکی) بدەی وە بزانیت ئاخۆ هەرگیز بە درێژایی ژیانی تێکەڵی هیچ قەومیەتێك بوە؟ لە وەڵاما بێگومان ئەڵێی نەخێر! چونکە مێژووی عێراقی تازەمان لەبەرچاوە کە گەلێ جار تۆفو گەرداوی سیاسەت گەلی لاوی کوردو عەرەبی راپێچ کردووە، بگرە گەلێ پیاوی گەورەی گرمۆڵە کردوە، و لول داوە، بەڵام هەرگیز تۆفو گەرداوی سیاسەت نەیتوانیوە جێگەی ئەمین زەکی لێژ بکا.. هەروەها لە ژیانیشا کەس نەی دیوە ئەمین زەکی قسەیەکی ناشیرین بکا، یان کارێکی وای لێ بوەشێتەوە کە لە ئاغریەوەیە دەربیت.

بە کورتی مامۆستای خوا لێخۆش بوی گەورەمان یەکەم مێژوو نوسێکی ئاغرە کە جۆری لێکۆڵینەوە و حوکم دانی بەسەر شتا قاپیەکی تازەی خستە سەر پشت لە نوسینی مێژوی کورددا بەتایەبەتی وە لە نوسینی کوردیدا بە تێك رایی کە ئەتوانین ناوی بنێین: لێکۆڵێنەوە یەکی ئاغرانەیی دور لە ئارەزوو.

له بیرەوەری

عەبدولواحید نوریدا

دوو شت لە رەوشتی (عبدالواحد نوری)دا، لە هەموو شتێکی تری، زیاتر شایانی باس کردنە، بەلای منەوە.

یەکەمیان: گیانێکی سپۆرتی بەرز: مامۆستا عبدالواحد بە پێچەوانەی گەلێك لە نوسەرەکانی ئیمڕۆ گیانێکی "سپۆرتی" هەبو بەرامبەر رەخنەگرتن. هەرچەندە رەخنەت لێ بگرتایە، وە هەرچەندە نەش هاتایە سەر قسەکەت، بەڵام هەرگیز رقی لێت هەڵنەئەستاو، لێوی نە ئەکرۆژتی.

لە بیرم دێ هێشتا قوتابیەکی نە ناسراوی خاو بووم، گەلێك جار لە روی راست کردنەوەی زبانەوە قەڵەمم ئەخستە نوسینەکانیەوە، نەك هەر من بەڵکو گەلی هاوڕێی تریشم. بەبێ ئەوەی رومان لێ گرژبکا، بەڵکو بە زەردەخەنەیەکەوە ئەی وت (شەرم مەکەن! چیتان بەدڵ نەبو، راستی کەنەوە) بەم گیانە بەرزەوە رەخنەی ئێمەی وەرئەگرت کە هەموو قوتابی خۆی بوین.

دوهەم: ساردنەوە بوو نەوە هەتا مردن: کە ئەڵێم هەتا مردن مەبە ستم (مبالغە) کردن نیە وەکو ئەو نوسەرانەی "مبالغە" لە شوێنی وادا بەجوان ئەزانن، بەڵکو بە ڕاستی مەبەستم (تا مردنە) چونکە لە بیرم دێ نەخۆشی سیل زۆری لێ سەندبو، دەنگی بە تەواوی نوسابو، موتالا کردن و ماندو بوون زیاتر ژیانی ئەخستە مەترسیە. ئا لەم کاتەدا لە بیرم دێ چومە لای..

چی ببینم باشە؟ بینیم خەریکی نوسینە! چەند وتارێکی (هـ. ج. ولتری) لەبەردەستایە خەریکە ئەیان کات بە کوردی، لەو لاشەوە "نامیلکە"یەکی داناوە بە تەمایە تەواوی کات، بەڵام لە پێش ئەوەدا من دەم بکەمەوە، خۆی پێشم کەوت و بە دەنگە نوساوەکەی وتی "برا! سەرت سوڕنەمێنێ من ئەزانم ئەوەندەم نەماوە لە دنیادا. لەبەر ئەوە بە پێویستی ئەزانم؟ هەتا ماوم، چیم لە دەس دێت بیکەم!"

بە راستی لە خۆبردن هەتا ئەم رادەیە ئەوپەڕی کۆڵ نەدانە.

لە دەمێکەوە ویستومە ئەو سەرچاوەیە بدۆزمەوە کە ئەم دو شتەی (عبالواحدی) لێ هەڵئەقولا لەدڵ سۆزی بەو لاوە هیچی‌ترم نەدی. چونکە کەسێك دڵسۆز نەبێت لەدوا قۆناغی نەخۆشیەکی وا کوشندەدا پێویستی بیر ناکەوێتەوە! رەنگە ئینسان لە ژیانا بۆ ناوبانگ و ناونیشان وە جێگە بنوسێت، بەڵام کە دەستی لە ژیان شت تەمای هیچ شتێکی نامێنێ لەبەر ئەوە ئەو شتەی کە لەم کاتەدا پاڵی پێوە ئەنێ بۆ ئیش کردن بێگومان گەلێك بەرزترە لە ناو و نیشان و پایەی ژیان!

بۆچی وا دوور بڕۆین، کەسێك دڵسۆز نەبێ بۆ قازانجی گشتی، خۆ پەرست ئەبێ، وە کە خۆپەرستیش بوو ناتوانێ بەگیانێکی (سپۆرتە)وە بەرەنگاری رەخنەگرتن بکا وەکو (عبدالواحد نویی). بێگومان گەلێك کەس بەبیروباوەڕی عبدالواحد ئەتوانن بڵێین راستە یان چەوتە، وە بە نوسینەکانی بڵێن جوان یا ناشیرینە، بەڵام هەرگیز کەس ناتوانێ دان بەوەدا نەنی کە عەبدولواحید نوری پیاوێکی هێجگار دڵ سۆزو، دڵودەرون پاك بوو، وە هەموو ئیشوکارێکی لە سەرچاوە دڵێکی پڕ لە دڵسۆزیەوە ئەهاتە دەرێ..



مەدهۆش
و
شیعر

پێشەکی:

زۆر دەمێکە ئاواتە خواز بوین، کە ئەم گۆڤارە تاقانەیە چەند پەڕەیە بۆ (ڕەخنە بازی) تەرخان بکا، وەکو هەمو گۆڤارە بەرزەکانی تری خەڵکی، چونکە ئادابی گەلێك بەهانە هانە و پاڵ پێوەنان، یا سەر پەرشتیو ڕی پیشان دانی ڕەخنە بازی پێش ئەکەوێ.

وە بەتایبەتی بۆ ئەم گەلەپاش کەوتوەی ئێمە کە هەر کەسێك دێرێك بنووسێ یا هەڵبەستێ بەئەدیبو شاعیر ئەناسرێ. وەیەکێکیش کە بەئەدیب ناسرا لەناو خەڵکا– با واش نەبێ– خوێندەواری تازە پەیڕەو لاسایی دەکەنەوە ئەمەش دەردێکی پیسو کوشندەیە چونکە ئەدیبی گەلێك کەنەزانێ بەری نووسین بەکوێوەیە، ئەی ئەوانەی لاسایی ئەکەنەوە.ئەبێ نوسینەکانیان چۆن بێت؟! لەبەر ئەمە من لەمەو دوا خوا یاربێ دەس ئەکەم بەشەن کردنی هەر (نوسینێك) کەلەتوانامابێ، تاکو پوش‌و کای لێك جیا بکەمەوە. وە نیازی هەرە گەورەم لەمە ئەوەیە : کە ئەدیبە گەورەکانمان ئەمە نەخەنە پشت گوێ. ئەوا یەکەم جار لە(مەدهۆش) ئەدوێم بەبۆنەی ئەوەوە کەهەڵبەستێکی لە (گەلاوێژ)ی ژمارە (7)ی ساڵی (4)دا نوسیبو بۆ هی تریش (کنگرو ماست بەوەقتی خۆی).

حەزم لێکردوی:

لەپێش ئەوەدا کەهەڵبەستی (مەدهۆش) بخەمە ژێر تینی وردبینەوە پێویستە کە بڵێم: ئەم کوڕە لەچاو ئەوەدا کەخوێندنێکی باش وەسەقافەتێکی بەرزی بۆ ڕێك نەکەوتوە هێشتا لەگەلێك لەخۆی خوێندەوار تر باشترە وەسۆزێك لە شیعرەکانیا هەیە..، بەڵام کەسێك کە لە (گەلاوێژ)دا نوسی چاوی لێ ناپۆشرێ چونکە (گەلاوێژ) ئاوێنەی گەلێکە وە هەمووکەسێك هەتا بێگانەش ڕەنگە بەرچاوی بکەوێت. بابێینە سەر ئەو هەڵبەستەی. کەلە سێ یەم پارچەیا ، ئەڵێ:

((تیری جوانیت جەرگی بڕیوە

مەینەتی باخی ژینمی چنیوە...))

ئەبێ نیازی لە(مصرعی) دوهەمی ئەم (بەیتە) چی بیت؟

مەینەت (من بیزانم) مەعنای ئەرك‌و ناخۆشیە. ئینجا کە : ناخۆشی باخی ژینی چنیبێت– چۆن گلەیی لێ ئەکاو ئەڵێ : ((خۆشیم نەدیوە))؟! ئەمە بەدوو ڕەنگ لێك ئەدرێتەوە: یەکەمیان — یان ئەبێ مەعنای (مەینەت) نەزانێ ، یان — زانیویەتی بەڵام یاری پێکردووەو بە سەردەمیا هاتووەو ئاگای لێ نەبووە. لەوەش وازبێنە. بڕوانە لە پارچەی پێنجەما ئەڵێ:

((هەرچەند ئەزانم کە بێزاری لێم

دڵت لەسەر من نیەو ناتەوێم....))

بەڵێ ! واتێ گەیشتین کە خۆشەویستەکەی لێی بێزارەو حەزی لێ ناکا وە دڵی یادی ئەوی تیا نیە. ئینجا دوای ئەوە لەپارچەی شەشەما ئەڵێ:

بیانووم پێ مەگرە بەسە دیدەکەم

چی لەدڵتایە دەریخە کەم کەم...))

سەیرە ! کە حەزت لێ ناکا ((وەکو خۆت ووتووتە)) دیارە کە دڵی خۆشەویستی تۆی تیانیە. ئیتر چۆن لێی ئەپرسیت ((چی لەدڵتایە دەریخە کەم کەم))؟ لەپاش ئەوەی کە زانیت دڵی هیچی تیانیە چۆن ئەپرسیت (چی لەدڵتایە))؟ یاخود کە مەینەتی باخی ژینی چنی بیت، چۆن دڵی لەتۆ بێزارەو تۆی ناوێ؟ یان ئەگەر تۆی بوێت بۆچی ئەپارێیتەوە، گلەیی ئەکەی، وەبەردەرگای ئەگریتو بەزۆر دوای ئەکەوی؟ ئەگەر تۆی بوێ پێویست بەزۆر نیە بەئارەزووی خۆت ئەتوانی دوای کەوی وەبیببینی.

گەلاوێژ ژمارە (9) ساڵی (4)

سۆزی دەرونی

خۆزگە بەخوشکە خۆشەویستەکانم:

لەچیرۆکی گوێ ئاگردانا ئەگێڕنەوە کە : ((کوڕێك زۆر دڵی بەکچێکەوە ئەبێ، هەروەها کچەش زۆر کوڕەی خۆش دەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕە زەردوویی ئەبێ کچە زۆر جار لەبەرەو ڕووی خۆی بە داخەوە ئەڵێ: ئەگەر ئەم زەردووییەت لەکۆڵ ئەکەوت جوانترین‌و شۆخترین کوڕ ئەبویت لەناو کوڕانا.. کوڕە ئەمە ئەگرێتە دڵ بەڵام هیچ دەنگ ناکا، تا ڕۆژێك سەری خۆی هەڵ ئەگرێت‌و ڕووئەکاتە شاخ‌و کێو ، چەند شار ئەگەڕێت، چەند ناخۆشی ئەچێژێت، چەند دکتۆر ئەبینێت، چەند لەگژوگیا دەرمان درووست ئەکا هەتا دەرمانێك ئەدۆزێتەوە کە ئەو ڕەنگە زەردەی ئەکا بەڕەنگێکی جوان‌و سوور و سپی‌بێ هاوتا بەم ڕەنگە شارەزای هەموو نەخۆشیەك ئەبێ وە ئیتر مەیانی سکاڵای خۆشەویستەکەی نادا..))

نازانم ئەم چیرۆکە ڕاستە یان درۆیە بەڵام ئەوەندە ئەزانم ئەوەی ئەم چیرۆکەی داناوە نیازێك و مەبەستێکی زۆر بەرزی بوە چەند شتێکی ڕاستە: کە وشەیەك لەدەمی ئافرەتێك بێتە دەرێ پیاوێك وێڵی شاران‌و شاخ‌و کێوان بکا وە لەهیچی نەبوەوە بیکا بەدکتۆر، بەراستی بەشێوەیەکی جوان بایەخی ئافرەتمان تێ ئەگەیەنێ. چ پیاوێك هەیە ئافرەت داوای ئیشێکی لێ بکاو هەموو هێزێکی بۆ ئەو ئیشە بەخت نەکا بۆ ڕەزامەندی ئەو ئافرەتە؟ بڕوانە چەند بلیمەتی گەورە بەهانە هانی ئافرەت و دڵخۆش دانەوەی پێ گەیشتوون!.. چەندیان ئافرەت نەبوویایە ناویان لەکولەکەی تەڕیشا نەدەبوو !..

(کمال ئەتاتورك) ئەگەر چاوی (فکریە) دڵی شکاوی دەرمان نەکردایە هانە هانی ئەو چرای هیوای هەڵ نەکردایە، زەردە خەنەی ئەو سەختی ژیانی بۆ ئاسان نەکردایە چۆن لەو پیاوە نەخۆشە ، لەگیان بێزارە، نا ئومێدەوە، ئەبو بەو بلیمەتە گەورەیە !

هەروەها (ئەناتول فرانس) و(ڤولتیر) و(گۆتیە) و(شیللی)، ئێستا کێ ناوی ئەزانین؟. بەڵکو ئەگەر هەر کچێك ڕەوشتی باشی لەو کوڕە بویستایە کەشوی پێ ئەکا، ئێستە چەند کەس وازی لە بەدخوویی ئەهێنا؟ بۆ ئەوەی چاودێری بکا، هەرچی ئەو بە زەردە خەنەیەك یان بەووشەیەکی ناسکی هانی بدا بی گومان ئەوشتە (سا چ ئەدەب بێ، چ فەن بێت ، چ ڕەوشتی باش بێت) گەلێ پێش ئەکەوێ فرە بەرز ئەبێتەوە. ئینجا خۆزگە هەمو ئافرەتێکمان نرخی ئەم جێ بەرزەی خۆی ئەزانی هەتا بەتەواوی پێویستی خۆی بەجێ بهێنایە، و سەرپەرشتی هەمو جوڵانەوەیەکی باش‌و ڕەوشتێکی بەرزی بکردایە. وە خۆزگە باوکەکانمان ئەمەیان بزانیایە تا ئەوانیش بەم رەنگە بۆ ئەم نیازە ئافرەتیان بەخێو بکردایە، بەڵێ خۆزگە باوکەکان ئەمەیان ئەزانی تا بایەخی کچانیان بزانیایە و بەپارە نەیان فرۆشتنایە!..

***

له هەر مەیانێکا تاوێک

((لەمەیانی کۆمەڵایەتیا لەمەیانی شیعرو ئەدەبا، لەمەیانی ڕەخنـەبازیا (نقد)، بەکورتی لەهەر مەیانیکا ویستم بەئەسـپی قەڵـەم تـاوێك بـدەم وەلام وایە ئەگەر کەڵکیشی نەبێ کەلای من کەڵکی زۆرە- لەتام و بـۆ بەدەرنیە..))

هەردی

له کوێیت ئەی بەختیاری (سعادت)؟

شـەوێکی تۆفو سـەرمایە کـەس لـەدەرەوە خـۆی پـێ ناگـیرێ، تـاریکی لەسـەر زەمین خێوەتـی هـەڵداوە هـەمو عـەردو بـەردی داپۆشـیوە. بـارانو ڕەشـەبا کـارێك ئەکەن، ئەڵێی ، ها ، ئێستا، ها، ساتێکی تر دنیا کاول ئەبێ هـەرچ کـەس لـەکونی خۆی خزاوە لە سەرمانا: باڵندە، جانەوەر، چوارپێ، هەتا دڕندەی کێوی لەترسی سـەرما چۆتـە کونـی خۆیـەوە. کـەچی.. ئادەمیزاد- ئادەمیزادی سەرسەختی بـێ ئارام، لـەم کاتـە ناخۆشـەدا، بـەم تۆفـو سـەرمایە، لـەناو بەسـتەڵەکی (روسـیا)دا یەکتری دائەپاچنو یەکتری ئاگرباران ئەکەن !. خوا ئـەیزانێ لـەم کاتـەدا سـەری چـەندان هـەزاران گـەنجو تاقانـەو تـازە زاوا بـەدەم گوللـەوە ئـەناڵێنێ، لـەپاش هەناسـەیەك بـەفر لاشـەیان دا ئەپۆشـێ وەکـو لـە ژیانیشـا نـەبووبن! ئیـتر کـە سوکاریان جارێکی تر بەچاو نایان بینن. ئۆف لـەدەس ئادەمیزاد! لـەلای خـۆی بـەرەو شارستانی ئەڕوا، بـەدرێژایی ساڵ خـۆی لەزانسـتیو پێـش کـەوتن نزیـك ئەکاتـەوە، کـەچی لـەپڕ بەسـاتێ ئـەو هـەموو پێـش کـەوتنوو زانسـتیەی لـەبیر ئەچێتەوە، بەرگی دڕندەیی لەبەر ئەکا، ڕەنجی هـەزار ساڵەی خـۆی بەهەناسـەیەك بە ، با، ئەدا!..

لەهـەمووی سـەیرتریش ئەوەیە : ئەوانـەی ئـەم ئـاگرە هـەڵ ئەگیرسـێنن ئـەڵێن ((ئێمە بۆ بەختیاری گەلەکەمان ئەمە ئەکەین!.))

بـەڵێ بە بـەختیاری گوێـی ئـەم ئـادەمیزادە کاولـەیان پـڕ کـردوە. بـەناوی بەختیاری‌یەوە ئەیان دەن بەکوشت..!

***

سـەیرە ئـەم ئـادەمیزادە، لەسـەرەتای ژیانـەوە حەسـانەوەی نیـە بـەدوای بەختیاریا ئەگەڕێ، بەم دەسو بەو دەس ئیش ئەکا، لە ژێر ئـەرزو لەسـەر ئـەرز ولـەئاسمان تەقـەلا ئـەداتو تـێ ئەکۆشـێ خـۆی ئـەدا بـەدارو بـەردا هـەر بـۆ بەختیاری!.. دەمێك زێڕ ئەپەرستێ وا ئەزانێ بەختیاری لەگەڵ زێڕ پەیدا ئەبێ! دەمێك لەژیانو خۆشی ژیان دوور ئەکەوێتەوە، لەکونی ژورێکا دەست ئەکا بەخوا پەرستن بۆ ئەوەی ڕۆژێك بگاتە بەختیاری! دەمێکیش هەرچی ئیشی بێ پەردەییو سوکی هەیە ئەیکا. شەق لەشەرمەزاریو شورەیی هـەڵ ئـەدا، پیـاوەتیو چاکـەو خۆشەویسـتی، ئەپلیشـێنێتەوە، ئـادەمیزادی هـاو خوێنـی ئـەکوژێ، هـەر بـۆ بەختیاری! توچیت ئەی بەختیاری کە ئەم هەموو کارو بارەت بەناوەوە ئەکرێ؟ لەکوێیت ئەم ئادەمیزادە کاولە لەم ماندویتیو بی ئارامیە رسگار کەیت لەکوێیت دوایـی بـەم بێداریـو زۆرداریـە بێنیـت کـە بـەناوی تـۆوە ئـەکرێت؟! لـەکوێیت؟ لەکوێیت!؟..

ئەوساکە چۆن بویت؟!

هـەرچ ئاگرێك دەسـتی زۆردار هـەڵی ئەگرسـێنێ، هـەرچ هـەرا یـەك (لـەلای لابـەلاوە) بـەرپا ئـەبێ، هـەرچ بەڵایـەك لـە ئاسمان ئەکەوێتـە خوارێ، هـەر تـەنیا هەژاری قوڕبەسەر تیا ئەچێتو، هەژاری قوڕ بەسەری تیا سـەرگەردان ئەبێت!.. بـەڵێ ، لـە هەموشـتێکا هـەر هـەژاری قوڕبەسـەر بـەش خـوراوو مـاڵ وێرانـە، لەهەمو هەرایەکا هەر ئەو نیشانەی تیرهاویژانە..

گرانی ئەبێ هەر تـەنیا هـەژاری کـاول ئـەمرێ لەبرسانا؛ چونکە دەوڵـەمـەند هەرچی تفاقێك لەبازاڕا هەیە، ئـەیکڕێتو لـەکونی ژوورەوە قـایمی ئـەکا، هێشتا لە شەقی گرانی ڕسگاری نـەبووە جـەنگ بەخۆیو دیمـەنی سامداریەوە دێتو، قیڕ ! هـەژاری قوڕبەسـەر ئەکـەن بـە باڵباز (جنـدی) بـەڵام دەوڵـەمـەند (بەلـەد) ئەداتو وەکو بـەرزەکی بانـان دەرئەچێ! ئەگـەر خـوای کـرد و لەشـەڕ، ڕسگاری بـو، دێتـەوە جوتیاری بکـا، کەسـەیر ئـەکا ، دەوڵـەمـەند هـەمو زەویـو زارێکـی بەپارەی کەڕواوی کریوە، ئەوسا یان ئـەبێ منـەتو فیزی دەوڵـەمـەند هـەڵگریو، لەژێر شەقو تێلاّیا بکوتێ بۆ لەتەنانێك، یان ئەبێ بمرێ لە برسانا.

ئەگـەر بەجوتیاریو قوڕ بەسـەری خانوویـەکی دروست کـردو ویستی تیـا بحەوێتەوە، گەردون ((لافاوێ)) ئەنێرێو هەموو شڕو شیتاڵی ئاو ئەیبا، بـەڵام دەوڵـەمـەند لـەخانوی چیمـەنتۆ بـەند و ئاسـنا پـێ ئەکـەنێو گاڵتـە بـە (لافـاو) ئەکا...

وەنەبێ ئەگەر لەوەش ڕستگاری بوو، نەختێك پشوبدا، نەء.. بـەڵکو دەمێك نەخۆشـی، دەمێك مـاڵ سوتان، دەمێك... دەمێك، مـاڵی وێـران ئەکـاو ناهێڵـێ سەر بەرزکاتەوە یا پەل بهاوێ.. بـەڵێ لەهەمووشتێکا هـەر هـەژاری قوڕبەسـەر ماڵ وێرانە: گرانی ئەبێ هەر ئەو ئەمرێ لەبرسـانا، شـەڕ ئـەبێ هـەر ئـەو ئەکـەن بە (باڵبان)، ئاگر ئەکەوێتەوە هەر خانوی ئەو ئەسوتێ، لافاو هـەڵ ئەستێ هـەر خانوی ئەو ئاو ئـەیبا، نەخۆشـی پـەیدا ئـەبێ هـەر مـاڵو منداڵـی ئـەو ئـەبێ بـەقوربانی، لەگـەڵ ئەوەشـا شـەوو ڕۆژ تەقـەلا ئـەدا بـۆ ئـەوەی ڕۆژێـك وەکـو ئـادەمیزاد بەبـەختیاری بـژی ، کـەچی دەمێـك دەردو نەخۆشـی، دەمێـك بـێ دەرامەتیو بێدەستی، دەمێك بەر بەرەکانی دەوڵەمەند ڕێگەی لێ ئەبرێتەوە. تۆ بزانە چەند پیاوی هەژار کوڕی زیرەکیان هەیـەو ئەیانـەوی پێیان بخوێنـن بۆ ئەوەی کاولی بەریان دا، کـەچی لەبەر بێ دەستی پێیان نـاکرێ؟ یـان ئەگـەر پێـیـان کـراو نایانـە بـەرخوێندن، بزانـە چـەندیان لەبـەر پیسـیو پۆخلیـو نەخۆشـیو.. لـەنیوەی ڕێگا بەناکامی ئەمرن؟ یـان ئەگـەر نـەمردنو گەیشتنە ئەوەی بچنە قوتابخانەیەکی بەرز، بزانە: چـەند کـوڕە دەوڵـەمـەند بـەخۆیانو پشتو (کارتیانـە)وە لـەبەردەرگادا وەستاون ڕێگـە لـەکوڕی هـەژاری قور بەسـەر ئەبڕنەوە.

بەڵێ ئەمە ژیانی هەژاری قوربەسـەرە لـەتافی تریفـەی روناکی شارستانیو پیش کـەوتنا ئینجا کە لـەم ڕۆژەدا ئەمە بێ ژیـانی هـەژاری بێکـەس ، ئـاخۆ ئەوساکە کـە زانینـو زورداریـو دەرەبـەگی، لەهەڕەتـەی تـەوژمو تینیـابوە ئـەم کاولانە چۆن بو بێت؟.

گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (5) ساڵی (4) 1943

کێش

لەشیعری کوردیدا

ئەحمەد هەردی

ئیمڕۆ لەشیعری کوردیدا، دوو جۆر کێش (وزن) بەرچاو ئەکەوێ: یەکەمیان: کێشی بڕگەیی (مقطع) کەکێشێکی کۆنی نەتەوەیی‌یە، وەلەمەوپێش شاعیرانی لەهجەی گۆران (هەورامی و زەنگەنە) زیاتر بەکاریان هێناوە. جگە لەوەی کەلەناو زۆرترینی سادەو نەخوێندەواری گەلی کوردا، هەموو گۆرانی و بەیت و فۆلکلۆرێك، بەم کێشە ووتراوە. وەلەم دواییەدا، شاعیرە تازەکان زیندویان کردۆتەوەولەسەری ڕۆیشتون.

دووهەمیان: کێشەکانی عەرووزی (عروض) عەرەبیە، کە: (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) دای هێناوەو، لەڕێی ئەدەبی (فارس)ەوە گەیشتۆتە شاعیرانی کورد بەهۆی ئەوەوە کەزمانی کوردی خزمایەتی‌یەکی نزیکی هەیە لەگەڵ زمانی فارسی‌دا.

جگە لەوەی کەلەسەردەمی (ئێلخانی)یەکاندا= واتە دوای عەباسییەکان- زمانی فارسی، ماوەیەکی زۆر زمانی ڕەسمی بوە، لەسەراو کۆشکەکاندا.

ئەم کێشەیان ئەو شاعیرانە بەکاری ئەهێنن کە پەیڕەوی شاعیرە کۆنەکانمان ئەکەن. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کەنەتەوەی کوردو فارس، بە بێ دەستکاری کردن ئەم کێشانەیان وەرگرتوە.بەڵکو بەپێی سروشتی زمانەکانیان، گەلێ کێشیان فڕێ داوە، وەکو کێشی (وافیرو بەسیت و تەویل و مەدید)، جگە لەوەی دەستکاری گەلێکیان کردووە، ئاهەنگی زمانی خۆیانیان بەسەرا سەپاندوە کەلێرەدا ماوەی باس لێ کردینان نیە.

لەبابەت ئەوەوە کە ناوی (عەروز) لەچیەوە هاتووە، هەر یەکە قسەیەکی لێ ئەکات، هەندێك ئەڵێن: خەلیلی کوڕی ئەحمەد، لەشاری مەککە-کە عەروزی پێ ئەڵێن- ئەم کێشانەی بەبیرا هاتووە، بۆیە ناوی نراوە (عەروز) هەندێکی تریش بەجۆرێکی تر لێکی ئەدەنەوە...هتد

جا، ئەمانە هەرکامێکیان ڕاست بێو، ئەم ناوە. لەهەرچیەکەوە هاتبێ، ئێمە ئەوەندەمان پێویستە کەبزانین عەروز (تەرازویەکە کەشیعری پێ ئەکێشرێ، بۆ ئەوەی کێشی لەنگ و ڕێکی پێ لەیەك جیا بکرێتەوە). (الاقناع في العروض والقوافي- لاپەڕە -3- صاحب بن عباد-چاپی-1960). جیاوازی نێوانی ئەم دوو کێشە ئەوەیە: کەلەکێشی بڕگەیی‌دا، ژمارەی بڕگە، وەلەکێشی عەروزدا، شوێنی بزوان و نەبزوان (موقع الحركه والسكون)، بایەخی پێ ئەدرێ. وەکولەمەودا ڕوونی ئەکەینەوە.

یەکەم کێشی عەروز

1-دەربارەی کێشی عەروز

لەپێشەوە ووتمان، لەکێشی عەروزدا، شوێنی بزوان و نەبزوان، بایەخی پێ ئەدرێ. بۆ ئەمەش، با، لەپێشا لەکێشی ووشەوە دەست پێ بکەین. جارێ پێویستە بزانین کە چۆن هەمو (کەل و پەل)ێك کێشانەی هەیە، هەمو ووشەیەکیش کێشێکی تایبەتی هەیە. بۆ دۆزینەوەی ئەو کێشە ئەهێنین ئەو ووشەیە بەرامبەر ووشەیەکی تر ڕائەگرین، بەجۆرێك کە (شوێنی) بزوان و نەبزوانیان، بەتەواوی بەرامبەر بەیەك بێ. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە: کە ئەڵێین (شوێنی بزوان و نەبزوان) مەبەستمان تەنیا (ژمارە)ی پیتی بزواوو نەبزاو نیە، چونکە لەعەروزدا، ژمارەی پیتی بزواوو نەبزواو هەرچەندە بەقەد یەك بێ لەهەردوکیانا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ: کە ئەو دوو ووشەیە لەکێشا وەکو یەکن.

بۆ نمونە ئەگەر ووشەی (مفاعیلن) بەراورد بکەین لەگەڵ ووشەی (مستفعلن)دا ئەبینین لەکێشا وەکو یەك نین، ئەگەر چی (ژمارەی) پیتی بزواوو نەبزواوی هەردووکیان بەقەد یەکە. بۆچی؟ چونکە (شوێنی) بزواوو نەبزواویان بەرامبەر بەیەك نیە.

بۆ ئاسان کردنی باسەکەمان، با هەردوکیان، وەکو لای خوارەوە، بکەین بە سێ کەرتەوە:

	سەرەتا	ناوەڕاست	کۆتایی
1-	مفا	عی	لن
2-	مس	تف	علن

ئەبینین سەرەتای یەکەمیان (پیتی سێ هەمی) نەبزواوە (ساکن) کەچی سەرەتای دووهەمیان (پیتی دووهەمی) نەبزواوە. کەچی سەرەتای دووهەمیان (پیتی دووهەمی) نەبزواوە. هەروا کۆتایی (یەکەمیان) (پیتی دوهەمی) نەبزواوە. کەچی کۆتایی (دووهەمین) (پیتی سێ هەمی) نەبزواوە. کەواتە (شوێنی) بزوان و نەبزوانیان وەکو یەك نیە، بۆیەکە لەسەر یەك کێش نین. بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەگەر ووشەی (چاوەکانم) بهێنین، وە بەرامبەری پێ بکەین لەگەڵ (فاعلاتن)دا، وەکو لای سەرەوە کردمان ئەبینین:

	سەرەتا	ناوەڕاست	کۆتایی
1-	چا	وەکا	نم
2-	فا	علا	تن

سەرەتای یەکەمیان (پیتی دوهەمی) نەبزواوە. سەرەتای دوهەمیش وایە. ناوەڕاستی یەکەمیان (پیتی سێهەمی) نەبزواوەو ناوەڕاستی دوهەمی هەروایە. کۆتایی یەکەمیان (پیتی دوهەمی) نەبزواوە، کۆتایی دوهەمیش کتومت وەکو ئەوە. واتە پیتی بزواوو نەبزواوی هەردوکیان، نەك هەر بەقەد یەکە، بەڵکو لەپاش و پێش خستنا (لە تەرتیبا) وەکو یەك وان. بۆیە ئەتوانین بڵێین: هەردوکیان لەکێشا یەك جۆرن.

لەسەر ئەم دەستورە وشەی (نەزانی)لەکێشی وەکو (فعولن)وە (چاوەکانم) وەکو (فاعلاتن)وە (لەپێناوی) وەکو (مفاعیلن) وایە....هتد.

2-هەنگاوەکانی عەروز

پێش ئەوەی بێینە سەر کێشی شیعر، با باسێکی هەنگاوەکانی عەروز بکەین.

.. لەپێشەوە ووتمان کە لەکێشی عەروزدا، شوێنی بزوان و نەبزوان بایەخێکی تایبەتی دراوەتێ. لەبەر ئەمە زانایانی (عەروز) هەندێ (تەفعیلە)یان داناوە کەجگە لە پیشاندانی شوێنی بزوان و نەبزوان هیچ مەعنایەکی تریان نیە. واتە هەریەکەیان شوێنی بزوان و نەبزوانیان جیایە لەوی تریان. ئەم (تەفعیلانە)ش کەلەزمانەکانی ڕۆژئاوادا پێ یان ئەڵێن (پێ)وە ئێمە لێرەدا، ناوی (هەنگاو)مان لێ ناوە، هەشتن:

1-فاعلن

2-فعولن

3-مفاعیلن

4-فاعلاتن

5-مستفعلن

6-متفاعلن

7-مفاعلن

8-مفعولات

واتە هەریەکێ لەم هەنگاوانە چەند جارێك دوبارە بکەینەوە، کێشێکی تایبەتی لێ پەیدا ئەبێ وە ئەبێ بە تەرازویەك بۆ کێشانەی هەر شیعرێك کە لەسەر ئەو کێشەی ئەو بێ بۆ نمونە: ئەگەر بڵێن: (فاعلن فاعلن فاعلن فاعلن) جۆرە کێشێك پەیدا ئەبێ کە جیایە لەوی تریان.

(فعولن فعولن فعولن فعولن) چونکەهەریەکەیان بۆ کێشانەی شیعرێك دەست ئەدەن کە لەکێشا وەکو ئەو وابێ.

ئەم کێشانە هەریەکە ناوێك و چەند شێوەیەکیان هەیە کە ئێمە لەم پلەیەدا پێویستمان پێی نابێ.

ئەم (تەفعیلانە)ش لەیەك گرتنــی (سـەبەب)و (وەتـەد)و (فاصیلـە) پـەیدا بـوون کەهەریەکەیان ئەکرێن بەدوو بەشەوە، وەکو لەخوارەوە باسی ئەکەین:

یەکەم: سەبەب کە بەدو چەشنە:

1–سـەبەبی سووك– کەبڕگەیـەکی درێـژە– بریتیـە لـە دوو پیـت کـە دەهـەمیان نەبزواوە (ساکن)، وەکو (فا، عی، لن) لەعەرەبی‌دا وە (دە، با، وش، کێ) لە کوردیدا، کەنیشانەیەکی ئاوای بۆ دائەنرێ: (–)

2–سەبەبی‌قورس: کەبریتیە لە دو بڕگەی کورت لەتەنشت یەکەوە. واتە لـەدوو پیتی بزواو پێك هاتوە کە بۆ هەر یەکێکیان چەماوەیەکی ئاوا (◡) دائەنرێ. وەکو: (لم، لك) لەعەرەبیدا (حەمە، رەمە، عەبە) لەکوردی‌دا.

دووهەم: وەتەد کەئەویش دووچەشنە:

– وەتـەدی مجموع: کە بریتی‌یە لەسێ پیت سێهەمیان نـەبزواوە وەکو (علی، علن، فعو) لە عەرەبی‌دا، وە (لەسەر، کەوا، بخۆ) لەکوردی‌دا.

– وەتەدی مفروق (بڵاو): کە بریتی‌یە لە سێ پیت ناوەڕاستەکەیان نەبزواوە. وەکو (قام، این، قبر) لەعەرەبی‌دا، وە (بازە، توورە، بێنە) لە کوردی‌دا.

سێ هەم: فاصلە: ئەویش هەروەها دوو جۆرە:

1–فاصلەی بچوك: کە بریتی‌یە لە چوار پیت چوارەمیان نـەبزواوە وەکو (متفا، ذ هبت، سنو) لەعەرەبی‌داو وەکو (ئەگەڕێ، ڕەشەبا) لە کوردی‌دا.

2–فاصلەی گەورە: کەبریتی‌یە لەپێنج پیت پێنجەمیان نەبزواوە وەکو (شجرتن، قاتلهم) لە عەرەبی‌داو (دەمەوەری، بەرەکەوا) لەکوردی‌دا.

جا ئەگەر سـەیرێکی ئـەو هەنگاوانـە (تفعیلـە) بکـەین ئـەبینین چـەند سـەبەب‌و وەتەدێکیان تیایە:

بۆ نمونە (فعولن) بریتی‌یە لە (فعو) کە وەتـەدێکی مجموعـە+ (لـن) کەسـەبەبێکی سـووکە+ (علـن) کـە وەتـەدێکی مجموعـە. هـەروەها (متفـاعلن) بریتی‌یـە لـە (مـت) کەسـەبەبێکی قورسـە+ (فا) کە سـەبەبێکی سووکە+ (علن) کە وەتـەدێکی مجموعـە. ئەشـتوانین بڵێـین کـە (متفـا) فاصلەیـەی بچوکـە+ (علـن) کەوەتـەدێکی مجموعـە+ علن)کەفاصلەیەی بچووکە، وەیاخود (عل) سەبەبێکی قورسە+ (تن) کە سـەبەبێکی سـووك،... وە هـەروەها ئـەوانی تریـش ئـەتوانرێ بـەش بکرێـن بەچـەند سـەبەب‌و وەتەدێکەوە.

3–هەندێ زاراوەی تر لەعەروزا

جگە لەو زاراوانەی باسمان کردن هەندێکی تریش هەیە کە زۆرجار بەر چاومـان ئەکەوێ بۆیە پێویستە کەمێك باسیان بکەین:

1–بـەیت: بە دوو دێڕی شـیعر یـان هەڵبەسـت ئـەڵێن کەلـەدوو (مصـراع) پێـك هاتبێ، کە بەمصراعی یەکەم یان دێڕی یەکەم ئەڵێن (صـدر)وە بـەدێری دووەم ئـەڵێن (عجز).

2–هەر بەیتێك لەچەند هەنگاوێك پێك دێ کە هەریەکەیان (جزء)، وە ئێمە پایەی پێ ئەڵێین، کە بەیتی وا هەیە دوو هەنگاو یان سێ هەنگاو یان زیاتری تیا ئەبێ.

3–دوا هـەنگاوی دێـڕی یەکـەم (واتـە دوا تفعیلـەی صـدر) پـێی ئـەوترێ (عەروز– عروض)، هەروەها دوا هەنگاوی دێڕی دووەم (واتـە عجز) پێـی ئـەڵێن (ضرب) . وە هەنگاوەکانی تر ناواخن(حشو) یان پێ ئەڵێن.

کەواتـە عـەروز لەلایەکـەوە بـەو تـەرازوە ئـەڵێن کـە شـیعری کێشـی عـەروزی پـێ ئەکێشرێ، وە لەلایـەکی تریشـەوە عـەروز بـەدوا هـەنگاوی دێـڕی یەکـەم ئـەڵێن کـە مامۆستا (سجادی) ئەمیانی ناو ناوە (داوێن) وە هەتا ناوێکی تـری بۆ ئەدۆزرێتـەوە ئێمەش ئەم ناوە بەکار ئەهێنین.

بۆ نموونە سەیرێکی ئەم دوو دێڕەی حاجی قادری کۆیی بکە.

لەمەیدانی بەهارا شا رەکەی کۆ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن
حشو عروض
قبەی کشمی ریدا بر شق وکو گۆ
مفاعیلن مفاعیلن فعولن
حشو ضرب

ئێستا لێرەدا ئەوەستین بۆ ئەوەی باسی کێشی شیعر بکەین.

4–کێشی شیعر لەعەروزدا

پێش ئەوەی بپرسین کێش لـەچی پـەیدا ئـەبێ یـان کێش چی‌یـە، با لەخۆمانـەوە هەندێك ووشە بخەینە پاڵ یەك کەشوێنی بزوان‌ونەبزوانیان بەرامبەر بە یەك بێت. واتـە لەکێشا لەیـەك بچن. بۆ ئـەم مەبەسـتە من لەخۆمـەوە ووشــەی (لـەدنیادا) هـەڵ ئەبژێرم کە بریتی‌یە لەم چوار بڕگەیە (لە، دن، یا، دا) کە کتومت وەکو (مفاعیلن) وایە کەئەویش چوار بڕگەیە (م، فا، عی، لن).

ئێستا با بگەڕێین بۆ ووشـەیەکی تـر کەئـەویش چواربڕگـەیی بـێ وە لەگـەڵ لـە (دنیادا) بگونجێ لەرووی ماناوە. بۆ ئەمەش من وای بەباش ئەزانم بڵێم (دڵێکم بوو) کەبریتی‌یە لـەچوار بڕگـە. ئێستا ئەگـەر بیان خەینـە پـاڵ یـەك ئەمـەی خوارەوەمـان دەست ئەکەوێ.

لە، دن، یا، دا — د، ڵێ، کم، بوو
م، فا، عی، لن — م، فا، عی، لن

گومانی تیانی‌یە لێرەدا مەبەستمان ناوەرۆك نی‌یە بەڵکو مەبەستمان پێشاندانی ئەو ئاهەنگەیـە کـە لـەکێش دا هەیـە. جا ئەگـەر بێتوو دوو ووشـەی تـر هـەڵ بژێریـن کەئەوانیش هەریەکەیان بریتی‌یـە لـە چوار بڕگـە، وە بیان خەینـە پاڵ دوانەکـەی تـر ڕەنگە مەبەستەکەمان بدات بەدەستەوە، من بۆ ئەمیش دوو ووشەی ئاسانی تـر هـەڵ ئەبژێرم هەریەکەیان چوار بڕگە بێ‌و کتومـت وەکو دوانەکـەی تـر وابـێ وە ئـەڵێم (لـە باخێکا گوڵێکم بوو) ئێستا کەبیخەینە پاڵ ئـەوی تـر ئـەم کێشـەمان دەسـت ئەکـەوێ: لەدنیادا دڵێکم بوو، لەباخێکا گوڵێکم بوو.

گومانی تیا نی‌یە کە ئەمە دێڕێکە واتە دێڕێکی تری ماوە کە ببێ بەبەیتێك.

بابۆ ئەو دێڕەی تریش ئەم مصرەعەی تری (مەحوی) بخوازین:

بەجارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو

ئێستا با هەردوکیان بکەین بەبەیتێك.

لەدنیادا دڵێکم بوو، لەباخێکا گوڵێکم بوو
بەجارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو.

گومانی تیا نی‌یە کە ئەو بەیتەی سـەرەوەتان خوێندەوە، هەست بـەجۆرە ئـاوازو ئاهەنگێك ئەکەن کە ئەگەڕێتەوە بۆ کێشی بەیتەکە. جا با ئێستا هەندێ لەووشەکانی بەیتەکە پاش‌و پێش بخەین. وەبەپێ‌ی ئەو گۆڕینە کـەمێك ووشـەکانی دەسـت کـاری بکەین بەڵام بێ ئەوەی ماناکەی بگۆڕین. بزانین ئەو ئاهەنگەی پێشووی ئەمێنێ؟. بۆ یەکـەمیان ئـەڵێین (لەهـەموو دنیـادا دڵێـك‌و لـەناو باخێکـا گوڵێکـم هـەبوو) وە بـۆ دووەمیان ئەڵێین ماڵی وێرانم بەجارێ ئەمیش‌و ئەویشم چوو) یان (ئەمیش‌و ئەویشم لەدەست چوو) ئایا ئەو ئاهەنگەی پێشوی تیا شك ئەبەن؟

بێ گومان هیچ ئاوازو ئاهـەنگێکی تیا شك نـابرێ. هـۆی ئەمـەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو جـۆری دانـان‌و ڕێـك خسـتنەی کەلەبەیتەکـەدا هەیـە. واتــە بـە پـاش‌و پێـش خستنێکی کـەم‌و زۆری ووشـەکان ئـەو ئاهەنگە وەکو خـۆی نـامێنێ. چونکـە جـۆری ڕیزکردن‌و ریك‌و پێك خستنی دەستێکی گـەورەی هەیـە لەدروست بوونـی ئاهـەنگا. لەبەیتی سەرەوەدا دێڕی یەکەمی لەچوار بڕگە پێکهاتووە واتە هەر چواریان بەقـەدەر یەکن هـەروەها دێڕی دووەمیش لـەچوار پایـە دروست بـوە کەهەریەکـەیان بەقـەدەر یەکن. واتە ئەگەر هەنگاوی یەکەمی دێڕی یەکـەم بگریـن وە بـەراوردی بکـەین لەگـەڵ هەنگاوی یەکەمی دێڕی دووەما.

لە، دن، یا، دا — بە، جا، ری، ما
م، فا، عی، لن — م، فا، عی، لن

ئەبینین هەردوکیان لەچوار بڕگەی جیاواز پـەیدابوون (بڕگـەی یەکـەمیان کورتـەو بڕگـەکانی تـر درێـژن) وە بەتـەواوی بەقـەدەر یـەکن کـە ئـەم ڕێـك‌و پێکی‌یـە لەپەخشانەکەدا بەرچاو ناکەوێ لەبەرئەوە هەرچەندە لـە نـاوەڕۆك‌و مانـادا وەکـوو یەکن بەڵام بەیتەکـە ئاهـەنگێکی تیایـە کـە لەپەخشـانەکەدا نی‌یـە. جگـە لـەوە لـەو شوێنانەدا کە هـەنگاوەکان کۆتایی‌یـان دێ، جـۆرە پشـوودان‌و وەسـتانێکی سـووك هەیە کە ئێمە لەو شوێنانەدا خەتێکی سەرەو خوارمان کێشاوە

لەدنیادا دڵێکم بوو لەباخێکا گوڵێکم بوو
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

هەروەها لەناوەندی هەریەکێ لە هەنگاوەکانی دێڕی دووەمیشا هـەمان پشوودان هەر هەیە.

کەواتە بەپێی قسەکانی پێشوومان ئێستا ئەتوانین بڵێین (کێش) بریتی‌یە لە : (بەش کردنی چەند بڕگەیەکی جیاواز، بەچەند دەستەیەکی چون یەکەوە، کە لەناوەندی هەر دەستەیەکەدا پشوودانێك هەبێ وە وەکو ووتمان عەرەبەکان بەهەر (دەستەیەك) لەمانە ئەڵێن (تفعیلە) کە ئێمە لەکوردی‌دا ناومان نا (هەنگاو).

ئەم تەعریفەی لەسەرەوە کردمان کێشی بڕگەییش ئەگرێتەوە. چونکە کێشی بڕگەییش بریتی‌یە لە (بەش کردنی چەند برگەیەکی جیاواز بە چەند دەستەیەکی چوون یەکەوە، کە لەناوەندی هەر دەستەیەك دا پشوودانێك هەیە)

کەواتە ئەبێ چۆن کێشی عەرووز لەهی پەنجە (بڕگە) جیابکەینەوە؟ ئەگەر سەیرێکی تری بەیتەکەی لەمەو پێش بکەین ئەبینین پایەی یەکەمی دێڕی یەکەم بە وەتەدی مجموع دەست پێ ئەکات (مفا) واتە (سێ پیتەکە سێ هەمیان نەبزواوە)وە ناوەڕاستەکەی سەبەبێکی سووکە (عی) هەروەها کۆتایی یەکەمیش بە سەبەبێکی سووك دێ (لن) واتە بزواوو نەبزواوێك. جا ئەگەر سەیری پایەی یەکەمی مصرەعی دووەم بکەین ئەبینین ئەوانیش هەروان واتە پیتی بزواویان بەرامبەر پیتی بزواو وە نەبزواویان بەرامبەر نەبزواوە تەنانەت هەموو پایەکانی هەروان، وەکو لەخوارەوە ئەی بینین:

لەبا خێ کا بەجا رێ ما

مفا عی لن مفا عی لن

وتد سببی سببی وتد سببی سببی

سووك سووك سووك سووك

واتە هەردوکیان بریتین لەوتدێکیمجموع+ سببێکی سووك+ سببێکی سووکی تر کە ئەمە لەکێشی پەنجەدا شك نابرێ. چونکە لەو کێشەدا هەر ئەوەندە بڕگەکان بەژمارە ئەوەندەی یەك بن، ئیتر پێویست بەوە ناکات پیتی بزواوو نەبزواویان بەرامبەر بەیەك بێ وەکو لەمەودوا لێی ئەدوێین.

کەواتە بۆ کێشی عەرووز ئەتوانین بڵێین (کێش بریتی‌یە لە دابەش کردنی چەند بڕگەیەکی جیاواز بەچەند دەستەیەکی چوون یەکەوە کە لەناوەندی هەر دەستەیەکدا پشودانێك هەبێ، بەو مەرجەی شوێنی بزوان‌و نەبزوانی هەر دەستەیەك لە شوێنی بزوان‌و نەبزوانی هەر دەستەیەك لە مەصرەعێکا یان لەبەیتێکا وەکو شوێنی بزوان‌و نەبزوانی هەمان دەستە وابێ لەمەصرەعەکەی تر یان بەیتەکەی تردا بەڵام نابێ بیرمان بچێ کە ئەمە دەستوورێکی گشتی نی‌یە. چونکە جاری واهەیە، بەهۆی زەحافەوە یەکێ لە هەنگاوەکان هەندێ گۆڕانی بەسەرا دێ کە لێرەدا باس کردنی پێویست نی‌یە.

5 –ئەو کێشانەی پتر بەکار هێنراون لەعەروزی کوردی‌دا

بۆ ئەوەی بزانین،شاعیرانی کورد، کام کێشیان پتر بەکار هێناوە، پێویستمان بەوەیە کە (دیوانی) هەموو ئەو شاعیرانە بپشکنین، کەبە کێشی عەروز، شیعریان ووتوە. وەیەك بەیەکی شیعرەکانیان بخوێنینەوەو، بەگوێرەی کێشەکانیان، لێکیان جیا بکەینەوەو بیان ژمێرین، بۆ ئەوەی لەگۆترە، قسە نەکەین. بەڵام داخی گرانم، هەتا ئێستا کەس ئەم هەنگاوەی نەناوە. لەبەر ئەوە– پێشی ئەم هەنگاوە– هەر قسەیەك لەم بارەیەوە بکرێ، گۆترەیەو، لە بۆچوونێکی تێکڕایی، تێپەڕ ناکات.

لەگەڵ ئەوەشا بۆ ئەوەی لەڕاستی لانەدەین‌و چاکەی ڕۆشن بیرانی لەمەو پێش نەکەین بەژێر لێوەوە. پێویستە دان بەوەدا بنێین کە (شێخ نوری)ی خوا لێ خۆش بوو. چل‌و چوار ساڵ لەمەوبەر. لەرۆژنامەی ژیانی ژمارە –31–ی 1926دا، ووتارێکی لەم بارەیەوە نوسیوە. باسی ئەو (کێش)انەی کردوە کە لەعەروزی کوردی‌دا، پتر شیعریان پێ وتراوە. هەرچەندە ووتارەکەی یەکجار کورتەو ناوی کێشەکانی نەهێناوەو بۆ هەر کێشێ تەنیا یەك نمونەی پیشان داوەو ئەو مەرجەی تیا نیە کەلەپێشەوە باسمان کرد (واتە شتێکی وا پیشان نادات کە دیوانی هەموو شاعیرەکانی پشکنیبێ) لەگەڵ ئەمانەش شێخ نوری– بەپێی بۆچوونی تا ئێستای من– یەکەم کەسە کەلەم باسە دوابێ‌و نوسینەکەی بایەخێکی ئەدەبی‌ی هەبێ. بۆیە ئەتوانین– دوای هەندێ دەست کاری کردن‌و لێ فڕێ دان– ووتارەکەی بکەین بەبنەڕەتێ بۆ باسەکەی ئێستامان. بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەمە، بۆ چوونێکی سەرەتایی‌یەو پێویستی بە پشکنینێکی دوورو درێژە. چونکە شاعیرانی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ.گەلێ کێشی عەروزیان بەکارهێناوە. تەنانەت لەسەر کێشی (کامیل)یش، هەڵبەستیان داناوە، ئەگەرچی دوو سێ هەڵبەستیش بێ. ئەوەندە هەیە، بەکارهێنانی کێشەکان بەگوێرەی شاعیرەکان، ئەگۆڕێ، کە هەریەکەیان پێویستی بە جیا کردنەوەو ژماردنێکی وردە. هەر چۆنێ بێت بەپێی بۆچوونێکی سەرەتایی، ئەتوانین بڵێین:

ئەو کێشانەی لە کوردیدا پتر باویان هەیە، ئەمانەن:

یەکەم– ڕەمەل

1 –کێشی ڕەمەلی هەشت هەنگاوی مەحزوف:

(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)

ا– تانەگریا ئاسمان‌و تەم وڵاتی دانەگرت

گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی خونچە، وانەبو

ب–وەك مەدینە، بێ نەبی بێ، یا نەجەف بێ، بێ عەلی

شاری غەزنەش، ئێستە بێ مەحمودە. وەك داریکەلی

(حەمدی صاحبقران)

ج–بابەکوڵ بگریم لەگەڵ تۆ هەوری سووری بەهمەنی

من بەوەی گوڵ کەوتە ژێر گڵ، تۆ بەوەی گوڵ پێ کەنی

(پیرەمێرد)

د– بەختەکەم بەدبەخت‌و شومە سەر لە جێگەی پێ ئەنێم،

ئارەزووم ئاوی (حەیاتە) (کانی مانگا) دێتە ڕێم.

(سەلام)

کێشانەکەی:

بەختەکەم بێ	بەختو شوومە	لەسەر جێگەی	پێ ئەنێ (م)
فاعلاتن	فاعلاتن	فاعلاتن	فاعلن
ئارەزووم ئا	وی حەیاتە	کانی مانگا	دێتە ڕێم (م)
فاعلاتن	فاعلاتن	فاعلاتن	فاعلن

دوهەم: هەزەج

1 –هەزەجی هەشت هەنگاوی:

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ا– لەکونجی سینە دەنگی ئای‌و ئۆی دڵ دێ بەمەحزونی

وێران بێ نەم دی ساتێ لێی نەیەت ناڵەی برینداری

(کوردی)

ب– لەگەڵ دڵ شەرتە ((سالم)) گەر نەجاتم بێ لەتارانا

بەهەشت ئەر بێتە دەشتی ((ڕەی))، بە ئێرانا گوزەر ناکەم

(سالم)

ج–لەدنیادا نیە وەك من، بەعشقی ئەو گرفتاری

سەرو ماڵم لەڕێی دانا، کەچی لوتفی نەبوو جاری.

(بێکەس)

د–لەدولبەر گفتوگۆییێکم نەبیست، ئەی سینە ئەفغانی

لەلێوی پێ کەنینێکم نەدی، ئەی دیدە گریانی

(بێخود)

2 –هەزەجی شەش هەنگاوی (مەحزوف):

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

مفاعبلن مفاعیلن فعولن

ا– وەکو یەك دێتە بەر گوێی پیاوی ئەحمەق

نەفیری بولبول‌و ئاوازی لەق لەق

(سالم)

ب– ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری

دڵم هەستا، زڕەی زەنگی فگاری

(گۆران)

ج- بەفیدایی شوانتان حاتەمی تەی،
بەقوربانی سەپانتان ئالی بەرمەك

(حاجی قادری کۆیی)

3-هەزەجی هەشت هەنگاوی (ئەحرەبی مەکفوفی مەحزوف):

مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن
مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن

ا- گریانی من‌و خەندەیی تۆ ئێستە ئەشوبهێ
بەو موسمی بارانە کەوا خونچە ئەپشکوت

(نالی)

ب- بولبول وەرە تا ڕۆحی من‌و تۆیە بنالێن
تۆ باغی گوڵانت چوە من داغی دڵانم

(وەفایی)

ج-جانا وەرە ئەم جەژنە بەقوربانی سەرت بم
بۆ تیری‌قەزا، چاوی حەسودان سوپەرت بم

(کوردی)

د- مەربوتە حەیاتم بە سولەیمانی‌و خاکی
خۆزگەم بەسەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی

(شێخ رەزا)

با لێرەدا هەندێ بوەستین بۆ ئەوەی لەبارەی ئەم کێشەوە، هەندێ چەوتی ڕاست بکەینەوە.

مامۆستا سەججادی) لەلاپەڕە (125-127)ی (نرخ شناسی)دا ئەم کێشە بەعەروز دانانێ.

هەموو بەڵگەکەشی ئەوەیە کەلە عەرەبیدا چاوی پێی نەکەوتووە. ئێمە لەپێشەوە ووتمان (کێشی عەروز) لەڕێی ئەدەبی فارسیەوە گەیشتۆتە شاعیرانی کورد، هەروەها ووتمان (فارس‌و کورد) بەپێی سروشتی زمانەکانیان دەست کاری عەروزیان کردوە. جالێرەدا پێویستە بڵێین کە ئەم کێشە پاڵ پشتێکی گەورەیە بۆ ئەم قسەیە. چونکە لە فارسیدا لە زۆر کۆنەوە بەکارهێنراوە. بڕوانە (لاپەڕە 190- المعجم فی معایير اشعار العجم- تصحيصی قزوينی- مراجعەی-مدرس رضوی- چاپی 1338 شمسی تاران). وە گەورەترین بەڵگە بۆ ئەوەی کە لەسەر کێشی (عەروز) ووتراوە ئەوەیە کە هەموو (تەفعیلە)کانی یەکەمی بە (مفعول) دەست پێ ئەکەن وە (عەروز) وە (زەربی) هەموویان بە (فعولن) یاخود (فعولات) دوایی‌دێت. وە ناوئاخنی هەموو بەیتەکان بریتی‌یە لە دووجار (مفاعیل).

بۆ ڕاستی قسەکەمان- لێرەدا- هەر ئەوەندە ئەتوانین دوو بەیتی‌هەڵبەستەکەی (شێخ رەزا)کێشانە بکەین:

مەربوتە	حەیاتم بە	سلەیمان	یوخاکی:
مفعول	مفاعیل	مفاعیل	فعولن
خۆزگەم بە	سەگی قاپ	یەکەی احمە	دی کاکی
مفعول	مفاعیل	مفاعیل	فعولن
بەم حاڵە	پەرێشانە	وەبازەش هە	دوەبل لا
مفعول	مفاعیل	مفاعیل	فعولن
شیعرت	رەبەنگیزە	رەزا شاعی	ری چاکی
مفعول	مفاعیل	مفاعیل	فعولن

تێ بینی: ئاشکرایە هەر پیتێ (شەددەی) لەسەر بێ بەدوو پیت حساب ئەکرێ (لەعەروزدا کەیەکەمیان (نەبزواوە= ساکن) وە دووهەمیان(بزواوە= متحرك). هەروا ووتمان: ئەگەر دوو پیتی نەبزواو (ساکن) هەمزەی لەپاشەوە بوو، هەمزەکە ئەبێ بەسەر (فتحە) بۆ پیتی پێش خۆی، وەکو لەسەرەوەدا دیمان (باز اشهد باللّه) ئەبێ بە (بازەش هەدو بل لا)... هتد وە بۆ ئەوەی قوتابی سەری لێ نەشێوێ، بەپێویستی ئەزانم، بەیتەکەی سەرەوە دووبارە بکەمەوە، کەئەمەیە:

بەم حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەدو بل لا

شیعرت تەرەب ئەنگێزە (رەزا) شاعیری چاکی

4-هەزجی هەشت هەنگاوی ئەضرەب

مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن
مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن

ا- تاڵانی سەرو ماڵم چاوی ڕەشی فەتتانت
پابەندی دڵ‌و دینم کاکۆڵی پەرێشانت

(کوردی)

ب- گەردن کەچی زوڵفی بوی، سا دڵ مەدە بەر مژگان
واخۆت لەتەناف داوە، ئیتر لەقەنارەت چی

(نالی)

ج- ئەی ساحەتی صەد جەننەت، دەشتی عەرەبستانت،
نایدەم بەهەزار گوڵشەن یەك خاری موغەیلانت

(بێخود)

سێ هەم: مضارع (موزارع)

- موزاریعی ئەحرەبی مەکفوفی مەحزوف
- (هەشت هەنگاوی)

مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن
مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن

ا- قوربانی تۆزی ڕێگەتم، ئەی بادی خۆش مرور
وەی پەیکی شارەزا، بەهەموو شاری شارەزوور

(نالی)

ب-جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
وەی پەیکی موستەعیددی هەموو ڕاهی پڕ خەتەر

(سالم)

ج-ئەی چەرخی بەدموعامەلە تاکەی خەتا ئەکەی
ئەم کوردە بێ کەسانە بە غەم ئاشنا ئەکەی

(بێخود)

د-ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی‌و بەهاتەوە

(پیرەمێرد)

لێرەدا وای بەباش ئەزانم کەلەوە زیاتر لەسەری نەڕۆین نەك لەبەرئەوەی هەموو ئەو کێشانەمان باس کردوە کە لەکوردیا باون، بەڵکو لەبەرئەوەی کە قوتابیانی ئەم قۆناغە، لەوەندە زیاتر هەڵناگرن جگە لەوەی- کەبەلای ئێمەوە- ئەم کێشانەی هەڵمانبژاردن ئاهەنگی موسیقایان زیاتر تیایەو، ڕەنگە بۆ قوتابی ئاسان تر بن، ئەگینا ئەگەر گوێ نەدەینە پلەی تێ گەیشتنی‌قوتابیەکان، ئەبێ نەك هەر هەموو کێشەکانی (شێخ نوری)، بەڵکو گەلێك کێشی تریش بخەینە بەرچاو کە بەلای ئێمەوە، زۆرترینی شاعیرانی کورد لەسەری ڕۆیشتون.

دووهەم: کێشی بڕگەیی

وەکو لەپێشەوە ووتمان، کێشی بڕگەیی وە یان کێشی پەنجە، کێشێکی نەتەوەیی کۆنە وەلەمەو پێش شاعیرانی لەهجەی گۆران، زیاتر بەکاریان هێناوە.

هەروەها ووتمان کەلەناو زۆرترینی سادەو نەخوێندەوانی گەلی کورد، هەموو گۆرانی‌و بەیت‌و فۆلکلۆرێك، بەم کێشە ووتراوە. وە لەم دوایی‌یەدا شاعیرە تازەکان زیندویان کردۆتەوەو لەسەری ڕۆیشتون. هەروەها لەپێشەوە ووتمان لەکێشی پەنجەدا پێویستە بڕگەکان بەژمارە ئەوەندەی یەك بن واتە ئەگە هەنگاوێکی (تەفعیلەیەکی) بەیتەکە پێنج بڕگە بێ ، پێوستە هەنگاوەکانی تریش هەر ئەوەندە بن، ئیتر پێویست بەوە ناکات پیتی بزواوو نەبزواویان بەرامبەر بەیەك بێ با سەیرێکی ئەم بەیتەی (مەولەوی) بکەین‌و بۆ هەر (سەبەبێکی) سووك)خەتێکی ئاوا (-) وە بۆ پیتێکی بزواو چەماوەیەکی ئاوا دانێین ( ).

سەر لەتەرەی خەم خول ئاوردەوە

تای کرژی مەینەت دووباد کردەوە

ئێستا ئەگەر بە پیٚی بڕگەکان ئەم بەیتە دابەش کەین، ئەبینین:

هەنگاوی دوهەم	هەنگاوی یەکەم
خول ئا ور دە وە	سەر لە تە رەی خەم
– – –	– ‿ ‿ – –
5 4 3 2 1	5 4 3 2 1

ئەبینین هەر هەنگاویٚ لە پێنج بڕگە پێك هاتووە. جگە لەوە لەڕوی درێژی‌و کورتی بڕگەکانەوە، هەنگاوی یەکەمیان بڕگەی دوهەم‌و سیٚ هەمی بڕگەی کورتن، کەچی هەنگاوی دوهەمیان بڕگەی چوارهەم‌و پێنجەمیان کورتە. بەپێچەوانەی ئەوەوە هەنگاوی دوهەم سیٚ بڕگەی یەکەمیان درێژە، کەچی بڕگەی درێژەکان کە لەهەنگاوی یەکەم دا، دوانیان لەپلەی چوارهەم‌و پێنجەمدایە، یەکەکەی تریان کەوتۆتە سەرەتاوە.

وە وەکو لەم بەیتەدا دیمان هەر هەنگاوێك بریتیە لە چەند بڕگەیەکی درێژو کورت، بەڵام هەنگاوەکان بەقەد یەکترن.

بۆیەکە لەپێشەوە ووتمان (کێش): بریتیە لە دابەش کردنی چەند بڕگەیەکی جیاواز، بەچەند دەستەیەکی چون یەکەوە، کەلە ناوەندی هەر دەستەیەکدا پشودانێك هەیە)، وەعەرەبەکان بە هەر (دەستەیەك) لەمانە دەڵێن (تەفعیلە) وە ئێمە لە کوردی‌دا، ناومان ناوە (هەنگاو). ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کێشە بڕگەییەکان باس بکەین.

1–کێشی دەبڕگەیی: (دەپەنجەیی)

لەڕاستیدا ئەم کێشە لە هەموو کێشەکانی تر باوترە زۆرترینی گۆرانی‌و بەیتی کوردی بەم کێشە ووتراوەو شاعیرانی گەورەی وەکو (مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، وەلی دێوانە، حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە)و گەلێکی تریش ئەم کێشەیان بەکارهێناوە لە سەرتاپای شیعرەکانیاندا. لەبەر ئەوەشە پێشی کێشەکانی ترمان خست.

کێشی دەبڕگەیی (کە ئەبوو ناوی بیست بڕگەیی بوایە) بریتیە لە دوو هەنگاوی پێنج بڕگەیی (5+5)، وەك لەبەیتەکەی مەولەوی‌دا دیمان کە ئەم بەیتانە چاك ترین نمونەن بۆی:

1–سەر لەلەرەی خەم، خول ئاوردەوە
تای کرژی مەینەت دووباد کردەوە

(مەولەوی)

ب– بنوسن بەخوێن جەرگی سەرکردوم
کە من بەتیری دەستی شەم، مردوم

(وەلی دێوانە)

ج–خانوی بەگزادە لەسای درەختا
ئارامی بووکە، لەکۆشی بەختا

(گۆران)

د–وەختیٚ سارێژ بیٚ، مەر برینەکەم،
سوور بکریٚ بەخوێن رەنگە شینەکەم

(سەلام)

ه–مەرزی کوردستان، تارو شەوەزەنگ
شاری خامۆشان، بیٚ دەنگ بیٚ ئاهەنگ

(پیرەمێرد)

ە–بێنە چەند ماچیٚ لەسەر خاڵەکەت،
نۆ بەرەی بەری کولمە ئاڵەکەت

(ا.ب. هەوری)

ز–تۆ وێڵ‌و ڕەنگ زەرد بەئاسمانەوە،
منیش دەربەدەر بەشارانەوە

(بێکەس)

ح–هەواڵیٚ پرسە لەداریکەلی
شێخ لەویٚ ماوە؟ یا لەسەیوانە؟

(دیلان)

2–کێشی پانزە بڕگەیی (پانزە پەنجەیی)

ئەم کێشە بریتیە لە سیٚ هەنگاو کە هەر هەنگاوێك پێنج بڕگەی تیایە.(لەڕاستیا ئەبوو بەمیش بووترایە سی (30) بڕگەیی چونکە هەر مەسرەعێکی سیٚ هەنگاوە کە بەیتەکە ئەکاتە شەش هەنگاو)

واتە هەمان کێشی دە بڕگەیی پێشوو، ئەگەر پێنج بڕگەی تری بخرێتە سەر ئەبیٚ بە پانزەبڕگە وەکو ئەم شیعرانەی خوارەوە:

1–دڵە کوورەی خەم، کۆمەڵی زوخاو، سا دەی خرۆشیٚ
موشە دەمەکەی هەناسەی پڕتاو، دەخیلە جۆشیٚ

(سەلام)

ب–ئەی مانگ هاودەردی کۆنی دێرینم، هەوار وێران خۆم،
گوڵە زەردەکەی ئاسمانی شینم، شار پەرێشان خۆم

(دیلان)

ج–سەوزە گیا پاراو، گوڵ‌و گوڵاڵە مەستی رەنگ‌و بۆ
درەخت تازە شین، سەرلق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ...

(گۆران)

3 ییەگڕب تشەه یشێک–

ئەم کێشە ئەوەندەی دە بڕگەیی باوی هەیە. بگرە زۆرترینی گۆرانیە خۆشەکانی فۆلکلۆری لەسەر ئەم کێشەن. بۆ وێنە هەر شیعرێك کە لەگەڵ گۆرانی (هەینار هەینار)دا ئەوتریٚ هەشت بڕگەییە وەکو ئەم شیعرەی خوارەوە

کەس نازانیٚ بۆچ بیٚ ڕەنگم
گیرۆدەی دەستی فەرەنگم
بەجیٚ ماوە، شۆخ‌و شەنگم

هەروەها شاعیرەکانی ئەم چەرخە، گەلێك شیعریان لەسەر داناوە کەبریتیە لەدوو هەنگاوی چوار بڕگەیی:

ا–دنیا هەموی چاووڕاوە
فڕو فێڵ‌و بەندو باوە
ڕاستە ڕاستی هەڵگیراوە،
درۆو خۆشە بەلێشاوە

(سەلام)

ب– لەگەنجیما کە ئێستەیە
پڕ لەگۆرانی‌و بەستەیە
پڕ لە باوەڕی بەتینە
پڕ لەهەول‌و تێکۆشینە

(ع.ح.ب)

ج– باخاوەنم پارەداربیٚ،
یەکەم دەوڵەمەندی شار بیٚ،
بەدەستەڵات‌و زۆرداربیٚ،
مادام قەفەس جێگەی منە،
ئەو خاوەنەم لا دوشمنە

(کاکەی فەلاح)

4–کێشی حەوت بڕگەیی

کێشی حەوت بڕگەیی بریتی‌یە لە دوو هەنگاو کە یەکەمیان چوار بڕگەو ئەوی تریان سیٚ بڕگەی تیایە (4+3)

وە لەگۆرانی منالان‌و فۆلکلۆردا بەرگویٚ ئەکەوێت. شاعیرەکانی ئەم چەرخە گەلی شیعریان لەسەر ووتوە:

1– نەسرینە گوڵ، نەسرینە،

چوزەرەی یاسەمینە،
خنجیلە، خوێن شیرینە،
کەیفی لەهەڵپەڕینە،
(پیرەمێرد)

ب- نازانم تۆ چیت ئەی گیان؟
یاری نازداری ژیان
(گۆران)

ج-جەژنی دارو درەختە،
کۆتایی رۆژی سەختە
راپەڕە ئیمرۆ جەختە،
نەمام بنێژە،وەختە
(ا.ب. هەوری)

کێشانەکەی بەم جۆرەیە:

هەنگاوی یەکەم	هەنگاوی دووهەم
نەس ری نە گوڵ	نەس ری نە
– – – –	– – –
1 2 3 4	5 6 7

لەراستیا ئەم کێشەش بریتیە لەدوو دێڕ (دوو مەسرەع)، کە هەر دێڕێکیان حەوت برگەیە واتە هەمووی چواردە برگە ئەکات. بەلام لەبەر ئەوەی بەحەوت برگەیی بەناوبانگە، بۆیەکە پێویست ناکات ناوەکەی بگۆرین، چونکە ناوی پێشوی- تارادەیەک- چەسپیوە.

5-کێشی یانزە برگەیی

بریتیە لە سێ هەنگاو (4+4+3) کە هەنگاوی یەکەم و دووهەمیان چوار برگەو هەنگاوی سێ هەم سێ برگەیە. لام وایە- لەناوچەی ئێمەدا –بۆ یەکەم جار (گۆران) شیعری پێ ووتوە:

وەشاعیرە لاوەکان گەلێک هەڵبەستیان لەسەر ئەم کێشە، داناوە:

بەسوڕێکی تر ئەستێرەی ئینسان گر
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر
کام قەومی کۆن؟ کام جەژنی بەرزو پیرۆز؟
قەومی مادی، جەژنی بڵندی نەورۆز! !
(گۆران)

ب-ئەو کەسانەی چەشەی خوێنی منالن،
بۆ خوێن ڕشتن، وێران کردن،عەودالن،
خوێنی گەشیان، لەناو ئەو باخەدا ڕشت
زەردەخەنەو لایلایەی شرینیان کوشت
(کامەران)

ج- ئەی شەوەکەی بێ تروسکەی دڵ تەنگی!
کوا تریفە زەردەخەنەی هاودەنگی؟
(جمال شارباژێری)

کێشانەکەش:

هەنگاوی یەکەم	هەنگاوی دووهەم	هەنگاوی سێ هەم
کام قەو می کۆن	کام جەژ نی بەر زو	پی رۆز
– – – –	– – – – –	– –
1 2 3 4	5 6 7 8 9	10 11

6-کێشی دوانزە برگەیی

ئەمیش لەچوار هەنگاو پەیدا بوە (3+3+3+3) واتە لە هەر هەنگاوێکا سێ برگەی تیایە. ئەمیش شاعیرە تازەکان شیعریان پێ ووتوە (بەلام داخەکەم من هەر ئەم دو هەڵبەستەی گۆرانم دەست کەوت کەلەسەر ئەم کێشە بێ) :

ا- قژکاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا، نەختێ ئاڵ!
(گۆران)

ب- تاهێزی، بزوتن، لە لەشما بەگوڕ بوو،
من کوڕ بوم بۆ ئاغاو ئاغا باوکی کوڕ بوو

کێشانەکەی:

هەنگاوی یەکەم	هەنگاوی دوهەم	هەنگاوی سێ هەم	هەنگاوی چوارەم
تا هێ زی	ب زو تن	لە لەش ما	بە گوڕ بوو
– – –	– – –	– – –	– – –
1 2 3	1 2 3	1 2 3	1 2 3=12

7-کێشی سیانزە برگەیی

ئەمیش لەو کێشانەیە کە شاعیرە لاوەکانی ئەم چەرخە زۆری بەکار ئەهێنن. کە بریتیە لە سێ هەنگاو (4+4+3) یەکەم و دوهەم چوار برگەن وە هەنگاوی سێ هەم سێ برگەیە:

سەردەمێ بوو سەردەمێکی دورو درێژ بوو،
نوێنی ئارام، بۆ من لەسەر، چەرپایەی لێژ بوو
(گۆران)

ب- تادوێنێ بوو، تۆش نێرگزی چەپکی بەهار بووی،
لەباوەشی نەورۆزدا وەك گوڵاڵە، دیار بووی
(شێرکۆ بێکەس)

ج-لەشوێنێکم لەجوانی‌دا ئەڵێی بەهەشتە
هەمو گیانم لێ بۆتە چاو نیازم گەشتە
(کاکەی فەلاح)

د-ئەی شەوەزەنگ، ئەی تاریکی، ئەی ڕەشایی شەو!
دەی باڵی ڕەش، بکەرەوە بۆ چاوی بێ خەو،
(دیلان)

پێش ئەوەی دوایی بەم باسە بێنم، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم سێ کێشی دواییە-بەلای منەوە- لەپێشا (گۆران) بەکاری هێناون. بەلام ئەوەی کە نایزانم ئەوەیە کە ئاخۆ دەستکردی خۆیەتی؟ یان وەری گرتوە؟ وە ئەگەر وەری گرتوە تا چ رادەیەك دەستکاری خۆیی تیایە؟

جا ئەگەر یەکێك لەم لایەنەوە شارەزایی هەبێ و ئەم گرێیەمان بۆ بکاتەوە، بێ گومان، کەلەبەرێکی ئەدەبی کوردیمان بۆ پڕ ئەکاتەوەو مایەی سوپاسە.

1- بەلای منەوە ووشەی (بوێژو هەڵبەستو هۆنراوەو وێژە) جێی (شاعیرو شیعرو ئەدەب) ناگرێتەوە. بەلام بەکارهێنانی (هۆنراوە) یان (هەڵبەست) لەباتی(نظم) تارادەیەك ڕێی تێ ئەچێ ئەبێ دان بەوەدا بنێین کەئەم سێ ووشەیە (شاعیرو شیعرو ئەدەب) ئەمەی دواییانی لێ دەرچێ کە کورد بەمەعنایەکی تر بەکاری ئەهێنێ ئەوانی تر هاتونەتە زمانی کوردیەوە کەئەمە دەستورێکە.



هەردی شاعیر

بۆ "نوسەری کوردستان" دەدوێ

چەند مەزنە ئەو شاعیرەی لەیەکەمین تەقەللای تاقیکردنەوەی داهێنانێکی تردا، بازنەی شیعری چاولێکەری‌و، یەکتر جوونەوەو باو، جێ دەهێڵی‌و، لەدەرەوەی ئەو بازنەیە بانگەوازی دۆزینەوەی نیشتمانێکی جیاوازو تایبەتمەندرا دێڵێ‌و، نەخشەیەکی تازە ئەخاتە سەر جوگرافیای شیعر

هەردی، لەناوەڕاستی چلەکانی ئەم سەدەیەدا، بەتەنیا لەدەرفەتێکی کورتدا بە هێمنی و ئێجگار بێدەنگی، چەپکە گوڵی خۆی، چەپکە شیعری خۆی، لەگوڵدانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا دانا وبۆن بەرامەو تایبەتمەندی دەست نێژی خۆی پێشکەش سەردەمەکەی کرد، کەدڵیانین سەردەمەکانی داهاتووش، دەست‌و دەست‌و پشتاو پشت بۆ یەکتری ئەگوێزنەوە..

هەردی شاعیر، لەوە ناسراوترە–نووسەری کوردستان– پێتان بناسێنێ، چەنکە دەمێکە لەگەڵ (ئەی ڕەقیب–ی دڵدار)و (ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزەهاتەوەی پیرەمێرد)و شاعیرانی تری وریا کەرەوەدا، کڵپەی (ئازادی خوا)ی لەسنگی ئەم سەردەمە ستەم لێکراوەدا هەڵگیرساندوە، بەچرپەش"ڕازی تەنیایی" خۆی، بۆ هەموو دڵدارانی شیعری ڕەسەن‌و نەمر، درکاندووە.

هەردی شاعیر، دەمێکە لای شاعیرناسان وەڕەخنەگرانی شیعری کوردی، ڕازو خواسی پڕ بایەخ‌و گرنگی لەسەر نووسراوە. بەڵام دەمێکە "خۆی" دەربارەی شیعری خۆی نەدواوەو ڕازی دڵە هێمنەکەی بۆ ئاشقانی شیعرو، لاپەڕە تامەزرۆکانی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان نەکردۆتەوە.

بۆیە نووسەری کوردستان، لەرۆژی 1989/11/4دا سەردانێکی تایبەتی هەردی شاعیرو مامۆستاو ڕۆشنبیری کردو ئەم دیدەنیەی بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکە لەگەڵدا تۆمار کرد.

پرسیار / ئەوتەوژم‌و قوتابخانە شیعریانەی لەسەرەتای تەمەنی شیعریتاندا، کاریان تێکردوون چی‌و چۆن بوون؟.. بەتایبەتیش ئەو قوتابخانە شیعریەی کەبە "ئەدەبی مەهجەری عەرەبی" ناسراوە.

وەڵام / ئەگەر ئەو کۆمەڵە شیعرە حساب کەین کەلەساڵانی "1935–136"دا ووتومە واتە کاتێك کە هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم. وەهەندێك لەو شیعرانە بەپێی کات‌و تەمەنی ئەو سام، تاسنورێك بۆ ئەوە ئەشێن کەناوی شیعریان لێ بنرێ، ئەوا ئەتوانم بڵێم: تەمەنی‌شیعری من بەدوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە.

یەکەم: قۆناغی سەرەتایی: کەلەم سەردەمەدا زۆتر شیعری "نالی"و تێکڕا شیعری شاعیرە کلاسکیەکان کاریان تێ کردووم. هەڵبەت ناشبێ ئەوەشم لەبیر بچێ کەشان بەشانی "نالی" "سالم" و ئەوانی تر، شاعیرانی هاوچەرخی ئەو سەردەمەش کاریان تێ کردووم‌و تاڕادەیەکیش– زۆریان کەم– ڕەنگیان لەشیعرەکانی ئەوسامدا داوەتەوە.

هەرچەندە ئێستا لەو شیعرانە -تاك‌و تەرایەکی لێ دە رچێ– من خۆم هیچی وام لەبیر نەماوە. بەڵام ئەوەی باشە لەکاتی خۆیدا گەلێکیان لای هاوڕێیەکی منداڵیم نووسراونەتەوەو، وەکو خۆی جارێك بۆی باس کردم، بەشێکیان تائێستەش هەر ماون. ئەوەی لەبیرم دێ لەبەشێکی ئەو شیعرانەدا، هەوڵم داوە کەشوێن پێی "نالی"و شاعیرە کلاسکیەکان هەڵگرم. وەلەبەشێکی تریشیاندا کارتێکردنی شاعیرانی ئەو چەرخەوەکو "زێوەر"و "بێکەس"و"پیرەمێرد"و ئەوانی تر، بەئاشکرا دیارە. بۆ نموونە "تەرجیع بەند"ێکم هەیە کەتەنیا بەیتی "تەرجیع"ەکەیم لەبیر ماوە:

ئەسەف بۆ خاکی سۆران‌و شنەی بەیداخی بابانم
لەکوێن کوردی نەوەی کاوەو صلاح الدینی جارانم

لێرەدا شتێکی سەرەکی هەیە نابێ لەبیرم بچێت. ئەویش ئەوەیە کەزۆربەی ئەو شیعرانە کێشی "عەروز" یان تیا بەکارهێنراوە، وەسەیر ئەوەیە لەو کێشە "عەروزیانەدا تاپلەی زۆر سەرکەوتووبووم. بگرە کێشی وایان تیایە کە ئەتوانم بڵێم تاڕادەیەك گرانن‌و شاعیرانی هاوتەمەنی خۆم"وەکو بیزانم" بەکاریان نەهێناوە. لەبیرم دی ساڵێ مامۆستا بێکەسی شاعیر–خواڵێی خۆش بێت– قوتابیانی چەمچەماڵی هێنابوو بۆ سلێمانی‌و شەو لە قوتابخانەکەی ئێمە، کەئەوسا "فیصلیە" یان پێ ئەوت، مانەوە ئەوشەوە ئاهەنگێکی شیعریمان گێڕاو من گەلێ شیعری شاعیرانم تیا خوێندەوە. لەپاشدا هەستام شیعرێکی خۆمم خوێندەوە لەنەوعی "تەرجیع بەند" بەرامبەر یەکێك لەقوتابییەکانی چەمچەماڵ کە شیعرێکی لەو نەوعەی خوێندەوە. مامۆستا "بێکەس" بانگی کردم‌و لێی پرسیم ئەم شیعرە چی بوو کەخوێندتەوە؟ ووتم : تەرجیع بەندە لەپاش ئەوەی باسی "تەرجیع بەند" و هەندێك زاراوەی تری لێ پرسیم، ووتی شیعرەکە هی کێ بوو؟ منیش ووتم: هی خۆمە. لەبەر ئەوە داوای لێکردم جارێکی تر بۆی بخوێنمەوە. کەخوێندمەوە، گەلێکی پێ خۆش بوو، وەلێی پرسیم: تۆ ئەم وەزنانە لەکوێوە ئەزانی؟ ووتم هەر بەخوێندنەوە فێر بووم. وەکو ئێستا لەبیرم بێ. ئەو شیعرە"کەئێستا دەقەکەیم لەبیر نەماوە لە(نظیرة)ی تەرجیع بەندەکەی "زێوەر" بوو کە ئەڵێ:

ئەی خونچەی ئومێدی هەموو میللەتی کوردان
بیدارەوە بەوەختی جریدبازی‌و مەیدان...هتد

کە ئێستا ئەزانم ئەوە لەسەر وەزنی "مَفعولُ مَفاعیلُ مفاعیلُ فَعُولُنْ" ە. بەڵام ئەوسا لەم بارەیەوە هیچم نەئەزانی، تەنیا ئەوە نەبێت کەبەحوکمی موتاڵای شیعری زۆر، لەڕێی گوێوە کێشەکانم لێك جیا ئەکردەوە . هەڵبەت لەوە دواش لەسەر ئەم کێشە شیعرم وتووە، تیاشیا سەرکەوتوو بووم. بەبێ ئەوەی هیچ لە زانستی "عەروز" بزانم یا بیستبێتم. واتە من لە تەمەنی (13–14) ساڵی‌یەوە شیعرم ووتووەو تەنانەت هەندێکیان پەسەند کراون کە ئەمە قۆناغی یەکەمە. لێرەدا ئەبێ بڵێم: زۆربەی ئەوانەی باسی شیعری منیان کردووە. ئاگایان لەم قۆناغە نی‌یە.

دووەم: پاش ئەوەی لەقوتابخانەی سەرەتایی دەرچووم، لەگەڵ چەند قوتابیەکی خۆمانا چووین بۆ قوتابخانەی مامۆستایان (دار المعلمین) لە بەغدا. لەوێوە دەستم کردووە بە موتاڵای کتێبی عەرەبی. وەکو لەبیرم بێ، سەرەتا لە (منفلوطی)یەوە دەستم پێکرد کە نووسەرێکی بەناوبانگی میسر بوو، لەپاش کتێبەکانی (منفلوطی) کە ئەوسا زۆر باو بوون، وەکو (نظرات)و(عبرات)و (ماجدلین)و (فی سبیل التاج)و ... هتد، ئینجا چووم بۆ کتێبەکانی (جبران)و شاعیرانی (مهجر). ئەمانە بەشێوەیەکی ئاسان و ڕەوانی ئەوتو ئەیان نووسی، کە بۆ یەکێکی وەکو ئەوسای من، سەرەتایەکی باش بوون،هەڵبەت لەدوای(جبران) زۆرتری نووسینەکانی (میخائیل نعیمە)م لا پەسەند بوو. هەر وەکو تائێستاش هەندێ لەشیعرەکانیم لەبەرە. بەلام وا ئەزانم لە ساڵانی (1938–1939) دا کتێبی (الغربال)یم خوێندەوە، هەروەها لەو دەورەدا ژمارەکانی گۆڤاری (الرسالە)م دەستکەوت کە بەتایبەتی ئەو وتارانەی لە بارەی (ڕەخنەوە) لەو گۆڤارانەدا ئەنوسرا، سەرنجی ڕاکێشام. موتالای ئەمانە، باری سەرنجیان بەرامبەر شیعر گۆڕیم. جگە لەوە ئەو گەرم‌و گوڕی‌و بێ

باکیەی جاران بۆ شیعر هەمبوون نەما. هەڵبەت ئێرە جێگەی ئەوە نی‌یە کە بەدرێژایی ئەم قسانە شی بکەمەوە یا خود ئەندازەی کارتێکردنی ئەو کتێبانە لێرەدا باس بکەم. بەڵام شتی سەرەکی ئەوەیە کە بە تایبەتی نووسینەکانی (جبران) کە بەرگێکی ڕۆمانسی‌ی نوێیان لەبەردابوو بەلای منەوە شتێکی تازەو نەبیستراو بوون، و لەو سەردەمەدا کارێکی زۆیان تێکردم. بێگومان وەکو لە پێشەکی (ڕازی تەنیایی)شدا وتوومە، ئەم قوتابخانە تازەیەی (جبران) یا قوتابخانەی (ڕۆمانسی) بەتێکڕایی، دوو لایەنی جیاوازی تیایە. لایەنێکیان زۆرتر باسی تەنیایی و خۆشەویستی و فرمێسکو خەمو پەژارە کردنەو لایەنەکەی تریان یاخی بوون و شۆڕشو پەلاماردانی باوو نەریتی سەردەمە. نموومەی یەکەمیان وەکو: (الدمعة والابتسامة) و (نحن وانتم). وە نموونەی دووەمیان وەکو (الارواح المتمرده)و (العواصف)و (الاجنحه المتكسره)و.. هتد. هەرچەندە لەکۆتایی ژیانی (جبران) دا، بیرو ڕای (وحده الوجود) لەبەرهەمەکانیدا دیارە. کەواتە ئەتوانم بڵێم من هەردوو لایەنەکەی سەردەمێك کاریان تێ کردووم. وە بۆ هەروو لایەنەکە شیعرم هەیە. واتە شیعرم هەیە پڕێتی لە کڕووزانەوەو فرمێسك، شیعریشم هەیە پڕێتی لە شۆڕشو پەلاماردان. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەگەر چی لەو سەردەمەدا شیعرم داناوە، بەڵام وەکو لەپێشەکی (ڕازی تەنیایی)دا ووتوومە کارتێکردنی ئەم قوتابخانەیە هەتا دەوری (1944)و بەرەو ژوور تریش تینی هەر ماوە. وە ئەو شیعرانەی کە بەرگی خەمو پەژارەیان لەبەردایە و لە (1944–1945)و هەتاکو (1950)یش وتوومن. زۆرتری ئەگەڕێنەوە بۆ کارتێکردنی ئەو شیعرانەی (جبران)و هاورێکانی..ڕاستە لەهەمان ساڵانی (1937–1939)، بەهۆی گۆڤاری (المجلە)ی (عبدالحق فاضل)و لەڕێی موتاڵا کردنی هەندێك لە ووتارەکانی‌یەوە، بیروڕای چەپیم بۆ یەکەم جار بەرچاو کەوت، هەر وەکو لەڕێی چیرۆکەکانی (گورکی)یەوە کە هەمان گۆڤار بلاوی ئەکردنەوە، بۆ یەکەم جار ئەدەبی ریالیزمم دی، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەمانە کەمو کورت بوون و هیچی وایان بەدوادا نەهات، ئەو بیرو ڕاو ڕێبازە تازەیە نەیتوانی جێگە بە ڕێڕەوی (ڕۆمانسی) لەق بکەن لەلای من.

هەرچەندە ئاشنایەتیم لەگەڵ ڕێڕەوی (ریالیزم) دا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1946)و دواتر، بەڵام ئاشنایەتیم لەتەك بیروڕای چەپی‌دا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1944) واتە پێشتر. ئەمەش شتێکی سەیر نی‌یە، چونکە بارودۆخی سیاسی ئەوسای عێراق، وای کردبوو کە ئەوانەی بیرو ڕایەك بڵاو ئەکەنەوە، لە پلەی یەکەمدا بایەخ بدەن بەشی کردنەوەی لایەنی سیاسی ئەو بیرو باوەڕە، پێش ئەوەی گوێ بدەنە ڕێبازە ئەدەبیەکەی. وە یا ڕەنگە شتیش لەبارەی ئەو ڕێبازەوە نووسرابێ، بەڵام تا ساڵی (1946) نەمدیوە، بەهەر حاڵ من پێش ئەوەی ڕێبازی (ریالیزم) ببینم، قوتابخانەی ڕۆمانسی کاری تێکردبووم.

وەکو لەپێشەکی (ڕازی تەنیایی)شدا ووتوومە. سەیر لەوەدایە هەندێك لەو کەسانەی‌باسی ژیانی منیان کردووە، بە پێچەوانەی ئەم قسانەوە، لایان وایە من لە قوتابخانەی باسی ژیانی منیان کردووە بەپێچەوانەی ئەم قسانەوە، لایان وایە من لە قوتابخانەی ریالیزمەوە چووم بۆ قوتابخانەی ڕۆمانسی، کە ئەمە پێچەوانەی ڕاستی‌یە وەکو باسم کرد، وە تەنها ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەو کەسانە شارەزای ژیانی من نین. لە کۆتاییدا ئەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەدەبی (مهجر) هەندێك کاری (سەلبی)شی لەمن کردووە کەلێرەدا جێگای باسکردنی نی‌یە.

پرسیار/ پرۆسەی خەڵقی شیعر لای شێوە چۆنە؟.. ئایا بەر لەنووسینی پارچە شیعرێک پرۆژەیەکتان بۆ نووسینی هەیە، یان هەر شیعرەو جۆرە (حال) لێهاتنێک دەیخولقێنێ، یان شێوەی لەدایک بوونی تری هەیە؟

وەڵام : بێگومان ڕەنگە هەر شاعیرە بەشێوەی جیاوازی شیعر دابنێ، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە هەبێ ئەوەیە کە هەر شیعرێك جۆرە حاڵەتێکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە جاری وابووە ویستوومە شیعرێك بڵێم کە (فکرە)کەی لەوە پێش لەئەنجامی (مطالعە) یان گفتوگۆ کردندا وەرم گرتووەو پاشان بڕیارم داوە شیعرێك لەسەر ئەو (فکرە) یە دابنێم. تەنانەت هەندێ ماددەشم بۆ ئامادەکردووەو چەند ڕۆژێك گینگڵم پێوە خواردووە. تا لەئەنجامدا چۆتە قاڵبێکی تایبەتیەوە. جاری وایش بووە حاڵەتێکی دەروونی یا کارتێکردنی ڕووداوێکی ناخۆش کە بووە بە هۆی پەژارەیەکی دەروونی، دەستی پێ داومەتە قەڵەمو ئەوەشدا خۆی بەڕەوانی هاتۆتە سەر قەڵەم. بگرە هەندێك جار بەجۆرێك ئەو حاڵەتەم دەربڕیوە کە لەوە پێش هەرگیز بەبیرمدا نەهاتووە، بێگومان ئەم حاڵەتانەی دوایی هەموو کاتێك دروست نابن.. بەڵام ئەگەر بۆ بزواندن و هەوێنی شیعرو سەرچاوەی ئیلهام بگەڕێین، ئەوە باسێکە جێگەی نابێتەوە.

پرسیار/ شیعر هەم موعاناتی شاعیرو هەم توانستو ئامادەگی دەیخولقێنێ، ئێوە هەندی شیعر کەلە (1946)دا بەتەواو نەکراوی جێتان هێشتوون لە (1983)دا تەواوتان کردوون.. دیارە ئەمە تایبەتمەندی‌یەکی ئەزموونی شیعرتانە بۆیە ئەگەر سەبارەت بەو ئەزموونە شتێکمان بۆ ڕوون کەنەوە. سوپاستان دەکەین.

وەڵام: پێشەکی ئەبێ بڵێم ئەمە شتێکی غەریبو تازە نیە لە جیهانی ئەدەبدا، وەکو هەندێ کەس تێ‌ی گەیشتوون. بۆ نموونە (ووردز وورث–Words Worth)ی ئینگلیزی کە شاعیرێکی ڕۆمانسی‌یە، شیعری (القبرة– کلاوکورە)ی پاش نزیکەی بیست (20) ساڵ تەواو کردووە. تەنانەت ئەگەر ئەم شێوازە لەهیچ ئەدەبێکی جیهانیشدا نەبێ نابێت بەنەنگەیەك چونکە جیهانی شیعر گەلێك فراوانترە لەوەی کە قالبێکی تایبەتی بۆ دابنرێت. هەروەها ئەو قسەیەش ڕاست نی‌یە کە ئەڵێ: گوایا شیعرێك کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕی‌و تەواو نەکرێ، یا لە کاتی خۆیدا نەووترێ، بایەخێکی نی‌یە چونکە ئەم قسەیە تەنها بۆ ئەو جۆرە شیعرە ڕاستە کە پێی ئەووترێ شیعری بۆنە (مناسبات)، وەکە (موناسەبە) کەی بەسەر چوو، نەك تەواو کردنی بەڵکو شیعرەکە خۆیشی لەڕووی مێژوویی‌یەوە، نرخێکی ئەوتۆی نامێنێ بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەو شیعرانەی کە وێنەی تەجروبەیەکی زیندوو ئەکێشن (وەکو تەجروبەیەکی عاتیفی یا فیکری وەیا هی تر)، لە هەر کاتێکدا بووترێ یان تەواو بکرێ، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە (بۆدلێر)ی فەرەنسی بەشی زۆری شیعرەکانی لەئەزموون و تاقیکردنەوەکانی منداڵی‌یەوە هەڵهێنجاوەو هیچ ڕەخنەگرێکیش ئەمەی لێ نەکردووە بەعەیب. بەپێچەوانەوە ئەم جۆرە شیعرانە ئەوە دەرئەخەن کە شاعیر (ذاکرە)یەکی زیندووی هەیە کە ئەم جۆرە تەجروبانەی تیا ئەمێنێتەوە، وە ئەتوانێ لەهەر کاتێکدا بی‌ هێنێتەوە یاد، وە هەمان هەژان و (انفعال) لە شاعیرەکەدا دروست بکات و ببێت بە هەوێنی شیعر. هەر کەسێ بیەوێ چاتر لەم باسە تێ بگات، ئەتوانی بگەڕێتەوە بۆ کتێب (النقد الادبی الحدیث) نووسینی (د.محمد غنیمی هلال) هەروەها بەپێ‌ی بیردۆزەکانی (علم النفس)یش هەندێك جار ڕەنگی دیمەنێك یا تەنانەت بۆنێکی خۆش، بۆی هەیە ڕووداوێکی لەوە پێشتر بیری شاعیرێك بخاتەوە وبی جولێنێت وە شیعرێکی باشی پێ بڵێت.

بە نیسبەت شیعری (دوو چەشن دڵداری) و (ست فاتمە)وە، لە پێشەکی (رازی تەنیایی)دا، بەشێوەیەکی سەرپێیی ئیشارەتم بۆ هەندێ مشتومڕو (مناقشە)ی ئەوسا کردووە. بەڵام لەوە ئەچێ زۆربەی خوێندەواران تێی نەگەیشتبن. بۆیە لێرەدا حەز ئەکەم کەمێك بەدرێژی لەسەری بڕۆم: ئەو سەردەمە چەند برادەرێکی خۆم کە (وەکو ئەوسای من بیروباوەڕی چەپی‌یان هەبوو) لایان وابوو کە شیعرێك پەلاماری چینە باڵاکان و ئیستعمار نەداو پڕ نەبێ لە دروشمی زەق، بەکەڵکی هیچ نایە. وە لەبەر ئەوەی شیعری دڵداری ماوەی ئەم شتانەی تێدا نیە، نابێ شاعیرێکی پێشکەوتنخواز بیڵێت تەنانەت یەکێکیان ئەیوت: گوایا (ستالین) بۆ شاعیرێکی لەو چەشنەی نووسیبوو کە دوو (نوسخە) لە دیوانەکەی بۆ چاپ بکەن! نوسخەیەکیان بۆ خۆی، ئەوی تریان بۆ خۆشەویستەکەی!.. بەڵام من باوەڕم وابوو مەرج نیە شیعر هەر ڕاستەوخۆ پەلاماری چینە باڵاکان بدات. بەڵکو زۆرجار شاعیر ئەتوانێ لە ناواخنی شیعرێکی ویژدانی و عاتیفی‌دا، زۆر چاکتر لە شیعری ڕاستەوخۆ،

شۆڕشی نائومێدی

بارودۆخی کۆمەڵایەتی بخاتە روو. بە مەرجێك ئەو بیروڕایانە بە جۆرێك نەبێ کە لەگەڵ زەمینەی شیعرەکەدا ناساز بێت. ئەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم بۆچوونە وەنەبێ شتێکی تازە داهاتووبێ یان بڵێم دژی بیروڕای (چەپی) بێت، بەڵکو شتێك بوو کە لەگەڵ بیروڕای (چەپیش)دا ئەگونجا. بۆ نموونە لەو کاتەدا گۆڤاری (الغد) هەبوو کە هی (عصبە التحرر الوطنی) بوو لە فلسطین کە وا بزانم سالانی (1946) ئەهاتە عێراق وەهی (شیوعی)یەکانی (فلسطین) بوو، وە من هەموو ژمارەکانیم ئەخوێندەوەو موتابەعەم ئەکرد. لەو گۆڤارەدا (مخلص عمرو) کە نووسەرێکی بەدەسەڵات بوو، زنجیرەیەك وتاری ئەنووسی لەژێر ناونیشانی (الادب الحی)دا. لە یەکێك لەو وتارانە، باسی شاعیرێکی بەغدادی ئەکات کە بە (ابو زریق البغدادی) بەناوبانگە و لە سەردەمی عەباسیەکاندا ژیاوە. ئەم شاعیرە لە بەغداوە ئەچێ بۆ (اندلس) بۆ لای ئەمیرێکی ئەوێ و قەسیدەیەکی مەدحی بۆ ئەبات بەڵکو خەلاتێکی باشی بداتێ ئەمیش بەو پارەیە دەسگیرانەکەی بهێنێت کە لە (بەغدا) بەجێی هێشتووە، بەلام کە ئەچێتە ئەوێ و قەسیدەکەی بۆ ئەمیرەکە ئەخوێنێتەوە، ئەمیرەکە بە تەوسەوە پێی ئەڵێت: جا تۆ لە (بەغدا)وە ئەم هەموو رێگایەت بڕیوە بۆ ئەم شیعرە؟ ئەویش زۆر دڵگران ئەبێ و بە داخێکی زۆرەوە ئەگەڕێتەوە بۆ خانەکەی. بۆ بەیانی، ئەمیر (حاحب)ەکەی ئەنێرێ بە دوایدا، کە تەماشا ئەکەن مردووە، باخەڵی ئەگەڕێن هیچی تیا نادۆزنەوە قەسیدەیەك نەبێت کە تیایدا رووی دەمی ئەکاتە خۆشەویستەکەی و ئەڵێ:

لاتعذليهِ فأن العذل يودعه
قد قلت حقا ولكن ليس يسمعه
استودع الله في بغداد لي قمرا
بالكرخ من فلك الازرار مطلعه
ودعته وبودي لويودعني
صفوا الحياة واني لااودعه
وكم تشفع بي يوم الرحيل منى
وأدمعى مستهلات وادمعه
هەتا ئەگاتە ئەوەی کە ئەڵێ:
و "للضرورة حال لاتشفعه"

واتە: تۆ راستت کرد کە وتت مەچۆ بۆ ئەو وڵاتە دوورە، چەند جار لە رۆژ جیابوونەوەدا بەسەرما گریایت و من بەقسەم نەکردیت.. وە لە کۆتاییدا ئەڵێت: گلەییم لێ مەکە چونکە ژیان هەندێك جار پیاو ناچار ئەکات. بەهەر حال "مخلص عمرو" سەرتاپای ئەو قەسیدەیە شیئەکاتەوە، وە لەسەر مەصرەعی "وللضروره حال لاتشفعه" گەلێك ئەدوێ لە ئەنجامدا ئەڵێت: ئەم قەسیدەیە هەرچەندە باسی ژیانی تایبەتی شاعیرەکەو خۆشەویستەکەی ئەکات، بەلام لە هەموو شیعرە سیاسی و نووسینەکانی ئەو سەردەمە چاکتر وەسفی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەو سەردەمە ئەکات، بگرە بە جۆرێکی وا دڵگیرانە. بۆیە وەکو لە پێشەکی "رازی تەنیایی"دا وتوومە. منیش ویستم ئەو قسەیە بسەلمێنم وە هەردوو شیعری "دوو چەشن دڵداری" و "ست فاتمە" بۆ ئەو مەبەستە دانراون.

پرسیار/ لە خوێندنەوەی پێشەکی چاپی دووەمی "رازی تەنیایی"دا ئەوە دەردەکەوێ کە خوێندنەوەو موتالاکردنی بابەتی غەیرە شیعری لە چەشنی سیاسی و فەلسەفیو مێژوویی.. هتد بەهۆی سەرەکی بزانن لە وازهێنانتان لە شیعر.. کەچی شاعیر ئیمڕۆ بۆخۆپێگەیاندن و خوپەروەردەکردن و بەرزبوونەوەی ئاستی هونەری و قووڵی دەربڕینی شیعریان، پێویستیان بەو جۆرە خوێندنەوانە هەیە ئێوە چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە ئەکەن؟

وەڵام: با لەبەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە دەست پێ بکەین. ئێوە ئەفەرموون شاعیری ئەم چەرخە، بەو جۆرە نووسین و موتالاکردنە خۆی دەوڵەمەند ئەکاو بگرە وای لێ ئەکات کە شیعرەکانی دەوڵەمەندترو بەپێزتر بێت لە هەموو روویەکەوە، ئەم بۆچوونە تەنها لە یەك حالدا راستە. ئەویش ئەوەیە کە مادەی ئەم جۆرە موتالاکردنانە "کە زۆرتری مادەیەکی زانستیانەیە"، ئەوەندە نەبێ کە "ئاسۆی خەیاڵ"ی شاعیرەکە تەسك بکاتەوە،

وەیا ڕێگەی موتاڵاکردنی شیعرو دیوانی شاعیرە گەورەکانی لێ بگرێت، چونکە وەکو "گۆران" ئەڵێ، شیعری چاك لە ئاسۆی خەیاڵێکی فراوانەوە دەردەچێت، ئەگینا پێوانەی ئەمە، لە سەدا سەد وا لە شاعیر ئەکات کە شیعرەکانی زۆرتر لە ڕێکخستن (نظم) بچێت، وە پڕی بێ لە مەعلوماتی چەور، بەڵام دوور بێت لە خەیاڵێکی فراوان و عاتیفەیەکی گەرم، ئاشکرایە ئەم جۆرە شیعرەش ڕەنگە لە ڕووی داڕشتن و مەعناوە تەواوبێ، بەڵام شیعرێکی بێ گیانی لێ دەرئەچێ کە زۆرتر لە مەعلومات فرۆشتنەوە نزیك ئەبێ، ئەمەی کە وتم بەشێوەیەکی گشتی کارتێکردنی موتاڵای ئەو جۆرە بابەتانە دروستی ئەکا.. ئەگینا ئەگەر بێینە سەر ڕوونکردنەوەی یەك بەیەکی ئەم حاڵەتانە، ئەبینین ئەوانەی ئەو جۆرە نووسینانە ئەخوێننەوە، هەموویان لەیەك ئاستدا نین. ڕەنگە یەکێك خۆی لە بنەڕەتدا ئاسۆی خەیاڵی زۆرفراون نەبێت. جگە لەوە وا دەرئەکەوێ ئێوە ئەوەتان لەبیر ئەچێ کە من لە منداڵی‌یەوە شیعرم وتووە، وە کاتێك کە چوومەتە بەغدا، هێشتا لە سەرەتای تەمەنی هەرزەکاریدا بووم. واتە بەهرەی شیعر لای من ئەو ڕەگە دوورو درێژەی نەبووە. جا ئەگەر چاوێ بە بارودۆخی ئەو زەمانەی ئێمەدا بگێڕن، ئەبینین ڕۆشنبیری ئەوسا تەنها بریتی بوو لە شیعرو چەند دیوانێکی شیعری (نالی، (سالم)، (کوردی)، (مەحوی)، (حاجی قادر)، حەریق).. لەگەڵ چەند کەشکۆڵێکی "نجم الدین مەلا".. بەڵام پەخشان و وتاری ڕەخنەو شیکردنەوەو لێکدانەوە نەبوو. بۆیە شتێکی سەیر نیە کاتێ کە چوومە بەغداو ئەو هەموو کتێب و گۆڤارو سەرچاوانەم دی کە لە کتێبخانەی "دار المعلمین"دا هەبوون. تێگەیشتم کە شیعر تاکە وەسیلەی دەربڕینی هەست و بیروباوەڕ نیە. ئەمە قۆناغی یەکەمی دوورکەوتنەوەیە لە شیعر، هەروەها خوێندنەوەی ڕەخنەی شیعریش وەکو لەمەوپێش باسم کرد، وای لێ کردم کە ئەو گەرم و گوڕی و بێ باکیەی جارانم نەمێنێو بە "حذر"ەوە ڕووبکەمە شیعر، ئەمانە بۆ ماوەیەك ساردیان کردمەوە. ئەوەتا وەکو لە پێشەکی "ڕازی تەنیایی"شدا وتوومە، لە ماوەی نێوان "1939–1944"دا تەنها یەك دوو شیعرم نووسیوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە قۆناغی یەکەمی تەمەنی شیعریمدا، ڕووی داوە لە یەك حەفتەدا زیاتر لە دوو شیعرم نووسیبێ. لێرەدا ئەبێ ئەوەش بڵێم ئەگەر ئەمانە تەنها ڕێگربوونایە لەبەردەممدا، ڕەنگە پاش ماوەیەك بەسەریاندا زاڵ ئەبووم و سوودیشم لەم خوێندنەوانەم وەرئەگرت بۆیە پێزکردنی شیعرەکانم، بەڵام ئەوەی کە هۆی سەرەکی و بنەڕەتیەو کاتی خۆی بواری ئەوەم نەبو لە "ڕازی تەنیایی"دا باسی بکەم. ئەگەڕێتەوە بۆ پاشتر. واتە ئەو کاتەی کە بە خوێندنەوەو تەجروبەی تایبەتی خۆم گەیشتمە هەندێك "قەناعەت" و بیروباوەڕکە جیاواز بوون لەگەڵ ئەو بیروباوەڕو ڕێڕەوانەدا کە ئەوسا باو بوون، وە هاتمە سەر ئەوەی هەوڵ بدەم بیان نووسم و پیادەیان بکەم، کە ئەمە لە (1951)ەوە دەستی پێ کردووە.. دیارە جست و جوو گەران و گفتوگۆو وەڵام دانەوەی ڕەخنە.. سەریان قاڵ کردم و بە تەواوی لە شیعر دووریان خستمەوە، چونکە ئەم جۆرە کارانە بە شیعر جێبەجێ ناکرێن. هەروەها ئەگەر شیعر ئەو جۆرە بابەتانەی گرتە خۆی وەکو (الفیە)ی (ابن ملك)ی لێ دێت و نرخە هونەری‌یەکەی لە دەست ئەدات. دیارە ئەمە مانای ئەوە نیە کە بەتەواوی لە ئەدەب دوور کەوتوومەتەوە. بەڵکو ئەوەندەی بوارم بووبێت کارم بۆ کردووە وەکو لەو (دراسە)یەدا دەرئەکەوێ کە لەسەر عەروز لە شیعری کوردیدا هەمەو تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە. وەکو ئاشکرایە ئەمەیان زیاتر بریتیە لە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیانەی شیعری کوردی لە ڕووی (وەزن)ەوە، هەرچەندە هەمیشە بەهۆی کاروباری ترەوە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ نەبێت بواری ئەوەم نەبووە ئیشی بۆ بکەم. وە گەلێك جار بەهۆی سەرقاڵ بوون بە ئیشی سیاسیەوە یاخود هاتنەناو شۆڕش و دەربەدەریەوە دەستم لەو پرۆژەیە هەڵگرتووە، بۆیە تەواوبوونی گەلێك دواکەوتووە تا ئێستاش بڵاونەکراوەتەوە.

لە کاتێکدا کە سەرەتای دەست پێکردنی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی (1960). لە هەموو ئەمانەش بگەڕێتەوە، ئەمە شتێکی ئاساییە کە ئەدیبێك سەرەتا شیعری نووسیبێت و پاشان بەهۆی بابەتی ترەوە لێی دوور کەوتبێتەوەو وازی هێنابێت، ئەدەبی جیهانی و تەنانەت کوردیش پڕن لە نموونەی ئەم حاڵەتە.

<u>**پرسیار/**</u> ئێوە دەڵێن «شیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانە، یان لێکۆڵینەوەیەکی باش لای من هەزار شیعر دێنێ..» ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە شیعر بایەخی نەمابێ یان شتی تر دەگەیەنێ؟

<u>**وەڵام:**</u> ئەم پرسیارە دوو تێبینی بەدوای خۆیدا ڕائەکێشێ، من لە پێشەکی (ڕازی تەنیایی)دا وتوومە: لەم قۆناغەدا.. شیعری لوتکەکان و چەند کاتێکی تایبەتی لێ دەرچێت، شیکردنەوەیەکی سەرکەوتووانە یان لێکۆڵینەوەیەکی باش بەلای منەوە هەزار شیعر دێنێ.. هتد. کەواتە من بە شێوەیەکی بێ قەیدو شەرت نەم وتووە، کە هیچ شیعرێك بەلای منەوە نیە. بەڵکو وتوومە چەند کاتێك و شیعری لووتکەکانی لێ دەرچێ، کە دیارە ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە هەر شیعرێکی باش بایەخ و جێگەی خۆی هەیە لای من، دووەم–بەشی دووەمی پرسیارەکە ڕووناك نیە. یان شتی تر دەگەیەنێ شیعر بایەخی نەمابێ لای کێ؟ لای من؟ یا چی؟.. هەروەها (یا شتی تر دەگەیەنێ) مانای، چی وەکو چی؟ بە نیسبەت کێوە؟ بەهەرحاڵ، با بێینە سەر وەڵامی ڕاستەقینەی پرسیارەکە، من، وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا وتم، لە ساڵی (1951) بە دواوە کەوتبوومە پشکین و موتاڵایەکی سەروملا، وە لە ئەنجامی ئەوانەدا گەیشتبوومە چەند قەناعەتێکی تازە کە پێچەوانەی بیروڕاو بۆچوونەکانی ئەوساکە بوون. ئەمەش وەکو باسم کرد، وای لێ کردبووم هەوڵ بدەم بۆ بڵاوکردنەوەو پیادەکردنیان. جا لەسەر گەرمی حاڵێکی وادا، دیارە شیکردنەوەیەکی سەرکەتووانە کە ئەو بیروباوەڕە لەهەر سووچێکەوە ڕووناك تر بکاتەوە، یا بەهێزتری بکات، یا حۆراکێکی تازە یا بەڵگەیەکی نوێ بداتە دەستی ئەو بیروباوەڕە، بەلای منەوە ئێستاش هەزار شیعر دێنێ. ئاشکرایە کە لە پێشەکی (ڕازی تەنیایی)دا نەمتوانیوە ئەم جۆرە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوانە (تەحدید) بکەم. چونکە وەکو خۆتان ئەیزانن، بارودۆخی ئەوێ ڕێگەی ئەوەی نەئەدا کە من بە (صراحت) ئەو قسانە بکەم. بۆیە ناچار بووم بە شێوەیەکی گشتی باسی بکەم کە ئینسانی ڕۆشنبیر ئەبێ تێی بگات.

*   *   *

<u>**پرسیار/**</u> تا ئێستا هەر ڕەخنەگر شوێن و پایەی شیعری شاعیری لەناو بزووتنەوەی شیعری سەردەمدا دەست نیشان کردووە، ئێوە ئەگەر خۆتان لە جێی ئەو ڕەخنەگرە بن، شوێن و پایەی شیعری خۆتان لە شیعری کوردیدا چۆن دەبینین؟ لە کاتێکدا کە گۆران وتوویە «هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتیە لە شیعری کوردیدا».

<u>**وەڵام:**</u> من ناتوانم ئەوە بکەم. چونکە ئینسان هەرچەندە هەوڵ بدات و بیەوێت ناتوانێت لە (زاتیەت)ی خۆی ڕزگاری بێت وەکو ئینسانێکی (مجرد) حوکم بدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وەکو ڕەخنەگرێك سەیری شیعرەکانی خۆم بکەم، ڕەنگە لە چەند شوێنێکدا دەستکاری بکەم و لێی ڕازی نەبم، هەروەکو لەیەك دوو شوێندا چەند شتێکی ورد شك ئەبەم کە تا ئێستا هیچ ڕەخنەگرێك بیری بۆی نەچووە کە ئێرە جێی باسکردنی نیە. (گۆران)یش کە وتوویەتی (قوتابخانە) مەبەستی ئەوە نەبووە کە شتێکی تایبەتی و بێ وێنەیە. بەڵکو کە ئەوترێت (قوتابخانە) مانای ئەوەیە شاعیرێکە کە (ئوسلب؟ و (شخصیە)ی لە شیعرەکانیدا دیارەو ڕەخەگر بەبێ ئەوەی پێی بڵێن ئەی

ناسێتەوە. بۆ نموونە رەنگە تا ئێستاش کەس نەزانێ کە شیعری (بۆ مامۆستا بێکەس) کە کاتی خۆی لە (گەلاوێژ)دا بلاوکراوەتەوە، هی مامۆستا (برایم ئەحمەد)ە.. بەلام من هەر کە خوێندوومەتەوە زانیومە هی ئەوەو بەخۆشیم گوتووە. شیعرەکە ئەڵێت:

ئێستەی تەماوی و لەمەو پاشی تار
باڵ ئەگرن بەجووت بۆ کۆی یادگار
ئەگەرێن بەناو هەردو شاخانا
وەك بولبول بەسەر لقی چڵانا
هەردە کش و مات چیا گشت خامۆش
گوڵ داخدارو خونچە خەزان پۆش
هەوارگە چۆڵ و هۆڵ وەك قەبرسان
گیان پەك کەوتە، دڵ دەستەوسان
ئەگەڕێنەوە کەلاوەکەی لەش
لە شادی و هیواو لە ئارام بێ بەش

دیارە ئەمەش مانای ئەوەیە کە جۆری هەڵبژاردنی وشەکان و شێوازی هەر شاعیرێکی باش، لە هەموو شیعرەکانیا دەرئەکەوێ، وە بۆیە هەر بە خوێندنەوەی شیعرەکەدا شاعیرەکە ئەناسرێتەوە. ئەمەیە قوتابخانە. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوە بڵێین کە (مامۆستا برایم) لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو شاعیرە چاکەیە، ئەبینین زۆر دەمێکە لە شیعر دوور کەوتۆتەوەو وازی لێ هێناوە. کەسیش گلەیی لێ ناکات.

پرسیار/ ئەگەر تەمەن گەڕابایەوە بۆ سەرەتای لاوی و سەرەتای دەست پێکردنی شیعر نووسین، چۆنتان مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکرد؟.. لێرەوە چ بەو شاعیرانە دەڵێن کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعریدان؟

وەلام: ئەوی راستی بێت ئەگەر بیرکردنەوەی ئێستام هەبوایە رووم نەئەگردە شیعر بەلام بۆ ئەم شاعیرانەی لە سەرەتای تەمەنی شیعریاندان، لام وایە خوێندنەوەو موتالای شیعر لە هەموو شتێك پێویست ترە. چونکە خوێندنەوەی شیعر نەك هەر ئاسۆی خەیاڵ فراوان ئەکات، بەڵکو زمانی شاعیر لە رووی وشەو (تەعبیر)یشەوەو دەوڵەمەند دەکات. لەم رووەوە شیعری شاعیرە کلاسیکیەکان وەکو بنەمای یەکەم گرنگیەکی تایبەتیان هەیە. لە رووی ناوەرۆکیشەوە، چونکە لەوەی تا ئێستا شاعیرانی کورد لە ئاستی گەورەیی و سەختی ئەو کارەساتانەدا نەبوون کە لەم دواییانەدا بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوون، هەروەها لایەنێکی گرنگیان فەرامۆش کردووە کە بە بیروڕای من پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەك هەیە. ئەویش بریتیە لە مێژووی نەتەوەکەمان، مێژووی کورد پڕە لە قارەمانیەتی و لایەنی پرشنگدار کە ئەکرێ هەر یەکە لەوانە بکرێت بە هەوێنی داستانێك، جگە لەو هەموو تەجروبە دەوڵەمەندەی کە ئەتوانرێ سەدان پەندو دەرسی گەورەی لێ وەربگیرێت و لاوانی نەتەوەکەمانی پێ گۆش بکرێت.

پرسیار/ هەندێ گۆڤارو رۆژنامە هەن، ئەمانەتی رۆژنامەگەری ناپارێزن و خۆیان چۆنیان بوێ ئاوا رەفتار دەکەن، هەر لەم روانگەیەشەوە ئێمە سەیری ئەو چاوپێکەوتنە دەکەین کە ژمارە (34)ی گۆڤاری (سروە) لە گەڵیاندا کردبوون، خۆتان لەو بارەیەوە چی دەفەرموون؟

وەلام: لە راستیدا ئەوە چاوپێکەوتن نەبوو. بەڵکو کۆمەڵێك هاتن بۆ لام بەمیوانیو گوتیان لەلایەن گۆڤاری "سروە"وە هاتووین. تەسجیلێکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، وە دەستیان کرد بە پرسیار کردن. منیش پێشەکی پێم وتن ئەم قسانە بۆ بلاوکردنەوە نیە (هەروەها پاشتریش چەندین جار لێم دووبارە کردنەوە). خۆ ئەگەر هەر بڕیاری بلاوکردنەوەشیان دا، ئەبێ کە خستیانە سەر کاغەز بۆم بێننەوە بۆ ئەوەی پیا بچمەوە. پاش هەموو ئەمانەش یەك دوو جار بەبرادەرێکی خۆیاندا هەمان قسەم لێ دووبارە کردنەوە کەچی رۆژێك لە پڕ گۆڤاری "سروە"یان بۆ هێناوم و وتیان چاوپێکەوتنی تۆی تێدایە، بەلام ئەوەی لەمانەش سەیرتر بوو ئەوەبوو کە لەژێر ناونیشانی وەلامەکانی خۆمدا خوێندمەوە. جگە لەوەی بە ئارەزووی خۆیان قسەکانیان هەڵبژاردبوو شێوە زمانەکەیشیان گۆڕیبوو. بەجۆرێك کە من قەت بەکارم نەهێناوە. ئەمەش بەداخەوە نەك هەر بێ پەیمانی و دەرچوون بوو لەو مەرجەی کە من دام نابوو، بەڵکو دەرچوونیش بوو لە "ئەمانەتی رۆژنامەگەری". وەکو ئاشکراشە یەکێك لە بنەماکانی رۆژنامەگەری ئەمانەتە.

پرسیار/ بەڕێزتان یەکێکن لەو کەسانەی کە پەیڕەوی لەو زمانە سادەو گەشە کردووە دەکەن کە لە سەردەمی بابانەکانەوە بۆتە زمانی نووسین. حەتمەن ئەمەش بنچینەیەکی زانستیانەی هەیە، بۆیە تا ئێستا هەم ماوەتەوەو هەمیش روو لە گەشەکردنی بەردەوامە، بۆیە جێی خۆیەتی کە بپرسین:

أ-بۆ ئێوە پەیڕەوی ئەو زمانە دەکەن؟

ب-ئێستا هەندێ تەقەللای تاکەکەسی و دەزگای تایبەت هەن دەیانەوێ رەوتی ئەو زمانە یەکگرتووە بە ئاقاری تردا بەرن. ئێوە چۆن سەیری ئەو جۆرە تەقەللایانە دەکەن؟

ج-نەیارەکانی ئەم شێوە زمانە، پێیان وایە کە ئەم شێوە زمانە تایبەتە بە ناوچەیەکی جوگرافی بچووك و توانای تەنینەوەی باقی ناوچەکانی کوردستانی نیە.. حەزدەکەین باری سەرنجی ئێوە سەبارەت بەم مەسەلەیە بزانین.

وەلام: پێش هەموو شتێك بابزانین زمانی ئەدەبی چۆن دروست ئەبێت؟ ئەگەر چاوێك بەمێژوودا بگێڕین، بۆمان دەرئەکەوێ کە هەمیشە شێوە زمانێك کە هەلومەرجێکی رەخساو وای لێ بکا زاڵ بێ بەسەر شێوەکانی تردا، ئەو ئەو شێوە زمانە سەرکەوتووە، ئەبێ بەزمانی ئەدەبی وە یا وەکو پێی ئەڵێن "زمانی نەتەوەیی". بۆ نموونە زمانی ئەدەبی فەرەنسی بریتیە لە (لهجە)ی "پاریس"، وەهی ئینگلیزی بریتیە لە (لهجە)ی "لندن". هەروەکو زمانی ئەدەبی "ئیسپانی"ش بریتیە لە (لهجە)ی مەدریدی. هەروەها "لهجە"ی "سەکسونی" لە ئەڵمانیادا، وە "توسکانی" لە ئیتالیادا، کە هەلومەرجی سەرکەوتنیان بەسەر "لهجە"کانی تردا بۆ رەخساوە، بەزمانی رەسمی یا نەتەوەیی ئەو نەتەوانە ئەناسرێن. زۆر دووریش نەڕۆین، زمانی فارسی و عەرەبی بە نموونە بێنینەوە، "لهجە"ی "دەری "کە زمانی فارسی ئەمڕۆیە، بنەڕەتەکەی "لهجە"ی "خوراسان و سیستان و ماوارء النهر"ە. هەروەها زمانی عەرەبی، وە یا بڵێین زمانی نووسینی عەرەبی، هەمان شێوە زمانە کە "قریش" قسەیان پێ کردووە. ئەمە وەلامێکی کورت بوو بۆ تێکڕای پرسیارەکە. بەلام ئێستا بابێینە سەر یەك بەیەکی ئەو پرسیارە لاوەکیانەی کردووتانە. لە پرسیاری یەکەمدا ئەفەرموون: من بۆچی پەیڕەوی لەو زمانە ئەکەم کە لەسەردەمی بابانەکانەوە بۆتە زمانی نووسین؟ بەلای منەوە پێش خستنی ئەم پرسیارە زۆر بەجێیە. چونکە لە حاڵێکتان پرسیوە کە ئێستا "واقع" سەپاندوویەتی، من کە لەسەرەتای منداڵیمەوە "ساڵی 1930" چوومەتە قوتابخانە، بەم شێوەیە دەرسم خوێندووە، وەك کەوتووشمەتە خوێندنەوەی شیعر، ئەو دیوانانەم لەبەر دەستدا بووە کە بەم شێوە زمانە نووسراون. ئەمە هەرچەندە خۆی رووداوێکی زۆر گرنگ نیە، بەلام راستیەکی زۆر گرنگ دەرئەخات. ئەویش ئەوەیە کە منداڵانی کورد لە کوردستانی عێراقدا -شێوەی

کرمـانجی ژووروی لێ دەرچێـت- بـەو شـێوە زمانـە دەرسـیان خوێنـدووەو پەروەردە بوون کە شاعیرانی ئەوەپێشیش شیعریان پێ وتووە. ئەم حاڵە لە بەشەکانی تری کوردستاندا نەبووەو نیە. لە کوردستانی تورکیا. لە (1925)ەوە کە (مصطفی کمال) دەستی کرد بە کۆچ پێ کردنی کـورد، هـەتا ئیمـڕۆش بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغەکراوەو بەهەموو شێوەیەك (محاربە) ئەکرێ. ئێستاش گەلێك ناوچەی کوردستانی تورکیا، ناوێرن بە کوردی قسـە بکـەن یاخود بەهۆی سیاسەتی (تـتریك)ەوە لـەبیریان چۆتـەوەو نـایزانن. لەبەرئـەوە تەنانەت حیزبەکانیش گەلێك جار ناچـار ئـەبن بـە تورکـی بنووسـن. چونکـە ئـەزانن کـە خەڵکەکـە زۆرتـر لـە تورکـی تێئـەگات. خۆئەگـەر بێینـە سـەر کوردسـتانی ئـێرانیش. ئـەوا شـتێکی ئاشـکرایە کـە لـە زەمـانی (رەزاشـا)و کوڕەکـەیدا، باوکێك نـەیتوانیوە کاغـەزێك بە کـوردی بۆ کوڕەکـەی بنووسـێت، ئەمە هەر دوو بەشە گەورەکەی کوردستانە کە حاڵیان ئاوابووە. بەڵام لای ئێمە لـە (کوردسـتانی عـێراق)دا، شـاعیران پەیتاپـەیتا بەشـێوە زمانەکـەی (نـالی) شیعریان وتوە کە لە کۆتایی میرنشینی بابانەوە سەری هـەڵداوە. هـەروەها لـە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە واتە لە (1921)ەوە هەتا ئیمڕۆ، جگـە لە کتێبی قوتابخانـەکان، سـەدان کتێـب و ڕۆژنامـەو گۆڤـار بـەم شـێوە زمانـە بڵاوکراونەتـەوە. وە لەوساوە هـەتا ئـەمڕۆ، پشتاوپشت لاوان بەم شێوە زمانـە خوێندنیان و وەرگرتوەو پێی پـەروەردە بـوون. وەنـەبێ ئەمـەش لـە چـالاکی دەوڵـەتی عێراقـەوە بێـت، بـەڵکو تێکۆشـانی خـەڵك و شۆڕشـەکانی "شـێخ محمـود" لەلایەکەوە و بەڵێنی دەوڵـەتی ئینتیداب (واتـە ئینگلـیز) و دەوڵـەتی عێراق بە (عصبە الامم) لەسەر پاراستنی مافـەکانی کـورد لەلایـەکی تـرەوە، هەمووی هاتبوونـە سـەر ئـەوەی کـە خوێنـدن لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا بەکوردی بێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەبێ بڵێم کە ئەم (لهجە)یە زمانی ماڵەوەم بووەو زمانی شیعریشم بەم شێوە زمانە پڕاوە.

هـەرچی بەشـی دوومـی پرسـیارەکەتانە، واتـە ئـەوەی کـە ئـەڵێن: هـەندێك دەسگاو کەس هەن کە ئەیانەوێت ڕەوتی ئەم شێوە زمانە بە ئاقاری تردا بەرن، لـە وەڵامـی ئەمـەدا هـەر ئـەوەندە ئـەتوانم بڵێـم کـە ئـەو جـۆرە کەسـانە، ئـەو (واقع)ەی کـە لـەوەوپێش باسـم کـردن ئەکـەن بـە ژێـر لێـوەوە، ئەمـەش هیـچ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی کوردی تێدا نیە.

1)ئەو (واقعە)ی کە لە پێشدا باسمـان کـرد، وە بـووە بـەهۆی ئـەوەی کـە (لهجـە)ی بابان لە کوردستانی عێراقدا ببێت بـە (لهجـە)ی نووسـین و شـیعر. وەنەبێ هەر تـەنیا (واقیع)ی ئـەمڕۆ بێت. بەڵکو مێژوویـەکی رابوردووشـی لە پاڵدایە. ئەویش ئەوەیە کە قوتابخانەی (نالی) و (سالم) و (کوردی)، نەك هەر لە (سلێمانی) و (کۆیـە) و (ڕەوانـدز) و (هـەولێر)ەوە تـا ئەگاتـە گـەرمیان پـەلی کێشاوە، بەڵکو لە هەورامانەوە پەڕیوەتـەوەو کاری کردۆتـە سەر (موکریـان) و قەلـەمڕەوی (ئـەردەڵان)یـش. ئەمـەش شـتێکە بـەزۆر نەسـەپێنراوە. بـەڵکو گەشەکردنێکی سروشتیە کەزۆربەی ڕۆشنبیرانی پێشوو تێی گەیشتوون. بۆ نموونـە (تایـەر بـەگی جـاف) وەکـو گـۆران بـۆی بـاس کردبـووم لەماڵـەوە بەشێوەیەك قسەی کردووە کە زۆرتر لە (لهجـە)ی (سنە)وە نزیکە. کـەچی لـە شیعرەکانیدا کتومت شێوە زمانی (نـالی) و (کـوردی) بـەکارهێناوە. هـەروەها (حاجی قادری کۆیـی) و (شێخ رەزای تاڵـەبانی)ش بەهـەمان شێوە. ئەمانـەش کەسێك زۆری لێ نەکردوون کە بەو شێوەیە بنووسن. بەڵکو خۆیـان هەستیان بەوە کردووە کە (لهجە) تەنگەبەرەکەی خۆیان، لـەکاتی شیعر وتندا فەرامۆش بکـەن. هـەروەکو فارسـەکان ئـەمڕۆ لـە پـاش (700) سـاڵ پـەیڕەوی لـە شـیعری (سعدی) و زمانی (سعدی) ئەکەن، بەبێ ئـەوەی کـەس زۆری لێ کردبن. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: بۆچی تایـەر بـەگێکی دەرەبـەگ، ئـەوەندە هەستی بە (مەسئولیەت) کردووە کە بەردێك بخاتە سەر ئەو بناغەیـەی کە (نالی)و (سالم) دایان مەزراندووە، کەچی لاوێکی ئەم سەردەمەی ئێمە هەست بەو مەسئولیەتە ناکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گـەلێك ئـەنجامی تاڵ ئەگـەیەنێت کە گرنگترینیان ئەوەیـە کـە ئـەو ڕۆشـنبیرەی ئـەمڕۆ لـە ئاسـتی ئـەو (مەسـئولیەت) و ئەرکـە گەورانەدا نیە کە ئەکەوێتە سەر شانی. هەڵبەت ئـەبێ ئەوەشم لـەبیر نـەچێ کە لە حاڵەتی زمانی فارسیدا، لهجەکەی (سعدی) قەوارەیـەکی (سیاسـی)شـی لـە پشتەوە بووە. بەڵام پەیڕەوی کردنی ئەم شێوە زمانـە، تەننها لـە چوارچێوەی قەوارە سیاسیەکەدا باو نەبووە. بەڵکو خەڵکی لە دەرەوەی ئەم

قەوارەیەش هەر پەیڕەویان لەم شێوە زمانە کردووە. لێرەدا زۆرتر مەبەستم لەو نووسەرانەیە کە لەڕووی هەست بەمەسئولیەت کردنـەوە (لهجـە)یـەك هـەڵ ئەبژێرن نەك لەژێر گوشاری (سیاسی)دا.

2-ئاشـکرایە کـە کوردسـتان هـەر پارچەیـەی کەوتۆتـە شـوێنێك، هـەر پارچەیـەی لەگـەل نەتەوەیـەکی تـردا تێکـەڵاوە کـە زمـانی لەگـەل (کـورد)دا جیاوازە. لەبەر ئەوە، (لهجەی) هەریـەکێ لـەو بەشانە، بەهۆی تێکـەڵ بوونـی لەگەل میللەتێکی جیاوازدا، تا بێت لـە وانـی تـر دوور ئەکەوێتـەوە، خۆ ئەگـەر نووسـەرانی هەریەکە لـەم شێوە زمانـەش شێوەکەی خۆیـان بکـەن بەبناغـە بـۆ نووسینی ئەدەبی و شێوەکانی تر بخەنە پشت گوێ لەوانەیە لەپاشەڕۆژێکی دووردا، هەریەکەیان ببێت بەزمانێکی سەربەخۆو دوور لەیەك مێژووش گـەلێك جار ئەم ڕاستییەی سـەلماندووە. بۆ نموونـە: زمانی ئیتـاڵی ئێسـتا بـەجۆرێك لەیـەك دوور کەوتونەتـەوە کـە هـەر یەکـەیان بـووە بـەزمانێکی سـەربەخۆی جیاواز، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسەرانی هەریەکەیان بەشێوەی خۆیان نووسیویانە کەلە سەرەتادا تا ڕادەیەك نزیکی یەکتری بوون.

3-ڕەنگە یەکێك لەم قسانە واتێبگات کەمن ئەمەوێ ئەم (لهجـە)یـەی ئێسـتا کەبەهەڵە پێی ئـەڵێن (سـۆرانی)، بەسـەر خـەڵکیدا بسـەپێنم، بـەڵام ئـەم قسـەیە ڕاسـت نیـیـە، چونکـە وەکـو لـەوەپێش ووتم (خـاڵی دوو) زمـان بـەزۆر ناسـەپێنرێ. کـەواتـە ئـەبی مەبەستم چی بی؟ دیارە مەبەسـتم ئەوەیـە کـە لـە (واقع)دا تاچ ڕادەیەك خۆی سەپاندووە، پێویست ناکات چەند (لەهجـە) یـەکی تەنگەبەری تری بۆ زیندوو بکەینـەوەو بیکـەین بـە بەرهەڵسـت لەبـەر دەمیـدا بەڵکو ئەرکی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوە ئەوەمان بەسەردا ئەسەپێنێت کە هەوڵ بدەین تا ئـەتوانین ئاوو هەوایـەکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنین بۆ ئـەوەی بتوانێ لـەو ئاووهەوایـەدا پـەروەردەببێ و پـەل بـهاوێژێ و سـەقام گـیر ببێـت. شێوەو چونیـەتی ئـەم هـەوڵ و تەقەلایانـەش لـێرەدا بـاس نـاکرێت. بـەڵام مـن نووسێنێکی درێژم هەیە لەسەر مەسـەلەی (زمانی ئـەدەبی) و ئـەو هەنگاوانـەی پێویسـتن بـۆ سـەقامگیر کردنـی ئـەم زمانـە، کەبـە داخـەوە تـا ئێسـتا بـڵاو نەکراوەتەوە. هیوادارم بتوانم کورتەیەکی بڵاو بکەمەوە.

لەبەشـی سێهەمی پرسیارەکەتاندا ئـەڵێن: نـەیارەکانی ئـەم شـێوە زمانـە، پێیان وایە کەئەم شێوە زمانە تایبەتە بە ناوچەیەکی جووگرافی بچووك و.. هتد، پێشتر دەرمانخست کەتینی ئەم (لەهجەیە) گەیشتۆتە گـەلێك ناوچـەی تری کوردستان (هەڵبەتە مەبەستم ناو خوێندەوارانی ناوچەکانی تره، چونکە ئەوەی لەپێشەوە حسابی بۆ دەکرێت خوێندەواری ناو خەڵکەکەیە). لەکاتێکدا ئەو کەسانە خۆیان هەندێك (لهجە)ی وا زیندوو ئەکەنەوە کە رچەکەی گـەلێك تەنگەبەرترە، ئەمە لەلایەك. لەلایـەکی تریشـەوە ئـەبێ ئـەوەش بزانین، مـن کـە ئەڵێم نابێ هیچ (لهجە)یەك بسەپێنین، مەبەستم ئەوە نییە کەدۆش دابمێنین و دانیشین، وەچاوەڕوان بکەین تا یەکێك لەم شێوانە خۆی سەر دەکەوێ. چونکە

قسەیەکی وا مەعنای ئەوەیە کە هیچ حسابێك بۆ ویستو ئیرادەی ئینسان نەکەین. ئالێرەدا ئەرکی خاوەن قەڵەمو ڕۆشنبیران دەرئەکەوێ. هەروەها ئەمە مانای ئەوەنییە کە (لهجە)یەك کەلە (1921)ەوە پێی نووسراوە چەند پشت خوێندەواری پێگەیاندووە، بخەینە پشت گوێو (لەهجە)یەکی تەنگەبەری تر زیندووبکەینەوە کە نەکەس پێی نووسیوەو نەکارێکی بۆ کراوە.

لەکۆتایی بەشی سێهەمی پرسیارەکەتاندا رستەیەك هاتووە، کە گوایا نەیارەکانی ئەم (لهجە)یە ئەڵێن: (ئەم شێوە زمانە توانای تەنینەوەی باقی ناوچەکانی کوردستانی نییە). ئەگەر مەبەستت لەتەنینەوە ئەوەبێت کە ئەبێت ئەم (لهجە)یە بەناو هەموو دەستەو چینەکانی کوردا بڵاوبێتەوە، ئەوا ئەم بۆچوونە پویێستی بەڕاست کردنەوەیەك هەیە. ئەویش ئەوەیە – وەکو لەپێشەوە وتم– پێشەکی ئەبێ ئەم (لهجە)یە لەناو ڕۆشنبیرانو خاوەن قەڵەمانی ناوچەکانی تردا بڵاوببێتەوە، نەك لەناو هەموو دەستەوچینەکانی نەتەوەدا. ئەمەیان لەهەنگاوی دواییدا پەیدا ئەبێ.

پرسیار/ ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین ، گەورەترین پرۆژەیەک کەبەشێک لەژیانی خۆتان بۆ تەرخان کردووە، کتێبی «عەرووز لە شیعری کوردیدا»یە.. پێمان خۆشە سەبارەت بەچۆنیەتی کەڵاڵە بوونو ئەنجام دانی ئەو پرۆژەیە پوختەیەک بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان باس بکەن.

وەڵام: وەکو ووتم، سەرەتا (تا ساڵانی 65–67یش) هیچم لەعەروز نەزانیوە (کەچی زۆربەی شیعرەکانیشم عەروزین)، تەنها ئەوە نەبێت کەبەگوێ وەزنەکانم لەیەکتری جیا کردۆتەوە.. بەڵام لەگەڵ پەیدا بوونی شیعری تازەدا، هەسم ئەکرد کە هەندێك لەو شیعرانە، ناکۆك یەتە بەرگوێمو ئاوازەکەیان نارێکە. ئەمە وای لێ کردم لەخۆم بپرسم: کێش چییە؟ هۆی نارێکی ئاوازی ئەم شیعرە تازانە چییە؟ وە .. هتد. لەمەوە کەوتمە گەڕان بەدوای کێشی عەروزو بنەماکانیو جۆرەکانی. هەرچی کتێبەکەشە. بریتییە لە (دراسە)ی شیعری تازە، هەروەها لەکۆتایی کتێبەکەدا، بەشێك تەرخان کراوە بۆ بەراورد کردنی (کێشی بڕگە)و(کێشی عەروون).

لەپێشەکی کتێبەکەشدا، بەدوور درێژی باسی چۆنیەتیو هۆیەکانی ئەو (دراسە)یەم ڕون کردۆتەوە.

پرسیار/ ئەگەر ئیجازە هەبێت، حەز دەکەین شتێکمان سەبارەت بەئەزموونی خۆت وەک شاعیر، لەناو کاری سیاسیو حیزبایەتیدا بۆ باس بکەیت.. هەروەها شاعیر تا چەند لەناو چوارچێوەی ئیلتزاماتی سیاسیو حیزبیدا جێی دەبێتەوە؟

وەڵام : ئەوەی کەلەوەپێش باسم کرد، واتە مشتو مڕو (موناقەشە) لەگەل هاوڕی چەپییەکانمدا، لەسەر شیعری دڵداری، خۆی نموونەیەکە بۆ چۆنییێنی حیزبایەتی کردنی ئەو کەسانەو نەگونجانی من لەگەڵ ئەو جۆرە (ئیلتزام)انەدا. بۆیە زۆر جار لەو ڕووەوە ناکۆك بووین. کە شیعرێکم ئەنوسیو ئەوان بەدڵیان ئەبوو، زۆریان پی خۆش بوو، و بەگەرمی پیرۆز باییان لێ ئەکردمو. بەڵام کە شیعرێکم ئەنووسی بەدڵیان نەئەبوو، هەموو پێیان ئەووتم: تۆ چۆن ئەبێ وابڵێیت؟

بەکورتی ئەبی بڵێم: شاعیر ئەبی مولتەزیم بێت بە (قضیە)ی میللەتەکەیەوە بەڵام بەو مەرجەی کە ئەو (التزامە)ی بەسەردا نەسەپێنرێو خۆی ئازادانە هەڵی بژێرێت.

پرسیار/ شوێنو ڕۆڵی شیعری کوردی لەم ڕۆژگارەدا، لەناو بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەماندا چۆن دەبینن؟.. ئەرکو لێپرسراوێتی ئەدیب لە بەرامبەر ئەم بارە ئاڵۆزو سەختەی گەلەکەمانی تێدا دەژی چۆن تەماشا دەکەن؟

وەڵام: لەناو نەتەوەیەکی ژێر دەستەو بێکەسی وەکو ئێمەدا، شاعیرانو ئەدیبان بە گشتی، ئەرکێکی گرنگیان ئەکەوێتە سەر شان. ئەم ئەرکەش دوو لایەنی گرنگ ئەگرێتەوە لەلایەکەوە ئەبی شان بەشانی چەکی پێشمەرگە، هاوبەشی تێکۆشانی نەتەوەکەمان بکەنو بەهەموو توانیەکیانەوە گیانی بەرگریو شۆڕشگێڕی لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا پەروەردەو بەهێز بکەن. چونکە تەنها لەئیسراحەتدا نووسین، کافی نییە، لەلای دوومیشەوە، ئەبێ دەنگی هەقخوازانەی نەتەوەکەمان بگەیەنینە گوێی جیهانو تاوانەکانی داگیرکەران لەبەردەمی ڕای گشتی جیهاندا ریسوا بکەین. بەڵام بەداخەوە، ئەدیبانو شاعیرانی کورد لە ئاستی سەختیی ئەو هەموو کارەساتە گەورانەدا نەبوون کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە، چونکە لەکاتێکدا کە ولاتەکەمان وێران کراوەو سەدان هەزار کورد دەربەدەر کراونو کوردستان تەعریب ئەکرێ با لەوانەش گەورەتر، لەکاتێکداکە شارێکی (70) هەزار کەسی بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە، بە چەکی قەەغەکراوی کیمیاوی شەهید ئەکرێ، ئەبووایە ئێستا سەدان(مەلحەمە)ی شیعریو شانۆی تراجیدیو ڕۆمانو.. بهاتایەبەرهەمو نەك هەر مێشکی لاوانی کوردیان بئاخنیایە، بەڵکو دنیایان لەهاوارو دەنگی کورد پڕ کردایە.

پرسیار/ حەتمەن هەندێ بیرەوەری تایبەتیت لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆتان هەیەبەتایبەتیش شاعیرانی وەک گۆرانو بێکەسو شێخ نووری شێخ صالح، بۆیە ئەگەر مشتێ لەخەرواری ئەو بیرەوەریانەمان بۆ باس بکەیت، خۆش حاڵ دەبین،

وەڵام/ بیرەوەری گەلێك زۆرەو گێڕانەوەی لێرەدا دوایی نایەت. بەڵام حەز ئەکەم شتێك لەسەر مامۆستا (بێکەس) بگێڕمەوە کەلەزمانی خۆیم بیستووە. ووتی جارێکیان لەبەغدا (خەڵەف شەوقی داوودی) هات بۆ لام وپێی ووتم با بچین بۆ لای (رەصافی)و (زەهاوی)و پێیان بڵێین ئێوە کە ئەسڵتان کوردە هیچ نەبێ شیعرێك بە کوردی بڵێن منیش رازی بوومو لەپێشەوە چوینە لای (زەهاوی)و پێم ووت: تۆ کورد نیت؟ ووتی: بەڵێ من کوڕی (مفتی زەهاوی)م لەئەسڵدا بابانین. پرسیم: ئەی بۆ بە عەرەبی شیعر ئەڵێیت؟ ووتی: چونکە پیاو بۆ نەتەوەیەکی زیندوو شیعر بڵێت چاکە. ئەوەتا من شیعر بۆ عەرەب ئەڵێم و قسەشیان پی ئەڵێم، کەچی هەر پێم ئەڵێن (استاذ).بەڵام تۆ شیعر بەکوردی ئەڵێیت پێت ئەڵێن (فایەقە کوێر). منیش ووتم: یەعنی جەنابت بۆ (مەنصەب)و پارە شیعر ئەڵێیت؟ ووتی: بەڵێ: ..جەنابت بۆ (مەجد)و شەرەف بیلێ..

پاش ئەمە چووین بۆلای (ڕەصافی)، سەرەتا (خەڵەف شەوقی داوودی) منی (تەقدیم) کردو ئەویش زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێ کردین، بەڵام دوایی کە پێم ووت: تۆ کوردیتو بۆچی شیعر بەکوردی ناڵێی، پێی بڕیم ووتی : تکا ئەکەم شتی وا مەڵێ ئەگەر بۆ ئەمە هاتوویت، بزانە کە من عەرەبم.

گۆران –لە ساڵی (1959)دا لەسلێمانی دەورەیەکیان بۆ مامۆستایانی (زمانی کوردی)ی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کردووە، لەمەکتەبی (فەیصەلیە). منو کۆمەڵێکی تری وەکو (احسان فواد)و(فەرەیدون عەلی ئەمین)و(حمەسالح سەعید)، دانرا بووین (محاضرات) یان بۆبدەین لەسەر زمانی کوردی، منیش لەگەڵ بەڕێوەبەری (معاریف)دا رێکەوتم کە هەندێ شیعری (گۆران) یان بۆ شی بکەمەوە، وە بەتایبەتی شیعری (جوانی بێناو). بێگومان گۆران (کە ئەوکاتە لەسلێمانی بوو) ئەمەی بیستبوو. رۆژێك لەبەردەرکی سەرا. تووشی خۆی بووم پاش ئەحواڵ پرسی کەتینە قسەو کۆمەڵێکی تریش لێمان کۆبوونەوە وەکو هەندێ لە مامۆستاکانی تری دەورەکەو (عەلی شەونم)و شەهید (فەتاح

ئاغا). لێم پرسی: بۆچی نایەیت گوێ لە قسەکانم بگری لە سەر شیعرەکەت؟حەز ئەکەم بۆ خۆت گوێت لێ بێت‌و ئەگەر ڕەخنەیەکیشت هەیە پێم بڵێیت. پی کەنی‌و، ووتی‌بیستومەو بیستووشمە کەباشی شەرح ئەکەیت. زۆریش حەز ئەکەم گوێم لێ بێت، بەڵام بۆم ڕێناکەوێت لەم بەینەدا، هەندی شتم لێ پرسی. پێشتر (موناقەشە) یەکم لەگەڵ (شەونم) دا بووبوو لەسەر دێڕە شیعرێکی گۆران:

هەر ئەوەندە گیرۆدەی گوڵی سووردبووم
نا شارەزاو پەپولەی دوور بەدوور بووم

من لام وابوو کە (ناشارەزا) ڕاست بێت، بەڵام عەلی شەونم ئەیوت: (تا شارەزا) ڕاستە. بەهەر حاڵ کە لە خۆیم پرسی ووتی: خۆی لەبنەڕەتدا (تاشارەزا)یە بەڵام (تا) لەبەر کێشی شیعرەکە فڕی دراوە. واتە (ناشارەزا)ماوەتەوە.

پاش ئەمە ووتم: باشە مامۆستا پرسیارێکی ترم هەیە. من لام وایە کە شیعرە سیاسیەکانی ئەم دواییەتان لەڕووی هونەری شیعریەوە، لە (مستەوای) شیعرەکانی ترتدا نین (موکو جوانی بێ ناو)، هۆی ئەوە چی‌یە؟ ووتی : تۆ چۆن وائەڵێی ؟ خەڵك زۆر لایان جوانە، ووتم: با واز لەخەڵك بهێنین، چونکە لای من ئەوە بڕاوەتەوە بەڵام ئێستا (هۆ) کەیم ئەوێ.. ماوەیەك مات بوو. پاشان ووتی: ئەوەی ڕاستی بێت، ڕەنگە ئەمە لەوەوە هاتبێ کە ئێستا زۆرتر کتێبی (ئیقتصادی)و (عیلمی)وەیا ئەوانەی کە زیاتر شێوەی (تەحلیلی عیلمی) یان هەیە ئەخوێنمەوە. ئەو جۆرە کتێبانە خەیاڵ تەسك ئەکەنەوە. خۆشت ئەزانی، شاعیر هەتا ئاسۆی خەیاڵی فراوانتر بێت شیعری باشتر ئەڵێت. (شێخ نووری)تازە (پێنج خشتەکی) یەکەم لەسەر شیعرەکەی خوالێخۆش بوو (شێخ نووری شێخ صالح) دانابوو، ڕۆژێك لە دوکانی برادەرێك یەکتریمان بینی‌و کەوتینە باسی شیعرو ئەدەب. پێ‌ی ووتم: ئەڵێن تۆ شیعرێکی منت تەخمیس کردووە، حەز ئەکەم بۆم بخوێنیتەوە. منیش شیعرەکەم بۆ خوێندەوە. کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان قەڵەم‌و کاغەزێکی دامێ‌و، ووتی توخوا بەقەڵەمی خۆت بۆم نانووسی؟ منیش بۆم نووسی‌یەوە.. لەم دواییانەدا، یەکێك لەوانەی کەخەریکی ساخ کردنەوەو ڕێکخستنی دەستنووسەکانی (شێخ نووری) بوو، وە گەلێك جار پرس‌و ڕای بەمن ئەکرد پێ‌ی ووتم کە ئەو دەستنووسەی منی لەناو شتەکانی (شێخ نووری)دا دیوەو (شێخ نووری) بەخەتی خۆی لەسەری نووسیوە تەخمیسی شاعیری ناسك حەیاڵ: (ئەحمەد هەردی).

پرسیار/ ئایا لەگەل شاعیرانی عەرەبی عێراقی‌دا بیرەوەری واتان هەیە کە بکری بۆ خوێنەرانی باس بکەن؟

وەڵام: لەڕاستی‌دا ئاشنایەتیم لەگەل شاعیرانی عەرەبیدا کەم بووە. یەك دوو جارێك لەگەڵ (عبدالوهاب البیاتی)دانیشتنمان بووە، هەروەها بەهۆی هاوڕێ‌یەکی خۆمەوە ئاشنایەتیم لەگەل (بدر شاکر سیاب)و (اکرم الوتری)دا هەبووە کە ئەمی دووەمیان شاعیرێك بوو کە ئێستا کەم ناوی ئەبیستم. ئەوسا دێوانێکی چاپ کراوی هەبوو (الوتر الجامد). بەلام زۆرتر لەهەموویان لەگەڵ (بدر)دا ئاشنا بووم. لەبیرم دێ جارێك دانیشتنێکی دوورو درێژمان پێکەوە کرد. ئەوجارە گەلێك لەشیعرەکانی خۆی بۆ خوێندمەوە. یەکێکیان مەلحەمەیەك بوو لەسەر (کۆریا) ، کە ئێستا لەناو شیعرەکانیدا وونە. پاشان داوای لێ کردم ئەگەر شیعری عەرەبیم هەیە ، بۆی بخوێنمەوە. منیش شیعری (صلوات المحب)م بۆ خوێندەوە. دوای ئەوەی شیعرەکەم بۆ خوێندەوە ، ووتی : تجربەی شیعری زۆری تێدایە. هەروەها جارێکیش بەهۆی (بدر شاکر سیاب)ەوە چوومە لای (جواهری) کە ئەوسا (الثبات)ی دەرئەکرد وە (بدر)یش نووسینی لەئینگلیزیەوە بۆ تەرجەمە ئەکرد.

پرسیار/ بەحوکمی ئەو بارو دۆخە ناهەموارەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، نووسەرانی کوردیش تووشی دابڕان‌و لەیەکتری دوورکەوتنەوە هاتوون ئینجا ئێوە چ ئامۆژگاری‌و پێشنیارێکتان لەو بارەیەوە هەیە؟

وەڵام : بەبڕوای من خاوەن قەڵەمەکان، زۆر ئیشیان پێ ئەکری بەخەڵکی تر ناکرێ ئەمەش (مبالغە نی‌یە). بەڵکو ئەگەر سەیری مێژووی میللەتان بکەین ئەبینین ئەو ژیارو (حضارە) و شارستانیەتەی کە هەیە، زۆرتری دەستکردی خاوەن قەڵەمەکانە.. ڕەنگە هەموو کەسێك ئەوە بزانێت بەبێ (فردوسی)و (سعدی)و (حافظ)، زمانی فارسی هیچ نرخێکی نەئەبوو. تەنانەت هەستی نەتەوەیی وزمانی ئەدەبی فارسیش قەرزاری ئەو سێ ئەدیبە گەورەیەن. ئەمەش شتێکە پێویستی بەسەلماندن نی‌یە. بۆیە لام وایە، کە ئەوانەی قەڵەمیان هەڵگرتووە، ئەرکێکی پیرۆزیان لەسەر شانە، بەمەرجێك لە ئاسۆیەکی ڕوانینی فراوانەوە سەیری مەسەلەی کورد بکەن‌و بەسنگێکی فراوانەوە گوێ لەیەك بگرن ئەگەر دەستەو تاقمەکانی تر چاویان لێ بپۆشری، ئەمان هەرگیز چاویان لێ ناپۆشرێ، ئەگەر نەتوانن خۆیان (وخەڵکیش)) بەرز بکەنەوە بۆ ئاستێکی فراوانتر دوور لە شەرە قۆچی حیزبایەتی و شەرە شەقی تەسك بینی .

بەبڕوای من کرنگترین شت ئەوەیە کە پێویستە لەم ڕۆژەدا پێش هەموو شتێك بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد بەرچاو بخەن. کەزیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە تەنگانە دایە. وەڵام وایە کە ئەمڕۆ، ئەرکی گەورەی سەرشانیان ئەوەیە کە نەك هەر هەموو ڕیزەکانی نەتەوەکەمان هۆشیار بکەنەوە، بەڵکو ئازارو ئاواتەکای کورد بگەیەننە هەموو دنیاش. جگە لەوەی کە پیرۆزترین وگەورەترین ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە کە بە هۆشیاری و سنگێکی فراوانەوە تێ بکۆشن بۆ دروست بوون باخود ڕێگە خۆش کردن بۆ دروست بوونی زمانێکی نەتەوەیی ئەدەبی.

تێبینیەك لەسەر پرسیاری سێ‌یەم:

پ: 3

*لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی وام لەبەردەستدا نی‌یە. لە بابەت ئەم شعرەوە پشتم بە (ذاکرە)ی خۆم بەستووە. بەڵام وا دەرئەکەوێ زۆر شتم لە بارەیەوە لەیاد چووبێ. بەڵام ئەوەندە هەیە Words Worth لە کاتی لاوێتیدا شیعرێکی بەناوی (قۆبەرە)وە نووسیوە. پاش (20) ساڵ. شیعرێکی تر بەهەمان ناونیشان واتە (قوبەرە) دەنووسی. جا ئەمە نەك هەر تەنها لای ئەم شاعیرە وایە، بەڵکو حاڵاتی واو لەمەش زیاتر لە شیعری شاعیرە "ڕۆمانتیکیە"کاندا ڕوویداوە، کە لە دەرفەتێکی تردا باسی دەکەم و نموونەی باشتریشی بۆ دەهێنمەوە ئەگەر ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە دەستم بکەوێت.

*ئەم چاوپێکەوتنە لەلایەن برای شاعیر-محەمەد حەمە باقی-یەوە سازدراوە. لە گۆڤاری (نوسەری کوردستان) ژمارە (16)ی پایزیی 1989- دابڵاوکراوەتەوە.

ماموٚستا ئەحمەد هەردی:

(کەڕازی ((دەم)) و ڕازی ((چاو)) یەك دەگرنەوە)

((دەم))ێ خواوەنـدی دڵـداری، بـەگوێیا گـەر بچرپێنـێ،
مەگـەر ئەوسـاتە بـۆی بلـوێ کەچـەند ڕازێ.. بدرکێنـێ..

بـەڵام "چـاو"ێ هـەزارو یـەك نـهێنی تیـا قـەتیس مـاوە،
ئەگـەر ڕازێکـی هـەڵبێنی، هـەزارت هەڵنـەهێناوە..

وەلی وێنەی ((دەم)) و ((چـاو))ێ کەهـەردوو ڕوو لەیـەکتر کـەن
هـەموو ڕازێکـی درکـاوو نـەدرکاوی دەرون دەرخـەن؛

بـەواتا: ڕازو خوازێکـە، بەقـەت پانـایی دنیایـێ..
بـەواتا: عەشـقی دێرینـێ، کـەکۆتایی بـەهیچ نایـێ..

لەندەن 1998/9/17

__تێبینی__: **ئەم شیعرە دوا بەرهەمی ماموٚستای شاعیر (هەردی)یەو لەسەر داخوازی هونەرمەند کاك (ڕێبوار سەعید) نوسراوە.**
شیعرەکە تایبەتە بە یەکێك لەتابلۆکانی پڕۆژەی (وشەو ڕەنگ)ی هونەرمەندی ناوبراو.

ژمارەی داهاتوو
تایبەتە بە دەرهێنەری
ناوداری سینەما
یەڵماز گۆنای


ماموٚستا رەئوف!

دوای هەموو شتێ هیوام وایە لەو تێبینیانە دڵگیرنەبی کە پیشانم داوە. هەرچەندە دوورنیە هەندێکیشیان - بەتایبەتی ئەوانەی کە تێ نەگەیشتنی خۆم تیا پیشان داوە - ئەلێم دوور نیە ئەوانەش زۆریان وانەبن، وە رەنگە ئەگەر چاوم بە خۆتان بکەوێ وە مەبەستی ئەو ربا عیانەم تێ بگەیەنیت، سەرنجم بگۆڕێ.

هەرچۆنێ بێت، تێکڕا گەلێکیان جوانن وە گیانێ شیاویان تیایە. بەلام داخەکەم من ئەم توانیەم نیە لەسەریان بنوسم وە ناسەی جوانیان شرح بکەم، تەنیا ئەوەندە پیا گەیشتم کە هەندێکیان وردە سەرنجێکن، تەنیا لەوانە بدەم کە لەوە بەکرد بە دڵم نیە.

ئیتر هیوای سەرکەوتنتان ئەکەم وە داوای لێبوردن

براتان،
ئەحمەد هەردی
١٩٧٨/١/١